ژمارە (539) دووشەممە 2019/1/21 - 1ی ڕێبەندان 2718 (750) دینار

# کوڕی بەرپرسێک لە زاخۆ 300 هەزار دۆلاری کرێکاران دەخوات

**رووداو– زاخۆ**

سەرمایەدارێکی شاری زاخۆ کە کوڕی بەرپرسێکە، پارەی نزیکەی 40 کرێکاری لایە و نایانداتێ. کرێکارەکانیش لە دادگا سکاڵایان تۆمارکردووە. ئەو سەرمایەدارە لە ساڵی 2014 لە سەنتەری شاری زاخۆ خەریکی دروستکردنی مۆڵێکە، بەڵام نزیکەی ساڵێکە کارکردن لە مۆڵەکە وەستاوە و پارەی ئەو کرێکارانەشی نەداوە کە کاریان لە مۆڵەکەدا کردووە.

سەردار سەلیم کە نوێنەری کرێکارەکانە بە (رووداو)ی گوت :"سەرەتا لە پارەدان کێشەی نەبوو، بەڵام دواتر بەرە بەرە پارەکەی دوادەخست تا کێشە کەوتە نێوانمان". سەردار دەڵێت متمانەیەکی زۆر بە سەرمایەدارەکە هەبووە و تەنانەت چەند جارێک لە گیرفانی خۆی پارەی داوەتە کرێکارەکان، بەڵام ئێستا کە داوای مافی خۆی دەکات، هەڕەشەی لێدەکات.

سەردار، بڕی ئەو پارەیەی ئاشکرا کرد کە سەرمایەدارەکە قەرزداریانە و گوتی :"نزیکەی 300 هەزار دۆلاری 40 کرێکاری لەلایە. 20 سکاڵامان لەسەر تۆمارکردووە و فەرمانی گرتنی هەیە، بەڵام کەس دەستگیری ناکات".

نیوار عەبدی، پارێزەری سەرمایەدارەکە دەڵێت :"پارەکە 260 هەزار دینارە، ئەوان سکاڵایان تۆمارکردووە و ئێمەش چاوەڕێی دادگا دەکەین، بڕیارە لەبارەی کەیسەکە بدات".



مەجید نیزامەدین گلی:

**سیناریۆ و نهێنییەکانی پشت ناوچە ئارامەکەی سووریا** 18

ماموستا جەعفەر:

**کۆنگرەی چوارەمی (ی.ن.ک) و ئەفسانەی هەڵسانەوە** 14

**لە دوو قوتابخانەی حکومی پارەی خوێندن لە قوتابیان وەردەگرن** 2

# یەکێتی داوای ڕێککەوتنێکی چوار ساڵی لە پارتی دەکات

**رووداو – سلێمانی**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، داوای ڕێککەوتنێکی چواری ساڵی لە پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە،بۆ ئەوەی بیکەنە بنەمای بەشداری لە حکومەت. بەرپرسێکی پارتیش دەڵێت "دەبێ بزووتنەوەی گۆڕانیش لە نێو ڕێککەوتنەکەدا بێ".

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە شاری سلێمانی کۆببنەوە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی نێوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ئاشکرا دەکات کە شاندی پارتی بۆچوون و سەرنجی خۆیان لەبارەی ئەو نەخشەڕێگایەی پێشتر لە هەولێر پێیاندرابوو، دێننەوە بۆ یەکێتی.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت، حیزبەکەی بە خوێندنەوەی چوار ساڵی داهاتوو بڕیاری داوە ئەو نەخشە ڕێگایە بۆ ڕێککەوتنێکی نوێ ئامادە بکات لەگەڵ پارتی "دەبێ مامەڵەیەکی هاوبەش لەگەڵ پرس و پەیوەندییە دەرەکییەکان بکرێت، مامەڵەیەکی هاوبەش لەگەڵ بەغدا و ناوچە کوردستانییەکان بکرێ، هەماهەنگی لە پەرلەمانی کوردستان دروستبکرێ، سندوقی داهاتە نەوتییەکان دابمەزرێنرێ، دادگایەکی باڵا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسی و ئیدارییەکان دروستبکرێ".

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیش دەڵێ هیچ بەرەوپێشچوونێک بەدی نەهاتووە بۆ ئەوەی بچینە نێو وردەکارییەکانی پێکهێنانی حکومەتەوە "ناکۆکی گەورەمان لەسەر بەرنامەی هاوبەشە بۆ 4 ساڵی داهاتوو کە چۆن هەرێمی کوردستان بەڕێوەببەین و پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دراوسێ چۆن بن".



هەروەها نووری حەمە عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، دەڵێ پارتی کار لەسەر ئەوە دەکات یەکێتی وەک هاوبەشێکی راستەقینە بەشداریی حکومەت بکات :"ئەو ڕێککەوتنەی ئێمە لەگەڵ یەکێتی دەیکەین، دەبێ گۆڕانیشی تێدابێت و بەپێی بەرژەوەندی خەڵکی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکان بنووسرێتەوە، ئێمە ڕێککەوتنی لەو شێوەیە بەگرنگ دەزانین، بەڵام حەتمەن پارتیش دید و سەرنجی خۆی هەیە بۆ ڕێککەوتنەکە".

3

ژمارەیەکی زۆر سیقی پێشکەش کراون

# گۆڕان داوای پۆست لە نێو ئەنجوومەنی ئاسایش دەکات

**رووداو – سلێمانی**

ئەندامێکی جڤاتی نیشتیمانی بزووتنەوەی گۆڕان ئاشکرای دەکات کە لە دانوستاندنەکانیان لەگەڵ پارتی داوای پۆستیان لە نێو ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کردووە. ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتیش دەڵێت کێشەیان لەگەڵ پێدانی پۆست بە گۆڕان لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا نابێ.

بزووتنەوەی گۆڕان دوو لێژنەی پێکهێناوە، یەکێکیان تایبەتە بە کارنامەی حکومەت و ئەوەی دیکەشیان تایبەتە بە دەستنیشانکردنی ئەو پۆستانەی کە گۆڕان لە کابینەی نوێدا وەری دەگرێ.

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاریی دۆخەکە و ڕەوتی دانوستاندنەکان نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەبارەی شاندی پەیوەست بە پۆستەکانەوە کە پێکهاتوون لە هەریەک لە ئاراس وەلی و دانا عەبدولکەریم و عەلی حەمەساڵح، دەڵێ: "ئەوان پێشتر رووپێوی هەموو پۆستە گەورە و بچووکەکانی هەرێمی کوردستانیان کردووە. 12%ی پۆستەکانی هەر وەزارەتێک لە بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرەکان و بەرپرسی بەشەکان، هەروەها لەنێو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش داوای 12%ی پۆستەکان کراوە".

هەروەها ئاشکرای کرد "بزووتنەوەی گۆڕان داوای کردووە لەنێو ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، پۆستێکی پێبدرێت کە لە پلەی سێیەمی پۆستەکانی نێو ئەنجوومەنەکەدا بێت، هەروەها لە نێو وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگەش پۆستی بەڕێوەبەری گشتی بێت. بەشداریمان لەنێو ئەو دوو وەزارەتە و ئەنجوومەنی ئاسایش هێڵی سووری گفتوگۆکانمانە لەگەڵ سێ وەزارەتی خزمەتگوزاری و پۆستێکی باڵا".

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، داخوازی بزووتنەوەی گۆڕانی بە قورس نەزانی بۆ ئەوەی لەنێو ئەنجوومەنی ئاسایش پۆستیان پێبدرێ :"بەڵام ئەوە پەیوەستە بە ڕەوتی گفتوگۆکان و بەرکەوتەی هەڵبژاردنەوە و پارتی هێڵی سووری لەسەر شتەکان نییە".

3



بیرمەندێکی عێراقی:

# بەرهەم ساڵح بڕوا ناکات بووەتە سەرۆککۆمار

**رووداو – هەولێر**

حەسەن عەلەوی، بیرمەندی عێراقی ڕەخنە لە ئەدای بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق دەگرێ و دەڵێت "بەداخەوە ئەو چەند مانگەی رابردوو کە بەرهەم ساڵح سەرۆکایەتی کۆماری عێراقی بەڕێوەبردووە، بریتی بووە لە ژمارەیەک نائومێدی، هێشتا بڕوا ناکات کە سەرۆککۆمارە".

حەسەن عەلەوی 83 ساڵ، کە ئێستا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە، لە هەڤپەیڤینێکدا لە بارەی سەروەری عێراق و هاتنە نهێنییەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ عێراق دەڵێت "ترەمپ ڕێز لە سەروەریی عێراق ناگرێت، چونکە نیشانەی پرسیاری لەسەر سەرکردەکانی عێراق هەیە". هەروەها لەبارەی هەڵوێستی سەرۆککۆماری عێراق لەوبارەیەوە گوتی :"بەرهەم ساڵح هیچ هەنگاوێکی گرنگی نەناوە سوودی بۆ سەروەریی عێراق هەبێت. یان هەنگاوێک ببێتە مایەی ڕێزگرتن لە سەروەریی عێراق".

حەسەن عەلەوی وەسفی بەرهەم ساڵحی کرد کە لە ماوەی رابردوودا سەردانی کردووە و پاراستوویەتی و ماڵەکەی بۆ وەرگرتووەتەوە کە یەکێتی لە بەغدا دوای ساڵی2003 دەستیان بەسەرداگرتبوو، بەڵام ڕەخنەی زۆری لێدەگرێت لەبارەی ئەرکی سەرۆککۆماری، تەنانەت گوتی "زێدەڕۆیی کرد لە سەردانی وڵاتان و پەیامی بۆ ناردن بەوەی کە دەیەوێت سەردانیان بکات، یەکێک لە دەوڵەتەکان پێیانگوتم ئێمە ئامادەنین پێشوازی لێبکەین".

حەسەن عەلەوی نزیکی لە ئێران پێ باشترە وەک لە ئەمریکا، چونکە بڕوای وایە "ئەگەر ئێران نەبووایە، تاوەکو ئێستا پێنج تا شەش شەڕی نێوخۆیی شیعە و شیعە ڕوویاندابوو". هەروەها دەڵێت :"ئێران تاکە زامنە بۆ سەرهەڵنەدانی شەڕی نێوان شیعە و شیعە".

4

ژنان 12

## مەلایەک لە مزگەوتەکەیدا ژنان بە فرەژنی رازی



کۆمەڵایەتی 13

## مولازمێکی پێشمەرگە خۆی دەکوژێ

ئابووری 8

## شارەوانیی هەولێر بایی 3.6 ملیار دۆلار زەویی روکن و نایاب دەفرۆشێ



تاراوگە 11

## وێنەی ژن و منداڵێکی کورد ئیتاڵییەکانی گریاند





### قۆرخکارانی غاز لە هەولێر دەستگیرکران

**ڕووداو-هەولێر**

نەبەز عەبدولحەمید، قائیمقامی ناوەندی هەولێر ڕایگەیاند، دوای بەدواداچوونیان بۆ هۆکاری گرانبوونی نرخی غاز بۆیان دەرکەوتووە "غازی زۆر لە کۆگای بازرگانەکان هەبووە"، بۆیە چەند کەسێکیان لەسەر گرانکردنی غاز دەستگیرکردوون. لە کاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەی مژاری ڕادیۆی ڕووداو، نەبەز عەبدولحەمید گوتی:"بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی پارێزگاری هەولێر دەست بە بەدواداچوون بۆ هۆکاری گرانبوونی غاز کراوە، چەند کەسێکیان بەهۆی قۆرخکردنی غازەوە دەستگیرکردووە. هەروەها چەند شوێنێکی فرۆشتنی غاز داخراون". گوتیشی "داوامان لە سەرجەم قەزا و ناحییەکان کردووە بە وردی چاودێری نرخی غاز بکەن، ئەگەر لە نرخی دیاریکراوی خۆی زیاتر فرۆشرا، دەبێ دەستبەجێ فرۆشیارەکە دەستگیربکرێت".

## دوو ساڵە قوتابی وەردەگرن

# دوو قوتابخانەی حکومی ساڵانە 500 ملیۆن دینار لە قوتابیان وەردەگرن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

بەبڕیاری وەزارەتی پەروەردە، ماوەی دوو ساڵە دوو قوتابخانەی حکومی لە هەولێر، کرێی خوێندن لە قوتابییەکانیان وەردەگرن. خوێندن لە هەموو قوتابخانە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بێ بەرامبەرە، بەڵام قوتابییەکانی ئەم دوو قوتابخانەیە دەبێت ساڵانە ملیۆنێک دینار وەک کرێی خوێندن بدەن.

هەردوو قوتابخانەی هەولێری ئینگلیزی بەهرەداران و ڕۆژاکی ئێواران لە هەولێر، ماوەی دوو ساڵە دەوامی ئێوارانیان کردووەتەوە و ساڵانە ملیۆنێک دینار وەک کرێی خوێندن لە هەر قوتابییەک وەردەگرن، یەکێک لە قوتابییەکانی قوتابخانەی هەولێری ئینگلیزی بەهرەداران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هەرچەندە قوتابخانەکە ئەهلی نییە، بەڵام ساڵانە ملیۆنێک دینار لە قوتابیان وەردەگرن، پارەکە بە قیست دەدرێت، لە سەرەتای خوێندن 500 هەزار دینار و نیوەکەی دیکەشی دواتر دەدەین".

ئەو دوو قوتابخانەیە دەوامی بەیانیانیشیان هەیە کە خوێندن تێیدا بێ بەرامبەرە، ئەو قوتابییە دەڵێ: "ئەوەی سەیرە ئەوەیە مامۆستاکان هەمان مامۆستان، باڵەخانەی قوتابخانەکە هەمان قوتابخانەیە، بەڵام یەکێکیان بە پارە و ئەوەی دیکەیان بێ بەرامبەرە، ئەمەش جۆرێکی دیکەیە لە بازرگانی و بەدەستهێنانی پارە لەلایەن چەند کەسێکەوە".

بەگوتەی ئەو قوتابییە، بەناوی جۆراوجۆرەوە پارەی دیکەش لە قوتابیان وەردەگیرێت، ئەو گوتی: "پاس و تاکسی بۆ هاتوچۆی قوتابییەکان لەلایەن کۆمپانیایەکەوە دابینکراوە، من مانگانە 80 هەزار دینار وەک کرێی هاتوچۆ دەدەم، هەندێک قوتابی زۆر لەوە زیاتریش دەدەن".

بڕیارەکەی وەزارەتی پەروەردە لەبارەی خوێندنی ئێواران هەر لە سەرەتاوە ڕووبەڕووی کێشە بووەوە، ئەو قوتابییە دەڵێت: "بەهۆی ئەو ناڕەزایەتیانەی لەسەر بڕیارەکە هەبوو، ویستیان پاشگەز ببنەوە و نەیکەنەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر قوتابی خۆیان ناونووس کردبوو، پارەشیان دابوو، بۆیە بەردەوام بوون".

بەڕێوەبەری یەکێک لەو قوتابخانانە پێیوایە بڕیارەکە جێبەجێ ناکرێت و قۆناغ بە قۆناغ بەرەو داخستنی ئەو قوتابخانانە دەچن، مامۆستا شیرین عەبدولحەمید ئەحمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕۆژاکی نموونەیی لە هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت: "کردنەوەی خوێندنی ئێواران بە بڕیاری وەزارەت بووە، هۆکاری بڕیارەکەش لەبەر بەرژەوەندی گشتی بوو، بەڵام دیارە دوای کردنەوەیان، ناڕەزایەتی هەبووە، بۆیە ویستیان دایانبخەن، بەڵام قوتابییەکی زۆر وەرگیرابوون، بۆیە نەیاندەزانی چی لە قوتابییەکان بکەن، بیریان لەوە کردەوە بە چەند ساڵێک کۆتایی پێبهێنن، ئەمساڵ لە قۆناغی حەوت نەماوە، ساڵی داهاتوو، قۆناغی هەشت نامێنێت، واتە چوار ساڵی دیکە هیچ قۆناغێک نامێنێت و بەتەواوەتی دادەخرێت".

زۆربەی قوتابییەکانی ئەو دوو قوتابخانەیە منداڵی بەرپرس و دەوڵەمەندەکانن، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ڕۆژاکی نموونەیی دەڵێت: "قوتابخانەکان حکومین نەک ئەهلی، بەڵام پارە وەک کرێی خوێندن لە قوتابییەکان وەردەگیرێت، وەکو ئەوە وایە دەوامی دووەمی ئەو قوتابخانانە بێت، لە قوتابخانەکەی ئێمە 120 قوتابی دەخوێنن و ساڵانە بە چوار قیست کرێی خوێندنیان لێوەردەگرین کە بڕەکەی ملیۆنێک دینارە بۆ هەر قوتابییەک، بەڵام نزیکەی 20 قوتابی لەوانە کە منداڵی پێشمەرگە و شەهیدن، یان منداڵی خێزانێکی هەژارن، هیچ پارەیەکمان لێوەرنەگرتوون".

سەبارەت بە داهاتی ساڵانەی ئەو دوو قوتابخانەیە کە نزیکەی 500 ملیۆن دینار وەک کرێی خوێندن لە قوتابیان وەردەگرن، مامۆستا شیرین عەبدولحەمید ڕایگەیاند: "ئەو پارەیە لە پێدانی کرێی وانەگوتنەوەی مامۆستاکان، نۆژەنکردنەوەی قوتابخانە و نەهێشتنی کەموکوڕییەکانی خەرجدەکرێتەوە، من و پەروەردەش نەمانتوانیوە سوود لەو پارەیە وەربگرین بۆ خۆمان، چونکە قوتابییمان کەمە".

کادیرێکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە وەک خۆی دەڵێت بەوردی ئاگاداری کاروباری قوتابخانەکانە، بە (ڕووداو)ی گوت: "بە هەردوو قوتابخانەکە نزیکەی 500 ملیۆن دینار تەنیا بۆ کرێی خوێندن لە قوتابییەکان وەردەگرن، دەڵێن بۆ نۆژەنکردنەوەی دوو قوتابخانەکە و مامۆستاکانیان خەرجدەکرێت، بەڵام پارەکە زۆر لەوە زیاترە. مامۆستا هەیە مانگانە ملیۆنێک دینار وەردەگرێت، مامۆستاش هەیە نیوەی ئەوەی پێدەدرێت، لەکاتێکدا وەکو یەکدی وانە دەڵێنەوە".

(ڕووداو) پەیوەندی بە چەند بەرپرسێکی وەزارەتی پەروەردەوە کرد، بەڵام هەریەکەیان بە بیانووی ئەوەی کە پەیوەندی بە ئەوانەوە نییە یان ئاگادارنین، وەڵامیان نەدایەوە.

## وەزارەتی پەروەردە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات

# لە هەولێر کێشە دەکەوێتە نێوان قوتابیان و بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

قوتابیان و شوفێری پاسەکانی ئامادەیی (ش)ی کچان لە هەولێر، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان تۆمەتبار دەکەن بەوەی لەپێناوی بەدەستهێنانی قازانجی مادەی، هەوڵ بۆ لەکەدارکردنی کەسایەتییان دەدات و چەند قوتابییەکی هانداوە بۆ ئەوەی دەنگۆ بڵاوبکەنەوە کە شۆفێری ئەو پاسانەی هاتوچۆیان پێدەکەن، گێچەڵی سێکسییان بە قوتابییەکان کردووە، وەزارەتی پەروەردەش لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە دەکات.

قوتابیانی ئامادەیی (ش)ی کچان دەڵێن چەند قوتابییەک لەلایەن بەڕێوەبەرەکەیانەوە هاندراون بۆ ئەوەی تۆمەتی گێچەڵی سێکسی بخەنە پاڵ شۆفێری ئەو پاسانەی هاتوچۆ بە قوتابییەکان دەکەن، یەکێک لەو قوتابیانە بە (ڕووداو)ی گوت: "زیاتر لە مانگێک پێش ئێستا بەڕێوەبەری قوتابخانەکە هەوڵیدەدا ڕازیم بکات تاوەکو ئەو دەنگۆیە بڵاوبکەمەوە کە شۆفێری پاسەکان گێچەڵی سێکسیمان پێدەکەن، بەڵام من ڕازی نەبووم، چونکە ئەوان چەند ساڵە هاتوچۆمان پێدەکەن نەک هەر ئەو کارانە ناکەن، بەڵکو شوفێرەکان هەندێکجار لە باوک و برامان زیاتر ئاگایان لە ئێمەیە".

ئەو قوتابییە پێیوایە بەڕێوەبەرەکەیان مەرامێکی تایبەتی هەبووە و دەڵێ: "بەڕێوەبەرەکە دەیویست من بکاتە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆی، چونکە ئەو دەیویست ئەو شۆفێرانە نەمێنن و لەبری ئەوە کۆمپانیایەک بهێنێ کە لەگەڵی ڕێککەوتبوو هاتوچۆ بە قوتابییەکان بکات و خۆشی پشکی هەبێ لەو پارەی لە ئێمەی وەردەگرن".

قوتابییەکی دیکە بە داواکاری بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی ڕازی بووە، بەڵام ئێستا پەشیمانە و دەڵێ بەڕێوەبەرەکەم بەهەڵەیدا بردم: "چەند ڕۆژێک پێش ئێستا پەیامنێری کەناڵێک هاتبووە قوتابخانەکەمان، من تاقیکردنەوەم هەبوو کە هاتمە دەرەوە، بەڕێوەبەرەکە پێیگوتم بڕۆ قسەیان بۆ بکە و بڵێ پاسەکان بۆ مەبەستی خراپ پەردەیان لێداوە، گوتی ئەگەر ئەو قسانە بکەی من دەرتدەچوێنم، نازانم چۆن قبوڵم کرد و قسەم کرد".

کچە قوتابییەکە کە ئێستا لەبەرامبەر هاوڕێکانیدا شەرمەزارە، گوتی: "بەڕێوەبەر ئەو هەڵەیەی پێکردم، ئێستا ڕووم نییە بچمەوە ناو ئەو پاسە و لەبەردەمی قوتابییەکان ناشیرین بووم، قوتابییەکان هەڕەشەم لێدەکەن و دەڵێن بەهۆی قسەکانی تۆوە لە ماڵەوە تووشی کێشە بووین. من هیچ هەڵسوکەوتێکی ناشیرینم لە شۆفێری پاسەکان نەبینیبوو".

شوفێری پاسەکان دەڵێن چەند جارێکە بەڕێوەبەرەکە داوای پارەمان لێدەکات، فوئاد ئەحمەد، شوفێری یەکێک لە پاسەکان گوتی: "ئێمە 19 شوفێرین، چەند ساڵێکە هاتوچۆ بە قوتابیانی ئەم قوتابخانەیە دەکەین، سێ ساڵە کێشەمان لەگەڵ بەڕێوەبەرەکە هەیە. ئەو داوای پارەی لێکردین و گوتی سێ مامۆستای وانەبێژ دەهێنمە قوتابخانەکە و دەبێت ئێوە پارەکەیان بدەن، گوتمان پارە نادەین، ئێمە بۆ خۆمان کاردەکەین نەک خەڵک، بەڵام ئەو چوو بەڵێندەرێکی هێنا بۆ ئەوەی هاتوچۆ بە قوتابییەکان بکەن، چونکە کۆمپانیاکە لەبەرامبەر گواستنەوەی هەر قوتابییەک 5 بۆ 10 هەزار دیناری دەدەنێ".

> **بەڕێوەبەرەکەمان ئابڕووی 700 قوتابی بردووە**
> قوتابییەک

> **ئەوانە چەند قوتابی و مامۆستایەکی تێکدەرن**
> بەڕێوەبەری قوتابخانەکە

شۆفێرەکان چەند جارێک لەلای پەروەردەی هەولێر سکاڵایان لە بەڕێوەبەرەکە کردووە، فوئاد گوتی: "لە پەروەردەی ناوەند و پەروەردەی گشتی سکاڵامان لەسەر کردووە، بەڵام کەس بەدەممانەوە نەهات، کە زانی سکاڵامان لێکردووە، کەناڵەکانی هێنا و چەند قوتابییەکیشی تێگەیاندبوو بۆ ئەوەی بڵێن شوفێرەکان گێچەڵی سێکسیمان پێدەکەن و پەردەیان بە جامی پاسەکانەوە هەڵواسیوە، بۆ ئەوەی قسە بۆ شوفێری پاسەکان هەڵبەستن و ناومان لەکەدار بکەن".

دوای ئەو دەنگۆیە، کەسوکاری بەشێک لە قوتابییەکان ڕێگری لە کچەکانیان دەکەن بچنەوە قوتابخانە، یەکێک لەو قوتابیانە بە (ڕووداو)ی گوت: "کەمتر لە دوو مانگمان ماوە، بەڵام باوکم دەڵێ نابێ چیدیکە بچیتەوە ئەو قوتابخانەیە و بخوێنی، حەق بە ماڵەوەش دەدەم، ئاخر چ ویژدانێک قبوڵی دەکات کە ئەو بەڕێوەبەرە ئەم بوختانەی بۆ کردین؟ ئەو ئابڕووی 700 قوتابی بردووە، ئێستا هاوڕێکانم بە تانەوە پێمدەڵێن سەنتەری مەساجەکە لەکوێیە؟!".

قوتابییەکە دەشڵێ کە بەڕێوەبەرەکەی تۆمەتی بۆ هەڵبەستووە: "پێیگوتم ڤیدیۆم لەلایە تۆ چوویتە دەرەوە و کاری خراپت کردووە، منیش باوکم بردە لای و پێمگوت ئەوە باوکم هێناوە، ڤیدیۆکە پیشانی من مەدە، بەڵکو پیشانی باوکمی بدە، بەڵام ئەو هیچ ڤیدیۆیەکی لا نەبوو".

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لەگەڵ ڕەتکردنەوەی ئەو قسانە، قوتابی و مامۆستاکانیش بە دەستێکی ئاژاوەگێڕ ناو دەبات. (مامۆستا ش)، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو قوتابیانە دەستەیەکی ئاژاوەگێڕ و تێکدەرن، دەستی چەند مامۆستایەکیشیان لە پشتە، دەیانەوێت بارودۆخێکی ناهەموار لەناو قوتابخانە بخوڵقێنن، هیچ دایک و باوکێک پەیوەندی بە منەوە نەکردووە بڵێت کچەکەم نانێرمەوە، بۆیە ئەمە شتێکی دروستکراوە".


بو بەریز بەریوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەند
بابەت_سکالا
نا ڕەزیمان بەرامبەر بەریوەبەری قوتابخانەی( کچانی ئیواران) هەیە
کە داوای بارەمان لی دەکات دەلی ئیوە بارەی (3)ماموستام بو دابین بکەن کە مامو
ستاکان بەگری بەست دەوام دەکەن لە سەرگیرفانی شوفیرەکان داوا لەبە
ریزتان دەکەین کە وا ئیجراأتی یاسایی بکەن ئیمە وەکو سەرجەم شوفیرە
کانی قوتابخانەی شەبەنگی کچان ئیواران
سکالامان دژی بەریوەبەری قوتابخانە هەیە لەبەرئەوەی ئیمە شوفیرین نەوەک
بدەین لە جیاتی قوتابخانە لە هەمان کاتدا ئەوان ماموستانین
بجین بارەی
ئیمەی شوفیر بەریوەبەری قوتابخانە داوای بیداویستی قوتابخانەی لە ئیمە دەکات
کە بوی دابین بکەین ئیمەش بیداویستی قوتابخانەمان دابین کردووە کە بە
بری (ملیونیک و سی سەت و سی هەزار)دینار(13300000)ئەمە لە سەرئیمە نیە دابینی
بکەین بەلین دەریکی هیناوە داوای بارە لە ئیمە دەکات ئەمەش بەلگەکانە
لەگەل ریزماندا
داواکار
گشت شوفیرەکانی
قوتابخانەی کچان

بەڕێوەبەری ئامادەییەکە ڕەتیدەکاتەوە لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەک ڕێککەوتبێت و دەڵێ: "من هیچ کۆمپانیایەکم نەهێناوە، ئەنجوومەنی دایک و باوکان داوایان کردووە و دەڵێن ئێمە دەمانەوێت کۆمپانیایەک بێت سەرپەرشتی ئەو پاسانە بکات".

سەبارەت بە تۆمەتبارکردنی شۆفێری پاسەکانیش بە گێچەڵی سێکسی، ئەو بەڕێوەبەرە دەڵێ: "من هیچ قسەیەک لەسەر ئەوە ناکەم، من بە هیچ قوتابییەکم نەگوتووە ئەو قسانە بکەن".

وەزارەتی پەروەردە پێیوایە ئەوەی لەبارەی شۆفێرەکانەوە دەگوترێ دوورە لە ڕاستی. سامان سیوەیلی، گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەبینین و بیستنی ئەو قسانە تووشی شۆک بووم، ئەو بابەتە بەم شێوەیە نییە کە گێچەڵی سێکسی بە کچە قوتابییەکان کرابێت، ئێمە بەدواداچوونی تەواو بۆ بابەتەکە دەکەین".

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی ئەو بەڕێوەبەرە بە (ڕووداو)ی گوت: "بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر ڕاسپێردراوە بەدواداچوون بکا، قسەی قوتابی و مامۆستا و شوفێری پاسەکانیش وەرگیراوە و ڕەتیدەکەنەوە کە شتێکی وا ڕوویدابێت، ئەو بەڕێوەبەرە لەپێناوی بەرژەوەندی خۆی ناوی شوفێری پاسەکان و قوتابییەکانی لەکەدار کردووە، تەنیا لەبەرئەوەی دەستی لەگەڵ کۆمپانیایەک تێکەڵ کردووە بۆ ئەوەی پارەیان لێوەربگرێت و شوفێری پاسەکان لەو قوتابخانەیە نەهێڵێت، بۆیە دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکە، سزای یاسایی بەڕێوەبەرەکە دەدرێت".

## ڕۆژانە 25 هەزار دیناریان وەرگرتووە

## کچەکانی کافتریاکەی هەولێر:

# بە زۆر لەبەردەم کافتریاکە سەمایان پێکردین



**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو — هەولێر**

ئەو کچانەی لەبەردەم کافتریایەکی شاری هەولێر بۆ ڕاکێشانی موشتەری سەمایان دەکرد، دەڵێن بە زۆر ئەو کارەیان پێکراوە و پێیانگوتوون ئەگەر نەیکەن دەردەکرێن. یەکێک لەو کچانە دەڵێ بژێوی خۆی و باوکیشی لەسەر ئەو کارەیە.

هەفتەی ڕابردوو گرتەیەکی ڤیدیۆیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تەنی، لەو گرتەیەدا دوو کچ لەبەردەم کافتریایەک سەما دەکەن، بۆ ئەوەی سەرنجی موشتەری ڕابکێشن.

(ئە.ع)، تەمەن 20 ساڵ، خەڵکی بەغدایە و نزیکەی 6 مانگە لە هەولێر نیشتەجێیە، ئەو یەکێکە لەو کچانەی لەو گرتەیەدا دەرکەوتووە، دەڵێت: "ماوەی دوو مانگە لە کافتریاکە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم کاردەکەین، شەوانەش دەماننێرنە پێش کافتریاکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەنجەکان".

(ن.م) یەکێکی دیکەیە لەوانەی چەند مانگێکە لە کافتریاکە کاردەکات، گوتی: "ئێمە چوار کچ بووین، ئافرەتێک بە ناوی (ز) سەرپەرشتی کافتریاکەی دەکرد، زۆر توند بوو لەگەڵمان، زۆربەی شەوەکان دەیگوت دەبێت بچنە دەرەوە بوەستن و سەرنجی گەنجەکان بۆ کافتریاکە ڕابکێشن، ئەگەرنا دەرتاندەکەم". (ن)ی تەمەن 23 ساڵ، دەڵێت ناچار بووە ئەو کارە بکات، چونکە هاوژینەکەی سێ ساڵە تەڵاقی داوە "براکانم لە بەغدان و هیچ هاوکاریمان ناکەن، بۆیە لەگەڵ باوکم هاتینە هەولێر نیشتەجێ بووین، من لەڕێگەی ئەو کارەوە بژێوی خۆم و باوکم دابین دەکەم، بەناچاری قبوڵم دەکرد بۆ ئەوەی دەرمنەکەن".

ئافرەتەکان خۆیان دەڵێن ڕۆژانە کارێکی زۆر لەو کافتریایانەدا دەکەن، بەڵام بەپێی زۆری و کەمی موشتەرییەکان پارەیان پێدراوە (ن) دەڵێ: "ڕۆژانە کارێکی زۆرمان پێدەکەن، زیاتر لە 8 کاژێر خزمەتکردنی موشتەری، وەستان لەبەردەم کافتریا و ڕاکێشانی سەرنجی گەنجان، لەگەڵ ئەوەش هەندێکجار گەنجی سەرخۆش و بێڕەوشت گێچەڵمان پێدەکەن، ڕۆژانە بە 25 هەزار دینار و ئەگەر مشتەری زۆرترمان هەبوایە دەیانکردە 30 یان 35 هەزار دینار".

(ه. ف) کە خاوەنی کافتریای (ن)ـەو ڕۆژی 2019/1/16 بەڵێننامەی لەلای بنکەی پۆلیسی بەختیاری پڕکردووەتەوە، بێئاگایی خۆی لەو کارە دەربڕیوە و گوتوویەتی من زۆر بەکەمی دەرفەتم هەبووە بێمە کافتریاکە، بەڵێنیشی داوە ئەو کچانەی لە کافتریاکەی کاردەکەن جارێکی دیکە لە دەرەوەی کافتریاکە نەوەستن و سەما نەکەن.

ڕۆژی 2019/1/17 پۆلیسی شارەوانیی هەولێر دوو کافتریای داخست، نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی هەولێر دەڵێت: "دوای بڵاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆییەکەی کافتریاکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ کافتریایەکی دیکە بەناوی (و) داخران کە هەمان کاری ئەوانیان دەکرد، سزای دارایی خاوەنی کافتریاکانیش دەدەین، لێکۆڵینەوە لە ئیقامە و کارتی تەندروستی و زەمانی 7 ئافرەت دەکەین کە ئەو کارەیان کردووە، بەڵێننامە بە هەموویان پڕدەکەینەوە کە دووبارەی نەکەنەوە، ئەگەرنا ئیقامەکانیان لێوەردەگیرێتەوە و بۆیان نییە جارێکی دیکە بێنەوە هەرێمی کوردستان".

ڕووداو ڕاپۆرت
ژمارە (539) - دووشەممە 2019/1/21



## سەرۆکی پەرلەمان بۆ یەکێتی و جێگریش بۆ پارتی

**ڕووداو- هەولێر**

لیژنەی دانوستاندنکاری پارتی و یەکێتی دەیانەوێ لە قۆناخی یەکەمی دانوستاندنەکانیان سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان یەکلابکەنەوە. فرسەت سۆفی، ئەندامی لیژنەی دانوستاندنکاری پارتی بە (ڕووداو)ی گوت "بەنیازین لە ماوەی کورتی داهاتوودا دانوستاندنی چڕوپڕ دەستپێبکەین و بچینە نێو وردەکارییەکان بۆ ئەوەی لە نزیکترین کاتدا کۆبوونەوەی پەرلەمان دەستپێبکات". دابەشکردنی پۆستەکانی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان یەکلابووەتەوە؛ سەرۆکی پەرلەمان بۆ یەکێتی دەبێت، بەڵام لەنێوان ڕێواز فایەق و بێگەرد تاڵەبانی هێشتا بڕیاری کۆتایی نەدراوە. جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان بۆ پارتی دەبێت و هێمن هەورامی پۆستەکە وەردەگرێت. جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانیش بۆ یەکێک لە پێکهاتەکانە و هێشتا لەنێوان تورکمان و مەسیحییەکاندا یەکلانەبووەتەوە.

### ئەمڕۆ لە سلێمانی کۆدەبنەوە

# یەکێتی داوای ڕێککەوتنێکی چوار ساڵی لە پارتی دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، گەرەنتی چوار ساڵی ئارام دەبەستێتەوە بە نەخشەڕێگایەکەوە کە ڕادەستی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردووە بۆ ئەوەی لەسەری ڕێکبکەون و بیکەنە بنەمای بەشداری لە حکومەت. هەرچەندە ڕێککەوتننامە پێشنیازکراوەکەی یەکێتی ناوی "ڕێککەوتنی چوار ساڵە"ی لێنراوە، بەڵام بە ناوەڕۆک زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژییە. ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ: "بەبێ ئەو ڕێککەوتننامەیە ناتوانین گەرەنتی چوار ساڵی ئارام بکەین بۆ حکومەت. ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی، دیدی پارتی لەبارەی ئەو داواکارییانەوە بە نەرێنی نازانێ "بەڵام پارتیش بۆچوون و سەرنجی خۆی هەیە لەسەر ڕێککەوتنەکە".

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی نێوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆ دووشەممەی نێوان پارتی و یەکێتی لە سلێمانی ئاشکرا دەکات کە شاندی پارتی بۆچوون و سەرنجی خۆیان لەبارەی ئەو نەخشەڕێگایەی پێشتر لە هەولێر پێیاندرابوو، دێننەوە بۆ یەکێتی.

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت، حیزبەکەی بە خوێندنەوەی چوار ساڵی داهاتوو بڕیاری داوە ئەو نەخشە ڕێگایە بۆ ڕێککەوتنێکی نوێ ئامادە بکات لەگەڵ پارتی، چونکە: "یەکێتی دەزانێ هەر ئەوەندەی حکومەت پێکهێنرا و سەرۆکایەتی پەرلەمان دەستبەکاربوو، پارتی دیموکراتی کوردستان بەو پێیەی خاوەنی 45 کورسییە، پێویستی بەهیچ لایەک نابێ و دەتوانێ هەموو ئەو پرۆژە یاسایانە تێپەڕێنێ کە گرنگن، هەروەها بەرنامەی پارتی وایە لە چوار ساڵی داهاتوودا، سەرۆکی حکومەت زۆر پەیوەست نابێ بە جێگرەکەیەوە، هەر بۆیە یەکێتی دەیەوێ پێشوەختە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ پارتی هەبێت".

ئەو لەبارەی ڕێککەوتنە پێشنیازکراوەکەوە زانیاری زۆرتری باسکرد و گوتی: "دەبێ مامەڵەیەکی هاوبەش لەگەڵ پرس و پەیوەندییە دەرەکییەکان بکرێت، مامەڵەیەکی هاوبەش لەگەڵ بەغدا و ناوچە کوردستانییەکان بکرێ، هەماهەنگی لە پەرلەمانی کوردستان دروستبکرێ، سندوقی داهاتە نەوتییەکان دابمەزرێنرێ، دادگایەکی باڵا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسی و ئیدارییەکان دروستبکرێ".

> دەبێ گۆڕانیش لەنێو ڕێککەوتنەکە بێ
>
> ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، دەڵێ هیچ بەرەوپێشچوونێک بەدی نەهاتووە بۆ ئەوەی بچینە نێو وردەکارییەکانی پێکهێنانی حکومەتەوە، هەموو کۆبوونەوەکان بۆ ئەوە بووە دیدی هاوبەش بدۆزینەوە "ناکۆکی گەورەمان لەسەر بەرنامەی هاوبەشە بۆ 4 ساڵی داهاتوو کە چۆن هەرێمی کوردستان بەڕێوەببەین و پەیوەندییەکان لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دراوسێ چۆن بن".

گوتیشی: "ڕاستە پارتی بە ئێمەی گوتووە لاری نییە لەسەر ئەوەی بەربژێری یەکێتی پارێزگاری کەرکووک وەربگرێتەوە، بەڵام ئەی وەزارەتی داد؟ بەبێ وەرگرتنی وەزارەتی داد، ئێمە ناتوانین لەگەڵ پارتی ڕێکبکەوین و ببینە هاوپەیمان، چونکە ئەگەر لە نێو ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق نەتوانین کۆدەنگی دروستبکەین، بێگومان لە پەرلەمانیش ناتوانین".

پارتی و یەکێتی، ساڵی 2005 ڕێککەوتنێکی ستراتیژییان واژۆ کرد بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان، بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا ئەو ڕێککەوتنە کەوتە بەردەم لێشاوێک لە ڕەخنە و گلەیی و بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی یەکێتی بەردەوام سەرکۆنەیان دەکرد، تاوەکو دواتر بە جیابوونەوەی لیستەکانیان لە هەڵبژاردندا، سەرەتاکانی کۆتاییهاتنی ڕێککەوتنەکە دەرکەوت.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) کاتێک شاندی باڵای پارتی و یەکێتی لە هەولێر لە ماڵی نێچیرڤان بارزانی کۆبوونەتەوە، لە سەرەتای کۆبوونەوەکە یەکێتی ڕایانگەیاندووە کە بەبێ یەکلاکردنەوەی پرسی کەرکووک ناتوانن باسی پێکهێنانی حکومەت بکەن. دواتر نێچیرڤان بارزانی، بە شاندی یەکێتی گوتووە، ئەوان وەک پارتی کێشەیان نییە و دەکرێ پارێزگاری کەرکووک بەربژێرێکی یەکێتی بێت: "بەڵام ئایا دەکرێ پارێزگارێکتان هەبێ لە بندەستی حەشدی شەعبی و هیچ بڕیارێکی پێ نەدرێت و کەس گوێی لێنەگرێ؟".

سرووشتی ئەو ڕێککەوتنە نوێیەی یەکێتی داوای دەکات، نزیکایەتی زۆری لەگەڵ ئەو پەنجا بەپەنجایە هەیە کە هەر لەسەرەتای هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتەوە، بەرپرسانی پارتی ڕەتیانکردەوە. چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەر هەنگاوێکی کردەیی و هەر جۆرە مامەڵەیەک لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دەوروبەر، دەبێ ڕەزامەندی هەردوو حیزبی وەرگرتبێ و ئەو پرۆژە یاسایانەش کە پەرلەمان کاریان لەسەر دەکات، دەبێ پێشوەختە ڕێککەوتن یان دیدی هاوبەش دروستبکرێ لەسەریان.

نووری حەمە عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی، دەڵێ پارتی کار لەسەر ئەوە دەکات یەکێتی وەک هاوبەشێکی ڕاستەقینە بەشداریی حکومەت بکات: "ئەو ڕێککەوتنەی ئێمە لەگەڵ یەکێتی دەیکەین، دەبێ گۆڕانیشی تێدابێت و بەپێی بەرژەوەندی خەڵکی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکان بنووسرێتەوە، ئێمە ڕێککەوتنی لەو شێوەیە بەگرنگ دەزانین، بەڵام حەتمەن پارتیش دید و سەرنجی خۆی هەیە بۆ ڕێککەوتنەکە".

ئەو بەرپرسەی پارتی دەزانێ کە ڕێککەوتنێک لە نێوان ئەوان و یەکێتی دەتوانێ ئارامی و ئاسایش و هێمنی دروستبکات و حکومەتیش پێویستی بەو جۆرە ڕێککەوتنە هەیە "بەڵام دەبێت حیساب بۆ هاوبەشەکانی دیکەی نێو حکومەت بکرێت و هەروەها لە داهاتوودا پێیەوە پەیوەست بین، نەک وەک ڕێککەوتنی ستراتیژی نیوەی جێبەجێ بکرێ، چونکە ڕێککەوتنی ستراتیژیش وەک خۆی جێبەجێ نەکرا".



بەڵام ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی پارتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، لەبارەی ئەو داواکارییانەی یەکێتییەوە گوتی: "ڕێککەوتن بەو شێوەیە نانووسرێتەوە، ناکرێ یەکێتی ڕێککەوتنێک ئامادە بکات و بیهێنێت و بە پارتی بڵێ ئیمزای بکە، ڕێککەوتن ئەوەیە کە لەسەر خاڵەکانی ڕێبکەوی. ئێمە وەک پارتی سەرنجمان لەسەر چەند خاڵێکی هەیە، بەڵام بەشێکیشیان پەسەندن".

ڕۆژی 2019/1/19 کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، عومەر فەتاح، قادر حەمەجان و ئاسۆ مامەند لەسلێمانی لەگەڵ مەڵبەندی کەرکووکی یەکێتی کۆبوونەتەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا، باسی کۆبوونەوەی هاوبەشی پارتی و یەکێتییان کردووە لەبارەی کەرکووکەوە و دیدی پارتییان پێگوتوون لەبارەی چۆنێتی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک. بەپێی زانیارییەکانی بەشداربوویەکی کۆبوونەوەکە، بەرپرسانی باڵای یەکێتی گوتوویانە، هێشتا پارتی بڕوای وایە دەبێت ڕەوشی کەرکووک لە ڕێگای بەغدا و بەپێی ڕێککەوتنێکی سیاسی ئاسایی بکرێتەوە نەک بە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک: "ئەگەر پارتی و یەکێتی لە ڕێگای بەغداوە ڕێککەوتنێک بکەن بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکووک و هێزە سەربازییەکان بچنە دەرەوە، پارتی لاری نییە لەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک بدرێتە بەربژێرێکی یەکێتی".

> بەبێ وەرگرتنی وەزارەتی دادی عێراق، ناتوانین لەگەڵ پارتی ڕێکبکەوین
>
> ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی

فەرید ئەسەسەرد، دەڵێ بە پارتیمان گوتووە، ناکرێ سیاسەتی پارتی بەرامبەر بە ئێران و سیاسەتی یەکێتی بەرامبەر بە تورکیا، دوو سیاسەتی جیاواز و دژ بن "دەبێ یەک سیاسەت و بۆچوون پێڕەو بکرێ بەرامبەر بە تورکیا و ئێران، ئەو ڕێککەوتنەی ئێمەش داوامان کردووە بۆ چوار ساڵ، ڕێگە لەو جیاوازییە دەگرێ، هەروەها باسی دامەزراندنی ئەنجوومەنی فیدراڵمان کردووە لە بەغدا کە بڕیارە دروستبکرێ، لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان".

گوتیشی: "ئەگەر لەسەر کەرکووک و بەغدا ڕێکنەکەوین، هەم لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کەرکووک کورد دەنگی زۆری لەدەستدەچێ و هەم کێشەکانی کەرکووک و بەغدا دەتەقنەوە بەڕووی کابینەی نوێدا".

---

### ژمارەیەکی زۆر سیڤی پێشکەش کراون

# گۆڕان داوای پۆست لە نێو ئەنجوومەنی ئاسایش دەکات

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

وردەکارییەکانی گفتوگۆی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەلای بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، وەک چنینی مافوورێک وایە کە دەبێ نەخش و نیگاری زۆری تێدابێت. هەر بۆیە بە هەستیارییەکی زۆرەوە چوونەتە نێو دانوستاندنەوە و وەک خۆیان دەڵێن نایانەوێ هەڵەکانی کابینەی ڕابردوو دووبارە بکەنەوە. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ: "هەر لەبەر ئەوەیە ئەوانە خراونەتە نێو شاندی دانوستاندنی پۆستەکانەوە کە پێشتر ڕووبەڕووکردنی پۆستە گەورە و بچووکەکانی هەرێمی کوردستانیان کردووە".

ئەو ڕاگەیێندراوەی دوای کۆبوونەوەی ڕۆژی 15ی ئەم مانگە پارتی و گۆڕان بڵاویان کردبووەوە، گوزارشتی لە دانیشتنێکی ئەرێنی و دوو دیدی تەواو نزیک لەیەک دەکرد. خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان وای لێکردبوون، داوای پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەت بکەن. دوو لیژنەیان دروستکرد بۆ ئەوەی کارنامەی حکومەت دابڕێژن و هەم پۆست و بەرکەوتەی هەڵبژاردنیش یەکلابکەنەوە.

ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان، لەبارەی کاری لیژنەکانەوە دەڵێ: "لیژنەی کارنامەی حکومەت باسی ئەو یاسا و پرۆژانە دەکەن کە دەبێت لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا حکومەت و پەرلەمان یەکلایی بکەنەوە و کاتیشیان بۆ دابنرێ، وەک نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان، سندوقی داهاتە نەوتییەکان، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و چاکسازی، گۆڕان داوای هەموو ئەو یاسایانەی کردووە و پارتیش دەڵێن ئێمەش هەروا، بەڵام گرنگە کاتیان بۆ دابنرێ".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە بە لەبەرچاوگرتنی هەستیاریی دۆخەکە و ڕەوتی دانوستاندنەکان نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، لەبارەی شاندی پەیوەست بە پۆستەکانەوە کە پێکهاتوون لە هەریەک لە ئاراس وەلی و دانا عەبدولکەریم و عەلی حەمەساڵح، دەڵێ: "ئەوان پێشتر ڕووپێوی هەموو پۆستە گەورە و بچووکەکانی هەرێمی کوردستانیان کردووە و دەزانن لە نێو هەر وەزارەتێکدا چەند پۆست هەیە، بۆیە ئەو ڕووپێوییەیان داوەتە پارتی و خواستی گۆڕانیشیان پێگەیاندوون، 12%ی پۆستەکانی هەر وەزارەتێک لە بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرەکان و بەرپرسی بەشەکان، هەروەها لەنێو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش داوای 12%ی پۆستەکان کراوە".

> پۆستمان لە ئەنجوومەنی ئاسایش، پێشمەرگە و ناوخۆ دەوێ
>
> بەرپرسێکی بزووتنەوەی گۆڕان

بزووتنەوەی گۆڕان لەو کابینەیە 4 وەزارەت و دەستەیەک و بریکارێکی وەزیری بەدەستەوە بوو. بەڵام وەک ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان باسی دەکات، بزووتنەوەکەی لە کابینەی نوێدا بۆ یەکەمجار دەست بۆ پرسێکی تەواو هەستیار دەبات و داوای کردووە "لەنێو ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، پۆستێکی پێبدرێت کە لە پلەی سێیەمی پۆستەکانی نێو ئەنجوومەنەکەدا بێت، هەروەها لە نێو وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگەش پۆستی بەڕێوەبەری گشتی بێت. بەشداریمان لەنێو ئەو دوو وەزارەتە و ئەنجوومەنی ئاسایش هێڵی سووری گفتوگۆکانمانە لەگەڵ سێ وەزارەتی خزمەتگوزاری و پۆستێکی باڵا".

بەپێی قسەی بەشێک لە بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەگەری بەهێز ئەوەیە شاندی گۆڕان ڕۆژی سێشەممە لەگەڵ شاندی پارتی کۆببنەوە. کۆبوونەوەکانی گۆڕان لەگەڵ پارتی، هاوتەریبە لەگەڵ ئەو دانوستاندنەی لیژنە پێکهێنراوەکانی نێوان پارتی و یەکێتی، بڕیارە هەفتانە سێ بۆ چوار جار کۆببنەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) بزووتنەوەی گۆڕان بڕیاریداوە هەندێک لەو پۆستانەی لەم کابینەیە وەریدەگرێ، بەپێی سیڤی بەربژێریان بۆ دیاری بکات.

نەسرەدین مەحموود، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە دەڵێت: "ژمارەیەکی زۆر سیڤی ڕەوانە کراون و بۆ هەر پۆستێک بەپێی پسپۆڕی و شارەزایی، سیڤی زۆر بە گۆڕان گەیشتووە، چونکە بزووتنەوەی گۆڕان بڕیاریداوە بەپێی سیڤی کەسەکان بپاڵێوێ و بڕیاری کۆتاییش لای جڤاتی نیشتمانی دەبێت".

> ئامادەین لە ئەنجوومەنی ئاسایش پۆست بدەینە گۆڕان
>
> بەرپرسێکی پارتی

هەرچەندە پێشوەختە لەنێو بازنە و مەکۆکانی بزووتنەوەکەدا کەوتن و کورتهێنان پێشبینیکراو بوو، بەڵام ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی 30ی ئەیلوولی ساڵی ڕابردوو، شۆکێکی قورس بوو. چونکە نیوەی کورسییەکانی پەرلەمانیان لەدەستدا و بوونە هێزی سێیەم لە هەرێمی کوردستان. ئەوەش بە مانای ئەوە بوو، لە کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا داوای 12%ی پۆستەکان بکەن و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەدەستبدەن.

هێمن شێخانی، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە دەڵێ، هەڵسوڕاوان و ئەندامانی بزووتنەوەی گۆڕان سیڤی پڕدەکەنەوە و پێشکەشی دەکەن بۆ ئەوەی لەو پۆستانەی دەبنە بەرکەوتەی گۆڕان بەشداری بکەن "ڕاستە سڤی لە هەموو کەس وەردەگیرێ، بەڵام دەبێ بزانرێ باکگراوندی چییە و پسپۆڕی چۆنە و چەندە خزمەتی پێدەکرێ، دواتر جڤاتی نیشتمانی بڕیار لە بەربژێرەکان دەدات نەک شاندی دانوستاندنکار".

وەک هێمن شێخانی دەڵێت، ڕاستە پارتی ڕەچاوی هەندێک داواکاری یەکێتی دەکات، بەڵام ڕەنگە دواتر وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکان بەپێی خاڵبەندی دابەشبکرێن، بەو پێیە پارتی خاوەنی 57 خاڵ و یەکێتی 27 خاڵ و بزووتنەوەی گۆڕان خاوەنی 16 خاڵە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان 6 خاڵە و سەرۆکی حکومەت 5 خاڵ و جێگری سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی هەرێم 4 خاڵ و وەزارەتە سیادییەکان 3 خاڵ و وەزارەتە خزمەتگوارییەکان 2 خاڵن "بزووتنەوەی گۆڕان داوای 3 وەزارەتی خزمەتگوزاری دەکات، چونکە لەڕێی وەزارەتە خزمەتگوزارییەکانەوە باشتر دەتوانێ لە کێشەی خەڵک تێبگات و خزمەت بکات، بەڵام بە دڵنیاییەوە، شاندی دانوستاندنکاری گۆڕان بەبێ بەدەستهێنانی بەڵێنی جێگری سەرۆکی حکومەت، ئەستەمە بتوانن بڕیاری بەشداری بدەن".

هێمن شێخانی هۆکاری پێداگیری لەسەر وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆکی حکومەت ڕووندەکاتەوە و دەڵێ: "گۆڕان بەبێ پۆستێکی باڵا کە پشتیوانی تیمە وەزارییەکەی بکات، ئاسان نییە لەناو حکومەتدا کاری خۆی بە باشی بکات، ئەو پۆستە دەتوانێ ببێتە پاڵپشتێکی باش بۆ تیمە وەزارییەکەی".

ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، داخوازی بزووتنەوەی گۆڕانی بە قورس نەزانی بۆ ئەوەی لەنێو ئەنجوومەنی ئاسایش پۆستیان پێبدرێ: "بەڵام ئەوە پەیوەستە بە ڕەوتی گفتوگۆکان و بەرکەوتەی هەڵبژاردنەوە و، پارتی هێڵی سووری لەسەر شتەکان نییە".

گوتیشی: "لەو کابینەیە بزووتنەوەی گۆڕان هەستیارترین وەزارەتی لابووە کە وەزارەتی پێشمەرگەیە لەگەڵ بریکاری وەزیری ناوخۆ، بۆیە شاندی دانوستاندنکاری هەردوولا بە هەر ئەنجامێک بگەن، ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت".



**دابەشکردنی پۆستەکان بەپێی خاڵ:**

| | خاڵ |
|---|---|
| پارتی | 57 |
| یەکێتی | 27 |
| گۆڕان | 16 |

| پۆست | خاڵ |
|---|---|
| سەرۆکی هەرێم | 6 |
| سەرۆکی حکومەت | 5 |
| جێگری سەرۆکی حکومەت | 4 |
| جێگری سەرۆکی هەرێم | 4 |
| وەزارەتی سیادی | 3 |
| وەزارەتی خزمەتگوزاری | 2 |



وەزیری بەرگریی فەرەنسا:

## ئەمریکا لە گرنگی پاراستنی کورد تێدەگات

**ڕووداو-هەولێر**

فلۆرێنس پارلی، وەزیری بەرگریی فەرەنسا ڕایگەیاند، ڕاستە ئەمریکا بڕیاریداوە هێزە سەربازییەکەی لە سووریا بکشێنێتەوە، بەڵام لە گرنگی پاراستنی کورد تێدەگات. فلۆرێنس پارلی گوتی "ئەم پرسە لەبارەی پێویستی پاراستنی ئەوان (کورد) لەبەرچاوگیراوە" لەلایەن ئەمریکاوە. وەزیری بەرگریی فەرەنسا دەڵێت "کورد باشترین هاوبەشی هاوپەیمانان بوون" کە مەبەست لێی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشە بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا. ڕۆژی 19ی مانگی 12ی 2019 دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا دەکشێنێتەوە. بەڵام فەرەنسا بڕیاریداوە ئەمساڵیش لە سووریا بمێنێتەوە.

# ئاساییبوونەوەی پەیوەندیی پارتی و بەرهەم ساڵح دەکەوێتە دوای پێکهێنانی حکومەت

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**



هەفتەی ڕابردوو، لە کۆبوونەوەی هاوبەشی شاندی باڵای یەکێتی و پارتیدا لە هەولێر، بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) دەستیکەوتوون، یەکێتی گلەیی ئەوەیان لە پارتی کردبوو کە بۆچی مامەڵە لەگەڵ د.بەرهەم ساڵح ناکەن وەک سەرۆک کۆماری عێراق، بەڵام پەرلەمانتارانی پارتی و یەکێتی لە بەغدا پێیانوایە، ئەگەر ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی سەرکەوتوو بێت بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تیمەکانی بەغدا و کوردستانی هەردوو حیزب، مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتری ئاسایی دەبێتەوە.

بەختیار شاوەیس، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ دوای ڕاگەیاندنی فەرمی ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، تیمی پارتی و یەکێتی بەشێوەیەک گەڕانەوە بۆ بەغدا کە پەیوەندییەکانیان لەوپەڕی باشیدا بوو "تەنانەت قسە لەسەر ئەوە دەکرا چۆن پێکەوە کاری هاوبەش بکەن و هەماهەنگی لە نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان دروستبکرێ، بەڵام ئەو ڕۆژەی پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار بەڕێوەچوو، پەیوەندییەکان ئاڵۆز بوون".

پۆستی سەرۆککۆمار بووە هۆی ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی، بەختیار شاوەیس دەڵێت: "هەردەبێ لەوێشەوە پەیوەندییەکان چاک بکرێنەوە، ئەویش بەوەی پارتی مامەڵە لەگەڵ د.بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق بکات".

سەرەتای مانگی 10ی ساڵی ڕابردوو، بەرهەم ساڵح سەردانی بارزانی کرد لە پیرمام و دوای کۆبوونەوەیەکی بێئەنجام گەڕایەوە سلێمانی. بەرهەم ساڵح، لەو دانیشتنەدا داوای لە بارزانی کردبوو، پشتیوانی بکات بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆککۆماری عێراق. بەڵام بارزانی، وێڕای دەربڕینی پشتیوانی بۆ بەرهەم ساڵح، پێیڕاگەیاندبوو کە بەربژێری ئەو پۆستە دەبێت لەلایەن فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەستنیشان بکرێ.

دوای ئەوەی یەکێتی بەو داواکارییەی پارتی ڕازی نەبوو، پارتی کاندیدی خۆی بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان کرد کە د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی پێشووی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بوو. بۆیە یەکێتیش بەرهەم ساڵحیان وەک بەربژێری خۆیان ڕاگەیاند، تاوەکو بچێتە نێو پرۆسەی ڕکابەرێتی وەرگرتنی ئەو پۆستەوە، بەوەش پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی کەوتە دۆخێکی خراپەوە.

دانا جەزا، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، ڕەتیدەکاتەوە ئەوان کێشەیان لەگەڵ خودی بەرهەم ساڵح هەبێت "ئێمە کێشەمان لەگەڵ ئەو پرۆسەیە هەبوو کە یەکێتی گرتییەبەر بۆ ئەوەی ئەو بابەتە یەکلایی بکاتەوە و یەکڕیزی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی تێکدا"، وەک ئەو پەرلەمانتارەی پارتی باسی دەکات، گلەییشیان لە بەرهەم ساڵح هەیە کە چووە نێو ئەو ڕکابەرییە "چاوەڕوان دەکەین بەرهەم ساڵح، سەرۆک کۆمارێک بێت خزمەتی خەڵکی کوردستان بکات و ڕۆڵی هەبێت لە جێبەجێکردنی ماددەی 140، ئەگەر توانی بەو شێوەیە سەرکەوتوو بێت، بەوپەڕی تواناوە پشتیوانی دەکەین".

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی ڕەتیدەکاتەوە پارتی هێندە لە بەرهەم ساڵح نیگەران بێت کە هێڵی سووری لە بەردەمدا دانابێت و دەڵێ هەمیشە لەنێو پارتی و سەرکردایەتی پارتیدا ڕێزی هەبووە، لەوکاتەی سەرۆکی حکومەت بووە پشتیوانی زۆری کراوە "بێگومان ئەگەر پارتی و یەکێتی ڕێکبکەون و ناکۆکییەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن، ئەوکات مامەڵەکردن لەگەڵ ئەویش ئاسایی دەبێتەوە".

ڕۆژی 2018/10/2 سەرۆک کۆماری عێراق لەنێو ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە هەڵبژێردرا. بەربژێرە سەرەکییەکان پێکهاتبوون لە د.بەرهەم ساڵح و د.فوئاد حوسێن. دواتر بەرهەم ساڵح بە بەدەستهێنانی 219 دەنگی پەرلەمانتارانی عێراق، بووە سەرۆک کۆمار.

د.موسەننا ئەمین، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەی بەرهەم ساڵحی تێدا هەڵبژێردرا زۆری بەسەردا تێپەڕیوە و ئیدی "دەبێ پارتی و یەکێتی کۆتایی بەو ناکۆکییە بێمانایە بێنن و د.بەرهەم ساڵحیش وەک سەرۆک کۆمار، مامەڵەی لەگەڵ بکرێ".

بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە سەرچاوەیەکی نزیک لە بەرهەم ساڵح دەستیکەوتوون، د.بەرهەم بۆ خۆی چەند جارێک گوتوویەتی کە بەو دۆخە نیگەرانە و دڵنیاشە لەوەی ئاسایی دەبێتەوە "د.بەرهەم ئەوە بە شتێکی قورس و دژوار نابینێ و باوەڕی وایە لە ڕۆژانی داهاتوودا ئاسایی دەبێتەوە". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "پارتی و یەکێتی هەردەبێت ڕێکبکەون و ئەو ڕێککەوتنەش بۆ خۆی بابەتی ساردی و سڕی نێوان پارتی و بەرهەم ساڵحیش چارەسەر دەکات و کۆتایی پێدێنێ".

حەسەن عەلەوی، بۆ (ڕووداو):

# هێشتا بەرهەم ساڵح بڕوا ناکات کە سەرۆککۆمارە

**هیوا جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**



لە ماڵەکەی خۆی لەگوندی ئیتاڵی لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، وێنەی خۆی و چەندین سەرکردەی هەڵواسیوە، لەوانەش سەدام حوسێن، سەرۆکی پێشووتری عێراق. حەسەن عەلەوی، هێشتا وەسفی سەدام دەکات، بەیاننامەی 11ی ئاداری 1970 بە "ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی" ناودەبات و دەڵێت: "سەدام ئەم کارەی کرد"، تەنانەت دەڵێت خۆم لەوێ بووم کە سەدام بە مەلا مستەفای گوت لەسەر کاخەزی سپی ئیمزات بۆ دەکەم و چیت دەوێت تێیدا بنووسە "بەڵام مەلا مستەفا گوتی: بڕوام بە بەڵێنەکانت نییە".

حەسەن عەلەوی 83 بەهاری تەمەنی تێپەڕاندووە، پرچێکی کەمێک درێژی هەیە، وەکخۆی دەڵێت لە فەرمانبەری تاپۆ دەچێت، ئەگەرچی ماوەیەکە نەخۆشی تەنگی پێهەڵچنیوە، بەڵام بەشێکی زۆر لە ڕووداوەکانی نیو سەدەی ڕابردووی بە باشی لەبیرە. عەلەوی، ڕەخنە لە بەرهەم ساڵح سەرۆککۆماری عێراق دەگرێت و دەڵێت: "بەداخەوە ئەو چەند مانگەی ڕابردوو کە بەرهەم ساڵح سەرۆکایەتی کۆماری عێراقی بەڕێوەبردووە، بریتی بووە لە ژمارەیەک نائومێدی، هێشتا بڕوا ناکات کە سەرۆککۆمارە".

> بەڕێوەبردنی ئەو چەند مانگەی بەرهەم ساڵح بریتییە لە ژمارەیەک نائومێدی

لەبارەی سەروەریی عێراق و هاتنی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرسیارم لێکرد کە سێ هەفتە لەمەوبەر سەردانی سەربازەکانی کرد لە ئەنبار، بە هەندێک هەڵچوونی دەروونییەوە گوتی: "ترەمپ ڕێز لە سەروەریی عێراق ناگرێت، چونکە نیشانەی پرسیاری لەسەر سەرکردەکانی عێراق هەیە". هەروەها لەبارەی هەڵوێستی سەرۆککۆماری عێراق لەوبارەیەوە گوتی "بەرهەم ساڵح هیچ هەنگاوێکی گرنگی نەناوە سوودی بۆ سەروەریی عێراق هەبێت. یان هەنگاوێک ببێتە مایەی ڕێزگرتن لە سەروەریی عێراق".

لەگەڵ ئەوەدا وەسفی بەرهەم ساڵحی کرد کە لە ماوەی ڕابردوودا سەردانی کردووە و پاراستوویەتی و ماڵەکەی بۆ وەرگرتووەتەوە کە یەکێتی لە بەغدا دوای ساڵی 2003 دەستیان بەسەرداگرتبوو، بەڵام ڕەخنەی زۆری لێدەگرێت لەبارەی ئەرکی سەرۆککۆماری، تەنانەت گوتی "زێدەڕۆیی کرد لە سەردانی وڵاتان و پەیامی بۆ ناردن بەوەی کە دەیەوێت سەردانیان بکات، یەکێک لە دەوڵەتەکان پێیانگوتم ئێمە ئامادەنین پێشوازی لێبکەین".

حەسەن عەلەوی کە بە حەسەن هەیکەلی عێراق ناوزەد دەکرێت (وەک ئاماژەیەک بۆ محەممەد حەسەنەین هەیکەل کە ڕۆژنامەڤان و ڕۆشنبیرێکی گرنگی میسری بوو)، بەردەوام گۆچانێکی ڕەونەقداری ڕەنگ ڕەشی بەدەستەوەیە، لەدوای چاوپێکەوتنەکە بە منیشی گوت کە تەمەنت هەڵکشا گۆچانێکی وەک ئەوەی من بەدەستەوە بگرە، ئەو ئەوەندەی مەبەستیەتی بۆچوونەکانی خۆی بگەیەنێت، ئەوەندە مەبەستی نییە ڕووداو بخولقێنێ، بەڵام بە وردی لە هەموو ڕووداوەکان دەڕوانێت، هەروەها پێیخۆشە کەسێتییەکان هەڵسەنگێنێت. ئەو مەسعود بارزانی بە "کاریزمای کورد" ناودەبات و دەڵێت "کاریزمای بنەماڵەیی هەیە لە مەلا مستەفاوە وەریگرتووە. ئەو سەرۆکی دەوڵەتی کوردییە، دەوڵەتێکی بێدەنگ" مەبەستی لە دەوڵەتی بێدەنگ ئەوەبوو کە ئەندام نییە لە ئەنجوومەنی ئاسایش. بەڵام لەبارەی نێچیرڤان بارزانییەوە دەڵێت "کاریزمای بنەماڵەیی نییە، نێچیرڤان بارزانی کاریزمای تایبەت بەخۆی هەیە، دەوڵەتمەدارییش بووەتە موڵکی ئەو، دەتوانم بڵێم ئایزەنهاوەری کوردە". (دوایت ئایزەنهاوەر، بۆ دوو خولی یەک لەدوای یەک سەرۆکی ئەمریکا بوو لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، بە یەکێک لە سەرکردە هەرە بەتواناکان لە بواری بوژاندنەوە و گەشەپێدانی ئابووریی وڵاتەکەی دادەنرێ".

عەلەوی بە حەماسەتێکی زۆرەوە باسی مستەفا بارزانی دەکات و دەڵێت، لە کۆنگرەی لەندەن وەک هەڵۆی چیاکان ناوی بردووە، هەروەها چیرۆکێکی ئەو دەگێڕێتەوە کە پێیگوتووە: "هەرکەس دەیەوێت من ببینێت دەبێت سەرکەوێت بۆ شاخ". دەڵێت مەلا مستەفا بڕوای وابوو ئەگەر دابەزن بۆ دەشتاییەکان دەبنە پارووییەکی ئاسان.

> جەواهیری ئەو هۆنراوەیەی لەهەموو دیوانەکانی سڕییەوە کە بۆ مەلا مستەفا نووسیبووی

> ئێران نەبووایە، شیعە تا ئێستا پێنج شەش جار بەشەڕ هاتبوون

هەر لەبارەی بارزانیی باوکەوە چیرۆکی چاوپێکەوتنێکی ڕادیۆیی خۆی لەگەڵ جەواهیری شاعیر دەگێڕێتەوە کە تێیدا چەند بەیتێکی بۆ وەسفی مەلا مستەفا نووسیوە و دواتر هەم لە چاوپێکەوتنەکە و هەم لە هەموو دیوانەکان سڕیویەتییەوە، بەڵام حەسەن عەلەوی لەبەری کردووە.

هەرچەندە شیعەیە، بەڵام زیاتر لە شیعەبوونەکەی لەسەر هێڵی نەتەوەیی عەرەبی دێرینە، حەسەن عەلەوی نزیکی لە ئێران پێ باشترە وەک لە ئەمریکا، چونکە بڕوای وایە "ئەگەر ئێران نەبووایە، تاوەکو ئێستا پێنج تا شەش شەڕی نێوخۆیی شیعە و شیعە ڕوویداندابوو". هەروەها دەڵێت "ئێران تاکە زامنە بۆ سەرهەڵنەدانی شەڕی نێوان شیعە و شیعە".

بە بۆچوونی ئەو چونکە "ئێران جەماوەری هەیە لە عێراق و زۆربەی شیعەکان ئێرانیان دەوێت، بەشێک لە هاوپەیمانانی سوننەش ئێرانیان دەوێت، ترەمپ جەماوەری نییە لە عێراق".

حەسەن عەلەوی کە خولێک پەرلەمانتار بووە لە عێراقی دوای سەدام حوسێن، پەیامی بۆ وەزیری پەروەردە هەیە کە ڕێککەوتنی چاڵدێران بخاتە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن و بە منداڵی کوردی ئاشنا بکات، هەروەها دەڵێت: "15 ساڵە داوا لە کورد دەکەم کە چاڵدێران بکەنە جەژنێکی نیشتمانی بۆ زیندووکردنەوەی نەتەوەکەتان، چاڵدێران مێژووی یەکەم و کۆتایی کوردە".

لەکۆتایی چاوپێکەوتنەکەماندا زیاتر لە جارەکانی دیکە تووڕە بوو لە پشتگوێخستنی هەندێ بەرهەمی خۆماڵی لەنێو کورد، ئەو بڕوای وایە کە کورد گرێی دروستکردنی باڵەخانەی بەرزی هەیە، دەڵێت "لە دوا دیدارم لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان پێمگوت: بەسە دەبێ بگەڕێیتەوە سەر ئابووریی بزن، ئابووریی بزن چییە؟ کوردستان لە سەدەی 19یەمدا تا دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو، بەرهەمی تایبەت بەخۆی هەبوو بۆ وڵاتانی ئەوروپای هەناردە دەکرد، پێست و چەرم و تووتن و خوری و گەنم و جۆ کە باشترینە لە ناوچەکەدا.

ئەو دەڵێت: "ئێستا جۆی کوردستان لە بۆرسەی لەندەن پشکی هەیە، پەنیری کوردیش تا ئێستا هیچ هاوشێوە و نموونەیەکی نییە لە جیهاندا. ئێوە ئەم شەش بەرهەمەتان لەکیس چووە. چاو لە دەستی عێراق دەکەن بۆ وەرگرتنی پارە، دەبوو ئێوە پارە بدەن بە عێراق. ئێوە سەرمایەیەکی زۆر بەهێزتان هەیە لە کشتوکاڵ، بگەڕێنەوە بۆ بزن".

ئەگەرچی سەرنووسەری یەکەم گۆڤاری سیاسی بووە لە ساڵی 1973، بەڵام زیاتر دەیەوێ وەک بیرمەند و مێژوونووس و دروستکەری بڕیاری سیاسی دەربکەوێت نەک وەک ڕۆژنامەڤان، بۆیە کە پرسیارم لێدەکرد، هەندێجار هەڵدەچوو، دەیگوت: "تۆ چیت دەوێ، دەتەوێ هاوشێوەی هێڵی شەمەندەفەر هەموو شتێک یەک بەدوای یەکدا بچێت، یان دەتەوێت ئاسۆیەکی بەرزت بۆ بکرێتەوە و زانیاریت پێ بدرێت و وەریگریت. ڕاگەیاندن لای کەسی ئەکادیمی وەک هێڵی شەمەندەفەر وایە، ئەوەی لەم هێڵە نەمێنێتەوە دەکەوێتە خوارەوە، میدیاکار هێڵی شەمەندەفەر نییە، ماتۆرسیکلە ڕاست و چەپ دەکات و خۆی بەخۆڵ و شەقامەکاندا دەدات بۆ ئەوەی بگاتە مەرامی خۆی".

> کورد شەش بەرهەمی ناوخۆیی گرنگی پشتگوێخستووە

## پرۆفیسۆر د.موحسین عەبدولحەمید، سەرۆکی پێشووی حیزبی ئیسلامی عێراق بۆ (رووداو):

# ئیخوان لە ڕێگەی چوار مامۆستای میسرییەوە گەیشتە عێراق

بەهۆی برا گەورەکەیەوە تێکەڵی ئیخوان موسـلمین بوو، نزیکەی 60 ساڵ لە ریزەکانی ئیخوان و حیزبی ئیسلامیی عێراقدا کاری کردووە. د.موحسین عەبدولحەمید، لە سیاسەت و کاری حیزبیدا تا سکرتێری حیزبی ئیسلامیی عێراق رۆیشت. لە خوێندنیش تا پلەی پرۆفیسۆری. لە بەرنامەی پەنجەمۆردا کە شەوی هەینی سەعات 22:05 خولەک لە کەناڵی (رووداو) پەخش دەکرێ، باسی پەڕینەوەی بیری ئیخوان لە میسرەوە بۆ عێراق دەکات و دەڵێت لە ڕێگەی چوار مامۆستای میسرییەوە ئیخوان گەیشتە عێراق.

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**
**رووداو - سلێمانی**



### بەشی یەکەم

**رووداو: تۆ لە کەرکووک لەدایکبووی، بەڵام دواتر لە سلێمانی نیشتەجێبووی، دەتوانی بە کورتی باسی ئەمەمان بۆ بکەی؟**

**د.موحسین:** من لە ساڵی 1937 لە قەڵای کەرکووک لەدایکبووم، چونکە باوکم لەوێ ئیمام و خەتیبی مزگەوتی حەسەن مەکی بوو. یەک ساڵ لە کەرکووک خوێندم، کاکم (برا گەورەکەم) زانکۆی تەواو کرد و لە سلێمانی دامەزرا. بۆیە قۆناغی سەرەتاییم لە قوتابخانەی کانێسکان تەواو کرد. دواتر چووم بۆ قۆناغی ناوەندی کە ئەوکات تەنیا یەک قوتابخانەی ناوەندی هەبوو، تازە دروستکرابوو. دواتر کە چوومە قۆناغی ئامادەیی، کاکم گوازرایەوە بۆ کەرکووک.

**رووداو: لە سلێمانی مامۆستاکانتان پارتی بوون یان شیوعی؟**

**د.موحسین:** یەکێک لە مامۆستاکانم رەفیق چالاک بوو کە شیوعی بوو، یەکێکیشیان لە هەشتاکان بوو بە سکرتێری حیزبی شیوعی، بەڵام ناوەکەیم بیرچووەتەوە. ئەوکات ململانێکە زۆر بەهێز بوو، شیوعی کۆنترۆڵی بەسەر سلێمانیدا هەبوو، پارتی لاواز بوو. تەنانەت رەفیق چالاک کە بەیانیان سروودی "ئازادیخوای کوردین ئێمە"ی ئەحمەد هەردی پێدەگوتینەوە، دەستکاری کردبوو، دەیگوت بڵێن "..حورین ئێمە". مامۆستایەکی دیکەمان هەبوو کە زۆر کوردپەروەر بوو دەیگوت نەخێر بڵێن کوردین ئێمە.

**رووداو: ئەوکات لە سلێمانی زۆر خۆپیشاندان دەکران، ئێوە بەشداریتان دەکرد؟**

**د.موحسین:** ئەوکات ئێمە منداڵ بووین، بەڵام کە لە ناوەندی بووین، هەندێکجار بۆ خۆشی لەگەڵیان دەڕۆیشتین. چونکە ئەوکات زۆر لە سیاسەت تێنەدەگەیشتن.

**رووداو: زۆربەی هاوڕێکانت پارتی و شیوعی بوون، تۆ چۆن بوویت بە ئیسلامی؟**

**د.موحسین:** بەهۆی کاکمەوە بوو. کاکم نیزامەددین لە ساڵی 1944 بوو بە ئیخوان موسلیمین. جگە لەوە ئێمەش خێزانێکی دیندار بووین. باوکم ئیمام و خەتیب و زانا بوو. بیرمە رۆژێکی ساڵی 1949 کاکم زۆر خەمبار دیار بوو، لێمپرسی بۆچی وا خەمباری؟ گوتی: ئەمڕۆ حەسەن بەننایان کوشت. ئەو ناوە چووە مێشکم. من بەردەوام لەگەڵ کاکم دەچووم بۆ مزگەوت بۆ لای مەلا. لەوانە شێخ محەممەدی خاڵ. مەلا مستەفای حاجی مەلا رەسوڵ. زۆر رێزیان دەگرت، چونکە یەکەم کەس بوو لە سلێمانی بکالۆریۆسی لە شەریعە بەدەستهێنابوو، لە گۆڤاری ئەزهەر دەینووسی.

> ململانێی شیوعی و پارتی لە سلێمانی گەیشتە ئاستی دەستکاریکردنی شیعرەکانی هەردی

**رووداو: باسی شێخ محەممەدی خاڵت کرد، تۆ لە نزیکەوە بینیبووت؟**

**د.موحسین:** زۆرجار، شەوانی هەینی لە مزگەوتی حاجی مەلا ئەمین دادەنیشت کە هی باپیری بوو. کەسێکی زۆر رێزدار بوو. ئەدیبێکی گەورە بوو، قازیی سلێمانی بوو. منیش هەرچەند منداڵ بووم، بەڵام زۆر سوودم لەو مەجلیسانە دەبینی. ئەوکات دووکانێک هەبوو بەرامبەر سەرای سلێمانی، وابزانم خاوەنەکەی ناوی حاجی قادر بوو. رۆژنامەکانی بەغدای دەهێنا. رۆژانەکەم 10 فلس بوو، بە چوار فلس هەموو رۆژنامەکانم دەخوێندەوە. بەو هۆیەوە عەرەبییەکەم باش بوو. هەروەها لە رووی سیاسیشەوە سوودی زۆرم بینی.

**رووداو: لە بیرەوەرییەکانت کە هێشتا چاپت نەکردوون، دەڵێی زۆر حەزت دەکرد بچیتە دادگاکان، بۆچی دەچووی؟**

> حوسێن کەمالەددین ئیخوان موسلیمینی عێراقی دامەزراند نەک سەواف

**د.موحسین:** هەموو سێشەممەیەک دادگای گەورە هەبوو لە سەرا، لەوێ هۆڵەکەیان دەکردەوە و خەڵک دەهاتن. من دوو سەعات زووتر دەچوومە ئەوێ. زۆر شت فێربووم. مەسەلەی شەهادەت و عەدالەت و کوشتن و شتی وا.

**رووداو: چی ئەو دادگایەت لەبیرە؟**

**د.موحسین:** ئەوەی لە بیرمە بەسەرهاتی کچێکی سلێمانی بوو، وابزانم یەکەم کچی سافیرە بوو لە سلێمانی. ئەوکات کەسێکی عەرەب بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی بوو، کوڕی ئەو بەڕێوەبەرە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە کچەکەیان رفاندبوو. کوڕەکەیان گرت. دواتر هێنایان بۆ دادگا، لەبیرمە کچەکە لە نێو دادگا تەقەی لێکرد و کوشتی.

**رووداو: ئەی شێخ مەحموودی حەفیدت بینیوە؟**

**د.موحسین:** بەڵێ جارێک بینیم، لە ساڵی 1953 بوو، من لە مزگەوتی گەورە نوێژم دەکرد، هەر ئەوەندەم گوێ لێبوو خەڵک هاواری دەکرد، مەلیک هات، مەلیک هات. خەڵک دەچوون دەستیان ماچ دەکرد، منیش بە هەر شێوەیەک بوو خۆم گەیاندە لای و تەوقەم لەگەڵ کرد و دەستیم ماچ کرد، ئەویش سەری ماچکردم.

**رووداو: حەز دەکەم باسی سەرەتای هاتنی ئیخوانمان بۆ بکەی بۆ عێراق..**

**د.موحسین:** عێراق پێویستی بە چوار پرۆفیسۆر هەبوو، ئیمام حەسەن بەننا چوار پرۆفیسۆری نارد، لە ساڵی 1944 فیکری ئیخوان لە ڕێگەی ئەو چوار کەسەوە وردە وردە لە عێراق بڵاوبووەوە. بەڵام پێشر لە ساڵی 1942 رۆژنامەی ئیخوان موسلمین لە مووسڵ و بەغدا و بەسرە بڵاودەکرایەوە.

**رووداو: کەی گەیشتە کوردستان؟**

**د.موحسین:** درەنگ گەیشت، لە کەرکووکەوە گەیشت. دەتوانم بڵێم ساڵی 1955 بوو.

**رووداو: زۆر باسی پەیوەندی ئیخوان و ماسۆنییەکان دەکرێ، ئەم پەیوەندییە هەبووە؟**

**د.موحسین:** هەر گروپێک دابمەزرێ، گروپێکی دیکە پروپاگەندەی بۆ دەکەن. هێرشی دەکەنە سەر، درۆی بەناوەوە دەکەن. من 60 ساڵ لە ناو ئیخوان بووم. شت نییە نەمخوێندبێتەوە. ئەمەی دەگوترێ ئەسڵی نییە. مومکین نییە، چونکە ئیخوان گروپێکی ئیسلامین، ماسۆنیەت گروپێکی جوون. لە زەمانی جەمال عەبدولناسرەوە ئەو پروپاگەندەیە هەیە.

**رووداو: بەڵام گومانەکە زۆرتر لەڕووی تەشکیلاتییە کە هەردوولاتان نهێنیپارێزن؟**

**د.موحسین:** ئێمە هیچ کاتێک نهێنیمان نەبووە.

**رووداو: بەڵام دروشمەکانیشتان لە یەکەوە نزیکن، ئەوان دەڵێن ئازادی یەکسانی برایەتی، ئێوەش دەڵێن عەدالەت و ئازادی و برایەتی؟**

**د.موحسین:** ئیخوانەکان لەسەر رۆژنامەکەیان دەنووسن: دعوە الحق والحریە.

**رووداو: لە رۆژنامەیەک لە میسر لە ساڵی 1943 وتارێک بەناوی سەید قوتب بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی: بۆچی بووم بە ماسۆنی، ئەوە راستە یان دروستکراوە؟**

**د.موحسین:** ئەوە دروستکراوە. سەید قوتب پێش ئەوەی ببێتە ئیخوان، چەپ بوو، گۆڤارێکی هەبوو بەناوی فیکر.

**رووداو: دەڵێن سەید قوتب رەخنەی لە حەسەن بەنا گرتووە؟**

**د.موحسین:** پێش ئەوەی ببێتە ئیخوان هیچ رەخنەیەکی نەگرتووە، بەڵام دەڵێن پاش ئەوەی بووەتە ئیخوان بە تایبەتی پاش شۆڕشی میسر لە ساڵی 1952، رەخنەی لە شێوازی کارکردنی حەسەن بەننا هەبووە. سەید قوتب بۆ مەسەلەی جیهاد لە حەسەن بەننا توندتر بوو، چونکە ئەو کاریگەری چەپی شۆڕشگێڕی هەر لەسەر مابوو.

**رووداو: دەڵێن شێخ محەممەد مەحموود سەواف، دامەزرێنەری ئیخوان بووە لە عێراق؟**

**د.موحسین:** دامەزرێنەری حەقیقی ئیخوان لە عێراق حوسێن کەمالەددین بوو لە ساڵی 1944. کەمالەدین مامۆستا بوو لە کۆلێژی ئەندازیاری. ئەوکات سەواف لە ئەزهەر دەیخوێند. ساڵی 1946 ئەوان رۆیشتن، سەواف گەڕایەوە و ئەرکەکەی وەرگرت.

**رووداو: ئیخوانەکانی عێراق فەرمانیان لە میسرەوە وەردەگرت یان نیمچە سەربەخۆ بوون؟**

> عەبدولکەریم قاسم لە سیاسەتی نەدەزانی و تووشی هیستریا دەبوو

> سەواف کوردی زۆر خۆشدەویست

> سەید قوتب پێش ئەوەی ببێتە ئیخوان، چەپ بوو

> سەید قوتب بۆ مەسەلەی جیهاد لە حەسەن بەننا توندتر بوو

**د.موحسین:** بێگومان کە حەسەن بەننا لە ژیاندا بوو، پابەندبوونێک لە ئاستی باڵادا هەبوو. تەنانەت دوای ئەویش، چونکە سەواف بەیعەتی دابوو بە حەسەن بەننا. بەڵام لە هەندێک مەسەلەدا سەربەخۆ بوون.

**رووداو: زیرەک کەمال لە وتارێکدا دەنووسێ لە ساڵی 1952 سەواف دوو قوتابیی کوردی لە میسر بە گرتندان، راپۆرتی لەسەر نووسیبوون کە ئەمانە پیاوی ئیسرائیلن و تەنانەت گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە لە سێدارە بدرێن.**

**د.موحسین:** من ئەوەم نەزانیوە و نکۆڵی لێدەکەم. بە پێچەوانەوە سەواف کوردی زۆر خۆشدەویست. ئەو دوو کەسەی تۆ باسیان دەکەی کێ بوون؟

**رووداو: حوسێن رەشوانی و عەبدوڵڵا زێباری..**

**د.موحسین:** حوسێن رەشوانی لە من گەورەترە، هاتوچۆی کاکمی دەکرد، چەندینجار بینیومە، قەت شتی وای بۆ باس نەکردووم.

**رووداو: دەڵێن سەواف بەرنامەیەکی هەبوو لە رادیۆ بەناوی "علی مائدە القران" لەوێ بەردەوام سووکایەتی بە کورد دەکرد؟**

**د.موحسین:** نەخێر ئەو قسەیە ئەسڵ و ئەساسی نییە، چونکە من هەموو رۆژێک گوێم لە بەرنامەکەی دەگرت. با پێت بڵێم ململانێ لە عێراق لە نێوان دوو بەرەدا هەبوو، شیوعی و ئیخوان. شیوعییەکان بەرامبەر بە ئیخوانەکان قسووریان نەدەکرد، تەنانەت شیوعییەکان ناویان لە بەرنامەکەی سەواف نابوو "علی مائدە امریکان". ئەوکات لەناو شیوعییەکان ئیرهابی فیکری هەبوو، کەسێک دژیان بووایە هەزاران پروپاگەندەیان لە دژی دەکرد. کاکم کە حەوت ساڵ لە سلێمانی بوو، کاتێک بە جادەدا دەڕۆیشت، شیوعییەکان جنێویان پێدەدا.

**رووداو: رۆڵی ئەمجەد زەهاوی لەنێو ئیخواندا چی بوو؟**

**د.موحسین:** ئەو زانایایەکی گەورەی کورد بوو، هانی ئیخوانەکانی دەدا کە حەقیقەتی ئیسلام لە خەڵک بگەیەنن، بەڵام قەت لە رێکخستنەکانی ئیخواندا کاری نەکردووە.

**رووداو: هەستی کوردایەتی هەبوو؟ بە کوردی قسەی دەکرد.**

**د.موحسین:** هەستی کوردایەتیم لێ نەبینیوە، بە کوردییەکی زۆر لاوازیش قسەی دەکرد. چونکە لە بەغدا گەورە بووبوو.

**رووداو: ئەی مەسەلەی شاعیرەکەی ئیخوان چییە؟**

**د.موحسین:** ئەوە وەلید ئەعزەمی بوو، بەردەوام هێرشی دەکردە سەر نووری سەعید.

**رووداو: بەو هۆیەوە رێگری لە ئیخوانەکان نەدەکرا؟**

**د.موحسین:** نەخێر، بەڵام بەناوی ئیخوان موسلیمین مۆڵەتیان نەدا، بۆیە ناوەکەیان گۆڕی بۆ "جمعیە اخوە الاسلامیە". بەڵام دواتر کە وەلید ئەعزەمی لە رۆژنامەکەیان دژی جەماعەتی مەلیک شتی بڵاوکردەوە، جەمعییەکەیان داخست.

**رووداو: تۆ کەی بووی بە ئیخوان؟**

**د.موحسین:** من لە ساڵی 1949 کە بینیم کاکم بەهۆی کوژرانی حەسەن بەنناوە خەمبار بووە، ئەو فیکرەیە چووە دڵمەوە. لە ساڵی 1952 کە گەڕاینەوە کەرکووک، بەردەوام هاتنە ماڵمان، چەند نامەیەکی حەسەن بەننایان بۆ هێنام، نامەکانم خوێندنەوە، زۆر کاریگەریان لەسەرم دانا. لە ساڵی 1954 کە پۆلی شەشی ئامادەیی بووم، بوومە ئەندامی ئیخوان.

**رووداو: لەوانەی کە لە کەرکووک زۆر چالاکبوون، کێ بوون؟**

**د.موحسین:** لەوانە نوورەدین کە کورد بوو، پارێزەرێکی بەناوبانگ بوو. سەید ئەحمەد محێدین بوو، سلێمان قابیل کە تورکمان بوو.

**رووداو: رۆڵی ئەفسەرانی ئیخوان لە شۆڕشی ساڵی 1958 چی بوو؟**

**د.موحسین:** رۆڵیان نەبوو، چونکە لە پێش ئینقیلاب بەرەی نیشتیمانی هەبوو. کە پێکدەهات لە شیوعییەکان و بەعسییەکان و حیزبی ئیستقلال حیزبەکەی کامیل چادرچی، داوایان لە ئیخوان کرد بەشداری بەرەکە بکەن، بەڵام نەیانکرد و گوتیان ئێوە هەمووتان عەلمانین و ئێمە ئیسلامین. دووەم شت: ئیخوانەکان عیبرەتیان لە ئینقیلابی ساڵی 1952ی میسر وەرگرت. هەتا عەبدولناسر لە ئیخوانەکان بوو جا بە درۆ بووبێ یان بە راست، ئەفسەرەکان هەموویان ئیخوان بوون. کاتێک دەسەڵاتیان گرتەدەست ئیخوان داوای چاکسازی کرد، ئەوانیش نەیانکرد. ئەوان چەکیان بەدەستەوە بوو کەوتنە کوشتاری ئیخوانەکان. بۆیە ئیخوانەکانی عێراق ترسیان هەبوو هەمان مەرگەسات دووبارە ببێتەوە. کە ئینقلابەکەش کرا و ناویان لێناوە شۆڕشی 1958، سەواف بەیاننامەیەکی دەرکرد و پشتگیری کردن، چونکە ئیخوانیش دژی مەلەکییەت بوو.

**رووداو: کە باسی شۆڕش دەکرێ تۆ بە ئینقیلاب ناوی دەبەی، هەمیشەش دەڵێیت ئەمریکا و ئیسرائیل لە پشت ئەو شۆڕشانەن، ئەو بۆچوونەت لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

**د.موحسین:** من دژی شۆڕشی سەربازیم، چونکە هەموو کارەساتەکانی ئێستا بەسەر ناوچەکەماندا هاتووە، بەهۆی کودەتای سەربازییەوە بووە. حیزبی شۆڕشگێڕی جگە لە خۆی هەموو حیزبەکانی دیکە بە خائین دەزانێ. شۆڕش بۆ گۆڕانکاریی و چاکسازییە، بەڵام کودەتای سەربازی بووە هۆی وێرانبوونی ناوچەکە.

**رووداو: بۆچی پێتوایە دەستی دەرەکی لە پشتیانە؟**

**د.موحسین:** بە بڕوای من کە جوو لەو ناوچەیە دەوڵەتیان بۆ دروستکرا، دەوروپشتەکەی دەبێ لاواز بێ، هەندێک لەو تەدەخولانە روون و ئاشکران. لەوانەش ئینقیلابەکەی سووریا. ئینقیلابەکەی بەکر سدقی ناتوانین بڵێین دەستی ئیسرائیلی تێدا نەبووە. ئینقیلابەکەی ساڵی 1958 ئیختیلافی تێدایە، عەجەب عەبدولکەریم قاسم پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیز هەبووە یان نا. من باوەڕم وایە عەبدولکەریم قاسم پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیز نەبووە. کەسێکی نیشتیمانپەروەر بوو، بەڵام سەربازی بوو. لە سیاسەتی نەدەزانی و هەندێکجار تووشی هیستریا دەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤێکی پاک بوو، دز نەبوو. بەڵام کاتێک ژمارەیەک ئەفسەر رێکدەکەون، شیوعی تێدایە، بەعسی تێدایە. نەتەوەیی تێدایە، بەدینی تێدایە، ئەمە چۆن دەتوانن بەرنامەی شۆڕش دابنێن! بۆیە کە تەماشا دەکەین. من دیراسەی هەموو ئەوانەم کردووە، هیچیان شۆڕش نین. هەتا دەڵێن شۆڕش هەموو شتێک دەڕوخێنێ و هیچ بنیات نانێتەوە. زۆر لە سیاسییەکان ئێستا دەڵێن ئەگەر رژێمی پاشایەتی مابووایە، ئێستا عێراق زۆر پێشکەوتووتر دەبوو. ئیبن خەلدوون دەڵێت دەکرێ حکوم لەسەر سێ شت بنیات بنرێ: عەقڵ، دین، غەریزە. پاشایەتی نەختێک عەقڵانییەتی تێدایە. عەبدولکەریم قاسم رەنگە گوتبێتی با ئێمە ئەو عێراق باش بکەین، بەڵام شیوعی و بەعسی و قەومی و بەدینی لەگەڵ بووە. ئەنجامەکەی چی بوو؟ یەکتریان تەفروتونا کرد.

> پەیوەندی ئیخوان و ماسۆنیەت ئەسڵ و ئەساسی نییە

**رووداو: تۆ ساڵی 1959 گەڕایتەوە کەرکووک؟**

**د.موحسین:** بەڵێ، چونکە زانکۆم تەواوکرد و دامەزرام، جاران هەر قوتابییەک نمرەی زۆرباشەی هێنابا بە بڕیاری وەزارەتی مەعاریف لە شوێنی خۆی دادەمەزرا، منیش نمرەم 86 بوو، بۆیە لە دواناوەندی کەرکووک دامەزرام.

**رووداو: لەوێ کاری حیزبایەتیت دەکرد؟**

**د.موحسین:** بەڵێ، ئەندامێکی کارابووم. گوتارم دەدا لە مزگەوتەکان. ساڵێک ئیمام و خەتیبی مزگەوتی ئیبراهیم تکریتی بوو، لەوێ وتارێکم خوێندەوە لە دژی عەبدولکەریم قاسم کە لە ژێر کاریگەری شیوعییەکان یاسای باری کەسی عێراقی گۆڕی. دواتر معاونی ئەمنی کەرکووک هات و نەیهێشت چیدی لەوێ خوتبە بخوێنم. معاونەکە کەسێکی مەسیحی بوو، گوتی تۆ رەخنەت لە زەعیم گرتووە و بە کافریش ناوت بردووە، من ناتگرم، بەڵام تۆ مامۆستای قوتابخانەی و واز لە وتارخوێندنەوە بهێنە، ئەگەر نا راپۆرت بۆ بەغدا دەنووسم کە بتگرن.

**رووداو: دەڵێن تورکیا رۆڵی خراپی هەبوو لە بەهێزکردنی ناسیۆنالیستی تورک لە کەرکووک؟ تۆ ئاگات لەمە هەبوو؟**

**د.موحسین:** ئەوکات تۆرانییەکان هەبوون. کۆمەڵێک رۆشنبیر کە لە تورکیا خوێندبوویان. زۆر دەمارگیربوون، دژایەتی ئێمەیان دەکرد. دژایەتی هەموو ئەو تورکمانانەیان دەکرد کە دەبوون بە ئیخوان. ئەوانە ژمارەشیان کەمبوو. دواتر بەعس سەرکردەکانیان کە پێنج کەس بوون، لە سێدارەیان دان. هەتا بیرمە جارێک وەلید ئەعزەمی هاتە خانەی مامۆستایان، بەبۆنەی یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر، شیعرێکی خوێندەوە، هێرشی کردە سەر ئەتاتورک. من ئەوکاتە سەرۆکی کۆمەڵەی ئیرشادی دینی بووم لە کۆلێژەکە. شەو من و د.عیرفان عەبدولحەمید ئەویش کوردبوو خەڵکی کەرکووک بوو، لە چایخانەیەک دانیشتبووین، هەر هێندەمان زانی چەند قوتابییەکی تورکمان هاتن و پەلاماریان داین، یەکێکیان چەقۆیەکی لێدام. دواتر ئەو قوتابیانە لە زانکۆ فەسڵ کران. ئەو جۆرە دەمارگیرییە هەبوو، بەڵام زۆر بڵاو نەبوو.

> بەهۆی گوتارێکمەوە لە دژی عەبدولکەریم قاسم، گوتارخوێندنەوەی مزگەوتم لێ قەدەغە کرا

**رووداو: ئەی مەسەلەی کوشتنی تورکمانەکان لەلایەن شیوعییەکان لە کەرکووک لەسەر چی بوو؟**

**د.موحسین:** ئەوە ساڵی 1959 بوو، بە بۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر شۆڕش بوو، خۆپیشاندانیان کرد، لەوێ هێرشیان کردە سەریان، 39 کەس کوژران.

**رووداو: ئەوانەی کوژران هەموویان تورکمان بوون؟**

**د.موحسین:** بەڵێ، هەموویان تورکمان بوون.

**رووداو: بەڵام تۆ تۆمەتەکە دەخەیتە پاڵ شیوعییەکان؟**

**د.موحسین:** ئەوانە دەستگیرکران، وابزانم ژمارەیان 27 کەس بوو، ئەوانە دوای ئەوەی بەعسییەکان هاتنە سەر حوکم لە سێدارەدران. من هەندێکیانم دەناسی کە هەڵواسرابوون، لەوانە جەبارخان بوو کە کوڕی موختاری گەڕەکی ئیمام قاسم بوو، شێخ مارف بەرزنجی بوو کە من پێموایە بێ تاوان بوو، بەڵام ئەو سەرۆکی شارەوانیی کەرکووک بوو، تەرمەکانی کۆکردبووەوە، ئەویشیان تۆمەتبار کرد. تەنانەت لە وەسیەتنامەکەی کە بۆ کوڕەکەی ناردبووی، سوێند دەخوات کە کەسی نەکوشتووە.

**رووداو: ئەی بۆچی تورکمانەکان تۆمەتەکەیان خستە پاڵ کورد؟**

**د.موحسین:** چونکە ئەوانەی تاوانەکەیان کرد، هەموویان کورد بوون.

## بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر پڕۆژەیەکی 10 خاڵی دەداتە دیمەشق

**ڕووداو- هەولێر**

ئەو پڕۆژەیە بەڕێوەبەری خۆسەری دیموکرات، کە بەمەبەستی دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی سووریا ئامادەی کردوون، ئاشکرابوون. پڕۆژەکە 10 خاڵ لەخۆدەگرێ، لەوانەش یەکێتی خاکی سووریا. سیستمی کۆماری دیموکراتی بۆ سووریا. نوێنەری خۆسەر لە پەرلەمانی شام هەبێ. هەڵکردنی ئاڵای خۆسەر لە تەک ئاڵای سووریا. لە هەرێمەکانی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر، زمانی دایک زمانی پەروەردە بێت. هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) بەشێک بن لە سوپای سووریا و ئەوان بەرپرسن لە پاراستنی خاڵە سنوورییەکانی سووریا. سامانەکانی سووریا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە هەرێمەکان دابەشبکرێت.



ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە ( 539 ) - دووشەممە 2019/1/21

# خۆبەخشە ئەمریکییەکانی ناو یەپەگە لە بڕیارەکەی ترەمپ پەستن

**ڕووداو- هەولێر**

ریڤەر هەگ، کە ئەمریکییە و دەرهێنەری فیلمی دۆکیومێنتارییە، دەیویست لە نزیکەوە ڕووداوەکانی باکووری سووریا ببینێ، وێنەیان بگرێ و دواجار لە فیلمێکدا تۆماریان بکات، بەڵام هیچ ڕێگەیەکی شک نەدەبرد، جگە لەوەی خۆی ملی ڕێگە بگرێ و لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان سەنگەر بە سەنگەر بڕوات. بەڵام ڕووداوەکانی مەیدانی شەڕ ناچاریان کرد واز لە ئامانجەکەی خۆی بێنێ و ببێ بە بەشێک لە شەڕەکە. ئێستا هەگ و شەڕڤانە ئەمریکییەکانی دیکە لە ئەزموونی خۆیانەوە سەیری بڕیارەکەی کۆشکی سپی بۆ کشانەوە لە سووریا دەکەن.

هەگ لەبارەی چوونی خۆی بۆ ناو هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بە ڕۆژنامەی (لۆس ئەنجلس تایمز)ی ئەمریکی دەڵێ: "هیچ پەیوەندییەکم نەبوو (بۆ ئەوەی کاری فیلمەکەم لە باکووری سووریا بۆ ڕێکبخەن)، بۆیە چوومە ناو یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە). ئەوکات وامدەزانی دەبم بە کامێرامانی مەیدانیی شەڕ".

هەگ ڕۆژانە دەیبینی شەڕڤانەکان بەهۆی کەمیی ستافی چارەسەری پزیشکییەوە دەمرن. هەر ئەمەش پلانی ئەوی گۆڕی و وای لێکرد لە زۆربەی کاتەکاندا ڕۆڵی پزیشکی مەیدانی ببینێ و جاروباریش وێنەی دیمەنەکان بگرێ. کارکردن لە تیمی مەیدانی قورس بوو، بەڵام هەگی تێکەڵ بە نەهامەتییەکانی کورد و سەختییەکانی مەیدانی شەڕ کرد، بۆیەش دەڵێ "کورد جوانن، هەتا بڵێی ئازان".

مانگی ڕابردوو دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بەشێوەیەکی لەناکاو بڕیاری کشانەوەی 2000 سەربازی ئەمریکی لە سووریا دەرکرد. هەگ وەکو 100 کۆنە شەڕڤانە ئەمریکییەکەی دیکە بەو بڕیارەی سەرۆکی وڵاتەکەیان تووڕەیە، چونکە پێیوایە ئەم بڕیارە ڕێگە بۆ "کۆمەڵکوژی کورد خۆش دەکات".

هەگ، تەمەن 43 ساڵ، فیلمێکی بەناوی "خۆبەخشەکان" لەبارەی ئەزموونی خۆی و هاوڕێکانی لەناو تیمی پزیشکیدا دروستکردووە. فیلمەکە کۆکراوەی ئەو وێنە و دیمەنانەی مەیدانی شەڕە کە لە دەرفەتی گونجاودا گرتوونی.

> "ئێمە هەموو جارێک هەتا ئەژنۆ لەگەڵ خەڵکدا ڕۆدەچینە ناو کێشەیەکەوە و دواتر بەجێیاندێڵین"
>
> دایکی شەڕڤانێکی ئەمریکی

دەرهێنەرە ئەمریکییەکە ژیانی ڕۆژئاوای کوردستانی لەبیر نەکردووە، تاوەکو ئێستاش لۆگۆی یەپەگە لەسەر یەکێک لە قەمسەڵەکانیەتی و زۆربەی جاران دەسماڵێکی ئاڵای یەپەگەش لە ملیەتی. جگە لەمە پەیوەندییەکی گەرموگوڕی لەگەڵ نزیکترین هاوڕێی کوردی هەیە کە شەڕڤانێکی یەپەگەیە بەناوی فورات. لای هاگ ناوی فورات بۆ "کوردیزڵ" گۆڕاوە، چونکە دەنگی لە دەنگی ڤین دیزڵ، ئەکتەری بەناوبانگی فیلمە ئاکشنەکان دەچێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، هەگ ڕۆژانە چەندین کاژێر لەسەر سناپچات لەگەڵ فورات باسی بارودۆخی شەڕ و دەنگوباسە سیاسییەکانی ناوچەکە دەکەن، لەوانەش ئوتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو کە بەهۆیەوە دەیان شەڕڤانی کورد بریندار بوون و کوژران. فورات یەکێک لە بریندارەکان بووە و بەهۆی قورسیی برینەکەی لە مەیدانەکانی شەڕ دوورخراوەتەوە. هەگ دەڵێ: "ئەو هەموو جارێک لە کۆتایی قسەکردنەکەماندا دەڵێ کێشە نییە هەڤاڵ، من دەزانم لێرە دەمرم، بەڵام ئەمە بۆ گەل و خاکی خۆمە. منیش پێی دەڵێم چۆن کێشە نییە؟ کەس بۆی نییە کوردیزڵ بکوژێ".

دیار نییە چەند خۆبەخشی ئەمریکی لە ڕۆژئاوای کوردستان ماون، بەڵام زۆر لەوانەی گەڕاونەتەوە هاوسەگیرییان کردووە و منداڵیان هەیە،



زیاتر لە 100 ئەمریکی چوونەتە ریزەکانی یەپەگە

هەندێکیشیان بیر لەوە دەکەنەوە کە بگەڕێنەوە بۆ ڕۆژئاوا و بەرەنگاری هێرشی تورکیا ببنەوە.

جۆن فۆکس، سەربازی پێشووی ئەمریکی، دوو جار چووەتە ڕۆژئاوای کوردستان و ئێستاش یەکێکە لەوانەی بیر لە گەڕانەوە بۆ ئەو ناوچەیە دەکاتەوە. فۆکس، تەمەن 28 ساڵ، بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ: "هەست بە تاوانێکی زۆر دەکەم ئەگەر لێرە لەسەر قەنەفەکەم دانیشم و سەیری ڕووداوەکانی ئەوێ بکەم. بەڵام ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ڕۆژئاواش شەڕ ناکەم، بەڵکو دەگەڕێمەوە ناو تیمی پزیشکی. جارێ بزانم دۆخەکە بەرەو کوێ دەچێ".

کاریگەریی ڕووداوەکانی چوار ساڵی ڕابردووی ڕۆژئاوای کوردستان و بەرەنگاربوونەوەی داعش لەو ناوچەیە تەنیا لە مەیدانەکانی شەڕدا نەماوەتەوە، بەڵکو ئاسەواری قووڵی لەسەر ژیانی خۆبەخشە ئەمریکییەکان و خێزانەکانیان داناوە. سێ ساڵ لەمەوبەر سوزان شێرلی، تەمەن 61 ساڵ، شتێکی ئەوتۆی لەبارەی کورد، شەڕی داعش و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەدەزانی، هەتا ڕۆژێک لیڤی کوڕی هاتە ناو مەتبخەوە و گوتی بەنیازە بچێتە

> کورد لەگەڵ خیانەت ڕاهاتوون
>
> شەڕڤانێکی ئەمریکی

سووریا. لیڤی پێشتر هەوڵی دابوو لەناو سوپای ئەمریکادا وەربگیرێ، بەڵام بەهۆی کزبوونی بیناییەوە وەرنەگیرابوو.

کوڕە 24 ساڵانەکەی سوزان لە ساڵی 2016 و لە کاتی شەڕی ڕزگارکردنی شاری مەنبج لە باکووری سووریا چووبووە ناو باڵەخانەیەک کە گوایە لە بۆمب پاک کراوەتەوە، بەڵام لەناو باڵەخانەکەدا بۆمبێک پێیدا تەقییەوە و مرد. لەوکاتەوە دایکی لیڤی هەست بە هاوسۆزییەکی قووڵ لەگەڵ کورد و شەڕەکەیان لەدژی داعش دەکات و پێیوایە "کشانەوە (لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا) هەڵەیەکی ترسناکە، بەڵام ئەمە ئەو شتەیە کە ئێمە دەیکەین. ئێمە هەموو جارێک هەتا ئەژنۆ لەگەڵ خەڵکدا ڕۆدەچینە ناو کێشەیەکەوە و دواتر بەجێیاندێڵین".

سوزان تەنیا شین بۆ کوڕەکەی خۆی ناگێڕێ، بەڵکو بیری لای جۆرن مەکتاگرت، خۆبەخشێکی تەمەن 22 ساڵی خەڵکی کۆلۆڕادۆشە کە ئەویش لە شەڕی ڕزگارکردنی مەنبجدا کوژرا. بەدەم سەیرکردنی وێنەی لیڤییەوە، سوزان دەڵێ: "بۆ ئەوەی عەقڵم تێکنەچێ، دەبێ وەها بیر بکەمەوە ئەم گەنجانە لە خۆڕا ئەوەیان نەکرد کە کردیان".

پاتریک کاسپریک تەمەنی 27 ساڵ بوو کاتێک بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا گەشتێکی بۆ دەرەوەی ئەمریکا کرد، ئامانجی گەشتەکەشی بەشداری لە شەڕی دژی داعش بوو لە سووریا. ئەویش وەکو ئەمریکییەکانی دیکە شەڕی قورسی مەنبجی بینیوە و وەک ئەوانیش لە تیمە پزیشکییەکاندا کاری کردووە. پاتریک و هاوڕێکانی پێنج نۆڕینگەی چارەسەری خێرایان کردبووەوە و تەنیا لە مەنبج سەدان برینداریان چارەسەر کردبوو.

پاتریک قەت ئەو ڕۆژەی لەبیر ناچێ کە چاوی بە شاری شنگال کەوت و بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ: "جینۆساید لەبەرچاوم بوو. سەرم لە گۆڕستان و گۆڕە بە کۆمەڵەکان دا، بینیم چۆن ژیانی خەڵکێک وێران کراوە".

جەیسن پیهایلیچ، تەمەن 32 ساڵ، پێش ئەوەی بچێتە ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ هێزە مارینزەکان لە عێراق بوو. ئەو ماوەی 18 مانگ لەگەڵ یەپەگە بووە و دەڵێ: "ئەو خەڵکەم خۆشدەوێ".

جەیسن، پێیوایە ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە "ئاڵۆزییەکی گەورە دروست دەبێ. بە بڕوای من ئەگەر 2000 سەربازی ئەمریکی بتوانن ڕێگە لەو ئاڵۆزییە بگرن، ئەوە شایانی ئەوەیە لەوێ بمێننەوە".

جەیسن کە ئێستا لە میشیگان دەژی، دەڵێت شەڕڤانانی کورد لەگەڵ ئەوەدا ڕاهاتوون خیانەتیان لێبکرێ و "هەندێک لە کەسە بەتەمەنەکانیان کە ژیرتر بوون، دەیانزانی دواجار ئەوەیان لە پێشە کە هیچ هاوڕێیەکیان بۆ نەمێنێتەوە، جگە لە چیاکان".

# چیرۆکی ڕێستورانتەکەی مەنبج کە بووە ئامانجی داعش

**ڕووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو تەقینەوەیەکی گەورە ڕێستورانتی قەسر ئەلئومەرای لە مەنبجی باکووری سووریا هەڵتەکاند کە تێیدا بەلایەنی کەمەوە 19 کەس کوژران، لەوانەش چوار ئەمریکی. شەش مانگ پێشتر دوو سێناتۆری ئەمریکی لە هەمان ڕێستورانت لەگەڵ فەرماندەکانی هەسەدە و سەرۆک هۆزە عەرەبەکانی ناوچەکە کۆببوونەوە. تەقینەوەکە کەمتر لە مانگێک دوای بڕیارەکەی ئیدارەی ئەمریکی بۆ کشانەوە لە سووریا دێ و ئاماژەیەکی ڕوونیشە بۆ ئەوەی سەقامگیریی ناوچەکە لەبەردەم چ هەڕەشەیەکی گەورەدایە؟

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، هێزەکانی ئەمریکا هەوڵیان داوە مەنبج وەکو نموونەیەکی سەرکەوتوو و سەقامگیری ناوچە ڕزگارکراوەکان لە دەستی داعش پیشان بدەن. ژەنەراڵ پۆڵ فانک، فەرماندەی پێشووی هێزەکانی هاوپەیمانان، لەناو قەرەباڵخی بازاڕی شارەکەوە بە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی گوتبوو: "زۆر خۆشە، بەمە دەڵێن سەقامگیری، بەمە دەڵێن سەرکەوتن".

ئەوکات ڕۆژی 2ی تەمووزی 2018 بوو. فانک لەگەڵ سێناتۆری کۆماری لیندسی گراهام و سێناتۆری دیموکرات جین شاهین و ڕۆژنامەنووسێکی (نیویۆرک تایمز) هاتبووە مەنبج، بێ ئەوەی هیچکامیان جلی دژەگوللەیان لەبەر بێ، بەناو بازاڕ و دووکانەکانی شارەکەدا دەگەڕان، بۆ نانی نیوەڕۆش لە ڕێستورانتی قەسر ئەلئومەرا لایاندا. گراهام لەدوای گەشتەکەی مەنبج ڕایگەیاند "گەشتێکی باش و نیوەڕۆ خوانێکی زۆر باش بوو، ئەمە شوێنی هیوایە لە ناوچەیەکدا کە پێویستی بە هیوای زیاترە".

زیاتر لە شەش مانگ دوای ئەو ڕۆژە، خۆکوژێکی داعش لە پێش دەرگای ڕێستورانتەکە خۆی تەقاندەوە، لەناو کوژراوەکانیشدا دوو سەربازی ئەمریکی، فەرمانبەرێکی ئاژانسی هەواڵگریی سوپای

> ئەمریکییەکان میوانی بەردەوامی قەسر ئەلئومەرا بوون

ئەمریکا و بەڵێندەرێکی سوپا هەبوون.

ڕێستورانتی قەسر ئەلئومەرا شوێنی حەسانەوەی سەربازە ئەمریکییەکانیش بوو، بە جۆرێک بینینی ئەو سەربازانە لە ڕێستورانتەکە وەک شتێکی ئاسایی لێهاتبوو. جاسم خەلەف، سەوزەفرۆش و تەمەن 37 ساڵ، بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکە دەڵێ: "هەرکاتێک جەولەیان لەناو شاردا هەبووایە لێرە لایاندەدا و مریشکی برژاو و شاورمەیان دەخوارد. خەڵک لەگەڵ ئەو دیمەنەدا ڕاهاتوون و پێیان سەیر نییە".

شەش مانگ لەمەوبەر شاندی سێناتۆر و فەرماندە ئەمریکییەکان لە بەغداوە هاتبوونە مەنبج. ڕۆژنامەنووسەکەی (نیویۆرک تایمز) دەڵێت لە بەغدا داوایان لێکرابوو لە دەرەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا جلی دژەگوللە لەبەر بکەن، بەڵام کاتێک گەیشتنە باکووری سووریا، هیچ ڕێنماییەکی لەو جۆرەیان بۆ نەهات.

مەنبج لە ئابی 2016 لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکرات لە دەست چەکدارانی داعش ڕزگارکرا و کۆتایی بە دوو ساڵ و هەشت مانگ دەسەڵاتی ئەو ڕێکخراوە بەسەر شارەکەدا هێنرا. لە دوای ڕزگارکردنیشیەوە بە چاودێری ئەمریکا لە لایەن ئەنجوومەنی سەربازیی مەنبجەوە ئیدارە دەکرێ، لەو کاتیشەوە هەڕەشەی تورکیا و میلیشیاکانی سەر بە تورکیای لەسەرە.

پێش هێرشەکەی چوارشەممەی ڕابردوو، عەلی



لە تەقینەوەی ڕێستورانتی قەسر ئەلئومەرادا 19 کەس کوژران (فۆتۆ: AFP)

ساڵح یوسف، خاوەنی ڕێستورانتەکە، هیواخواز بوو هەموو پارێزگاکانی سووریا وەکو مەنبجیان لێبێ، چونکە "ئێستا مەنبج بووە بە نموونەیەک". عەلی لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی (ئەلمنبج) باسی لەوە دەکرد کە لەکاتی هێرشەکانی 2014ی داعش شارەکەی جێهێشت و دوای ئازادکردنی جارێکی دیکە گەڕایەوە.

دانیشتووانی شارەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن سەربازە ئەمریکییەکان هەندێکجار لەفەی سەفەرییان لە ڕێستورانتەکە وەردەگرت و هەندێکجاری دیکەش لایاندەدا. بەپێی ڕێنماییەکان هێزەکانی ئەمریکا دەبووایە زوو زوو ڕێڕەوی هاتوچۆی خۆیان بگۆڕن، بۆ ئەوەی هیچ هێزێک نەتوانێ بۆسەیان بۆ دابنێ. بەڵام وەک شەرڤان دەروێش، گوتەبێژی ئەنجوومەنی سەربازیی مەنبج ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "هەرکاتێک بۆ جەولە یان ئەرکێک چووبانە ناو شارەکە دەمزانی، هەموو جارێکیش بە لای ڕێستورانتەکەدا تێدەپەڕین".

مانگی ڕابردوو، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بەشێوەیەکی لەناکاو بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا دەرکرد. لەو کاتەوە هەڕەشەکانی تورکیا بۆ گرتنی مەنبج زیادیان کردووە، هێزەکانی لایەنگری ڕژێمیش داوای ڕادەستکردنەوەی ناوچەکە دەکەن. ڕۆژی شەممەی ڕابردووش، گراهام جەختی لەوە کردەوە کە "ناوچەی ئارام" کێشەی مەنبج چارەسەر دەکات.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، بەرپرسانی سەربازی ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە هێرشەکەی مەنبج بەڵگەیە بۆ ئەوەی داعش هێشتا تێکنەشکاوە. بەرپرسێکی ئەمریکی بە ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ڕاگەیاند "داعش ڕووی لەو جۆرە هێرشانە کردووەتەوە، هێزەکانی ئێمەش دەبن بە ئامانجی سەرەکی، لە کاتێکدا خەریکی کشانەوەین".

ڕۆژنامەنووسەکەی (نیویۆرک تایمز) کە لەگەڵ شاندە ئەمریکییەکە بوو، دەڵێت لە مانگی تەمووزی ڕابردوو بازاڕی مەنبج جمەی دەهات و هیچ ئاسەواری ئەوە بە ڕووی خەڵکەکەوە دیار نەبوو کە شارەکەیان سەردەمانێک لەژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوێکی توندئاژۆدا بووبێ، تاکە نیگەرانی ئەوکاتی خەڵک ئەوە بووە هێزەکانی تورکیا کە لە نزیک شارەکە جێگیر ببوون، هێرش بکەن. ئەوکات گراهام بە خەڵکانی دەوروبەری گوتبوو دەبێ مەیدانی جووەکانی مەنبج ناو بنرێ "مەیدانی ترەمپ". وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا هێزە لۆکاڵەکانی ئەو ناوچەیە پشتگوێ ناخات.

> لە بەغدا ئێلەگی گوللەنەبڕمان دەپۆشی، بەڵام لە مەنبج پێویستمان پێی نەبوو
>
> ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکی

ئەحمەد سولەیمان، تەمەن 12 ساڵ، یەکێک لەوانە بووە کە لەکاتی تەقینەوەکەی هەفتەی ڕابردوو بە نزیک ڕێستورانتەکەدا تێپەڕیوە و دەڵێت: "کاتێک تێپەڕیم، پیاوێکم بینی خەریکی دروستکردنی شاورمە بوو. لەپڕ گرمەیەک هەڵسا و چیدی ئەو پیاوەم لەو شوێنە نەبینییەوە".

ڕۆژی چوارشەممە یەکێک لە ڕۆژە قەرەباڵخەکانی بازاڕی مەنبج بوو، ئوتۆمبێلی سەربازیی ئەمریکی لە نزیک ڕێستورانتەکە ڕایانگرتبوو، خۆکوژەکە لەناو ئاپۆڕەی ئەو خەڵکەدا خۆی تەقاندەوە کە بۆ کڕینی سەوزەوات ڕوویان لە بازاڕەکەی نزیک ریستورانتەکە کردبوو. دوای ماوەیەکی کورت سێ هەلیکۆپتەری ئەمریکی لە ئاسمانی شوێنەکە دەرکەوتن و لە مەیدانێکی نزیک شوێنەکە نیشتنەوە. بە گوتەی شایەتحاڵان هەلیکۆپتەرەکان بریندار و کوژراوە ئەمریکییەکانیان هەڵگرتبوو.

کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# لەبەرچاوی هاوژینەکەی دەستدرێژی کردە سەرم



## چیرۆکی هەشتەم (بەشی یەکەم)

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- دهۆک

نەنکی دەگری و دەپاڕێتەوە لە پیاوە چوارشانە ریشنەکە کە نەوەکەی نەبات، بەڵام ئەو بە پێکەنینێک نائومێدی دەکات. ئیمان لە پشت نەنکییەوە خۆی گرمۆڵە کردووە بەوهیوایەی پاڕانەوەی نەنکی بێهوودە نەبێت "لەبەر خاتری خودا کچەکە مەبە.. منداڵە و تەمەنی تەنیا 10 ساڵە". پیاوە قژ درێژ و جل ڕەشەکە بە تۆنێکی پڕ لە گاڵتەجاڕی وەڵام دەداتەوە: "منیش لەبەر خاتری خودا دەیبەم".

ئیمان دەڵێت ئێستاش بیردەکەمەوە، ئەو خودایەی من لێیدەپاڕێمەوە، چۆن دەبێت هەمان خودای ئەو چەکدارە بێ: "نەنکم دەتگوت قسە بۆ بەرد دەکات".

ئیمان، تەمەنی 10 ساڵ بوو کاتێک چەکدارانی داعش بەسەر گوندەکەیدا (حەردان) داباڕین. خەڵکی ئاواییەکەی بینی کە چۆن لە ماوەیەکی کورتدا ئاڵای سپییان بەرزکردەوە بەوهیوایەی پارێزراو بن: "بەڵام ئەوان خاوەنی قسەی خۆیان

> 250 داعش قامچی لە ئامۆزاکەم دا

نەبوون و هێرشیان کردە سەرمان، من و کچە مامم و کوڕە مامەکانم و نەنکم و براکەم دەستگیرکراین، بەڵام دایک و باوکم دەرباز بوون".

ئەوانیان گواستەوە بۆ تەلەعفەر، لەوێ قوتابخانەیەکی گەورە هەبوو بەناوی (ئەزاهیر) کە پێش ئەوان سەتان کچ و ژن و منداڵی دیکەی ئێزدی لەوێ زیندانی بوون و دواتر دابەشکرابوون. لە گۆشەیەکدا کە دەرفەتی قاچڕاکێشانی تێدا نەبووە، لەگەڵ نەنکی و کچە ئامۆزاکانی یەکدەگرنەوە "هەر ڕۆژە و کۆمەڵێک ڕوخساری غەریب کە ئیدی نەماندەبینینەوە، دەهاتن و کچانی هەڵبژێردراویان لەگەڵ خۆیان دەبرد، من و سەلوای تەمەن 12 ساڵی ئامۆزام، پەیمانمان بەیەک دا تاوەکو خۆکوشتنیش بڕۆین، بەڵام خۆمان نەدەین بەدەستەوە، چونکە دەمانزانی کاتێک دەکەوینە دەستیان چیمان بەسەردێنن".

### ماکیاژ بەڵام بە خەڵووز

ئیمان و سەلوا، لە قوژبنی وادا ڕۆژانە خۆیان شاردووەتەوە، خۆیشی باوەڕ ناکات چۆن توانیویانە بچنە نێوییەوە. بەڵام باشترە ئەو پرسیارە لە ترس بکرێت "هەندێکجاریش خۆمان دەکرد بە نەخۆش، بەڵام بیرۆکە نوێیەکە ئەوە

> سێ مانگ خۆمان لە چەکدارانی داعش شاردەوە

بوو ڕوخسارمان ڕەش بکەین. بە خەڵووز یان بە بنی مەنجەڵ و قۆریی ڕەش ڕوخساری خۆمان ناشیرین دەکرد".

زۆر دیمەن هەن کە قەت لە خەیاڵی ئیمان دەرناچن، ئاماژە بە یەکێکیان دەکات و دەڵێت: "ڕۆژێک دەستی کچێکیان گرت بیبەن، کچەکە منداڵ بوو، دەیگوت لای دایکم دەمێنمەوە، بەڵام بە قژ ڕایانکێشا، خوا ئاگادارە بینیم نیوەی قژی کچەکە بەدەستیانەوە ڕۆیشت".

فرۆکە، چەکدارەکانیان تەواو هەراسان کردبوو، بۆیە ئیمان و کچەکانی دیکە بە ڕۆژ ترسێکی وایان نەبوو، بەڵام کە شەو دادەهات ئارامیان لێ هەڵدەگیرا، چونکە داعش یان دەهاتن چەند کچێکیان هەڵدەبژارد و دەڕۆیشتن یان دەیانگواستنەوە بۆ شوێنێکی دیکە. شەوێک دوای دەنگێکی بەرز، ئیمان گوێی لە نەنکی دەبێ کە دوعا دەکات و دەڵێت خۆزگە ئەو تۆپە بەر ئێمە کەوتبا.

> ڕوخسارمان بە خەڵووز ڕەش دەکرد بۆ ئەوەی سەرنجی چەکدارانی داعش ڕانەکێشین

ئیمان بەردەوام دەبێت: "ئەوانەی مابوونەوە و بەدڵیان نەبوون، ماوەیەک لەو شوێنە ماینەوە و دواتر فڕۆکە بۆردومانی کردین، ئەو شوێنە بەتەنیشت مزگەوتێکەوە بوو، دوای بۆردومانەکە کچان لە ژنان جیاکراینەوە، بەڵام ئای نەنکم چی کرد بۆ ئەوەی من و سەلوای لێ جیانەکەنەوە". هەرچۆن بوو ئەوجارەش ئەوانیان لەگەڵ نەنکیان هێشتەوە.

### 250 جەڵد بۆ کوڕێکی 14 ساڵ

بڵندگۆیەک بەدەست چەکدارێکی داعشەوەیە و داوا لە دانیشتووانی گوندی (کسر میحراب) دەکات لەو یاریگا خۆڵە کۆببنەوە کە منداڵانی گوندەکە پێش هاتنی داعش یاریی تۆپی پێیان تێدا دەکرد. کۆکردنەوەی خەڵک بۆ بینینی نەریتێکی کارپێکراوی چەکدارانی داعشە. کەسێک سزا دەدرێت لەسەر ئەوەی سەرپێچییەکی کردووە. ئەوەی سزا دەدرێ ئەحمەدی کوڕە مامی ئیمانە، ئەو باڵا قەڵەمی و تەمەن 14 ساڵەی بە دەست و پێی بەستراوەوە بەرەو گۆڕەپانەکە داویانەتە پێش: "ئەحمەدیان بردە ئەوێ و جلەکانیان لەبەر داماڵی، تاوانەکەی تەنیا ئەوە بوو کە سەرپێچی لە فەرمانێکی ئەوان کردبوو".

هەر قامچییەک بەر جەستەی ئەحمەد دەکەوتن، ئیمانی وەک کۆرپەی ساوای لە خەو ڕاچڵەکیو ڕادەوەشاند، 250 دانەی بژارد "هەرگیز مرۆڤی ئازا و خۆڕاگری وەک ئەحمەدم نەبینیوە. ئەوم وەک چیای شنگال دەهاتە پێش چاوم، بەدرێژایی ئەو لێدانە، وشەیەک لە دەمی نەهاتە دەرەوە، لەکاتێکدا پیاوی گەورەم بینیوە بەرگەی چەند قامچییەکی نەگرتووە".

> 70 ڕۆژ نەمانتوانی خۆمان بشۆین

لەو گوندەدا ئیمان و کچە ئامۆزاکەی و نەنکی، دەرفەتی ئەوەیان بۆ هەڵکەوت لە خانوویەکی لە قوڕ دروستکراودا بمێننەوە "بەڵام من و سەلوا، هەموو ڕۆژێک دوای هەڵاتنی خۆر دەڕۆشتین بۆ خۆشاردنەوە و شەو درەنگ دەگەڕاینەوە، لەوانەیە چیرۆکی جیاوازی ئێمە ئەوە بێت کە زۆر درەنگ کەوتینە بەردەستیان، ئێمە ماوەی 3 مانگ بەو شێوەیە خۆمان شاردەوە".

ئیمان بەو حاڵەشەوە هیچ کاتێک نائومێد نەبووە "قەت نائومێد نەبووم، زۆربەی شەوەکان خەونم بە باوکم و دایکم و برا بچووکەکەمەوە دەبینی، برا بچووکەکەم هەر خۆم بەخێوم کردبوو، دواتر تێگەیشتم، من بەهۆی ئەو خەونانەوە هێزم بۆ مانەوە وەردەگرت و پەشیمان دەبوومەوە لە خۆکوشتن".

ئیمان، داوا دەکات دەست نەخەمە بێدەنگییەکەیەوە بۆ ئەوەی ئەو فرمێسکانەی ڕژاونەتە چاوەکانی، سەرێک بدەنەوە لەو ڕۆژە بێبەڵێن و دڵشکێنانە. ئەوان ئەو کچانە بوون کە ئەستێرەیان بە ئاسمانەوە نەمابوو.

### ستەیجی نمایش و هەڵبژاردن

ڕۆژێک بەسەر ئیماندا تێنەپەڕیوە، چیرۆکێکی تاڵی لەو ژن و کچانە نەبیستبێ کە هەر ڕۆژە و بە دەست چەکدارێکەوە بوون. سەربوردەی نوورا یەکێک لەو چیرۆکە بەئێشانەیە. نوورا سێ جار لە نێوان ئەمیرەکانی داعشدا دەستاودەستی پێکرابوو. بەڵام یەکێک لە ئەمیرەکان تووشی شۆکێکی گەورەی کردبوو. چەکدارەکان ئەوانیان بردبوو بۆ تەدمور، ماوەی دوو مانگ و نیو لەوێ مابوونەوە. لە ناوەڕاستی مانگی ڕەمەزانی

> لەبەرچاوی هاوژینەکەی دەستدرێژی کردە سەرم

ئەو ساڵەدا دوای ناونووسین دەیانکەن بە چەند گرووپێک و هەر گرووپێک 10 کەس بوون. شەو گرووپە جیاکراوەکانیان بردووە بۆ بازاڕ و نورا لە گرووپی سێیەمدا بووە، بازاڕەکە جێگایەکی تاراددەیەک تاریکی هەبوو، وادەردەکەوت لە ژێر زەویدا بێت. دەیان چەکداری داعش لەوێ بوون، نوورا نەیوێرابوو سەری بەرز بکاتەوە.

بەپێی گێڕانەوەی نوورا، دیمەنەکە زۆرتر لەڕێوشوێنی نمایشکردنی جلوبەرگ دەچوو کە ئامادەبووان لە دەوری ستەیجێکی درێژ و لاکێشەیی کۆدەبنەوە بۆ بینینی دوایین دیزاینی جلوبەرگ. کاری هەر کچێک ئەوە بووە سێ جار بە بەردەم چەکدارەکاندا بێت و بڕوات تاوەکو ئەو کاتەی کەسێک دەستەکانی بەرز دەکاتەوە: "لەگەڵ منداڵەکانم بووم، دەپاڕامەوە لە خودا لەو ساتانەدا بمکاتە ناشیرینترین بوونەوەر. جاری یەکەم هیچ کەسێک خواستی نەبوو، بەڵام جاری دووەم کەسێکی تێکسمڕاوی زەبەلاح دەستەکانی بەرزکردەوە. بێگومان ئەوە بەمانای ئەوەبوو کە

> لەسەر ستەیجێک نمایشیان دەکردین پاشان دەیانفرۆشتین

من بوومەتە هی ئەو".

ئەو چەکدارە ناوی ئەبوو هاشم بوو، ئەمیری تەدمور و بازرگانی کەنیزەکەکان بوو. نوورا لەگەڵ خۆی دەباتە بارەگا سەربازییەکەی و پێیدەڵێ، ئیدی لەژێر فەرمانەکانی ئەودا شەو و ڕۆژەکانی بەڕێدەکات "7 کەنیزەکی دیکەشی لێبوو کە هی خۆی بوون، دوای پێنج ڕۆژ پێیگوتم دەمفرۆشێت بە ئەمیرێک لە ڕەققە. دەستمکرد بەگریان و لێی پاڕامەوە نەمفرۆشێ، بەڵام سوودی نەبوو، چونکە ئەو هەموو شتێکی لەگەڵ کڕیارەکەم بڕیبووەوە؟ ئەو فرۆشتمی بە ئەمیرێکی ڕەققە کە ناوی ئەبوو سەلمانی تونسی بوو".

### بە بەرچاوی هاوژینەکەیەوە هاتە لام

ماڵێکی سارد و سڕ ئەگەر دیوارەکانی زمانیان هەبووایە دەیانگوت چۆن کاس نەبوون بە دەنگی گریان و لاوانەوە و زیرەی ئەو ژنانەی دەبوو هەموو یاسا و ڕێساکانی کەنیزەکایەتی پەسەند بکەن.

نوورا دەڵێت: "ژنی ئەمیرەکە پێیگوتم ئێرە ڕەققەیە و هەندێک لە بارەی دابونەریت و یاسا و ڕێساکانەوە قسەی کرد، داواشی کرد کاتێک منداڵەکانم خەویان لێکەوت، بچمە ژوورەکەی هەندێک قسەی دیکە بکەین، هەرچەندە داوام لێکرد لێمگەڕێ لەگەڵ منداڵەکان بمێنمەوە، ئەو توندتر داوای کرد لەگەڵی بڕۆم".

بەپێی ئەزموونکردنی ژیان لەگەڵ دڵڕەقی چەکدارەکان، هیچ ڕێگایەکی باشتر لەوەی نەبوو کە لەگەڵی بڕوات: "منیش لەگەڵیدا ڕۆشتم و چووینە ژوورێکی نووستن، دەبینم مێردەکەی لەوێیە و چاوەڕێی منە، بەڵام



چۆن دەبێت هاوژینەکەی کارێکی لەو جۆرە ڕێکبخات و بەدیارییەوە بمێنێتەوە، زۆر پاڕامەوە کە دەستدرێژی نەکاتە سەرم، گوتم بەڵێن بێت هەرچی ئێوە بتانەوێ دەیکەم و خزمەتکارێکی گوێڕایەڵ و باش دەبم بۆتان. بەڵام پیاوەکە زۆر قسەی ناشیرینی پێگوتم و تەنانەت جنێوی زۆری دا. من هەموو هەوڵێکی خۆمدا کە ئەوان ئەو کارەم لەگەڵ نەکەن، بەڵام بێسوود بوو، بەبەرچاوی هاوژینەکەیەوە دەستدرێژی کردە سەرم".

دواهەمین چەکدار کە ئەوی کڕیوە ئەمیرێکی دیکە بوو کە زۆرجار بە لێدان خوێناوی کردووە، پاشان جارێکی دیکە گەڕێندرایەوە بۆ عێراق و لە زیندانێکی تەلەعفەر لەنێو دەیان کچ و ژنی دیکەی ئێزدیدا خۆی بینییەوە. لەڕاستیدا ئەوان لەنێو بازنەیەکدا دەخولانەوە. بازنەیەک کە تێیدا بێمانایی گەورە ئەوەبوو بۆ هیوا بگەڕێی.

ئیمان بەرەنگارییەکی سەرسەختانەی دەکرد بۆ ئەوەی نەکەوێتە داوی چەکدارەکانەوە. ئەو لە ڕۆژێکدا کە ژنەکان سەریان کردبوو بەیەکدا و بە ئەسپایی دڵیان لە زووخاو خاڵی دەکردەوە، گوێی لێبوو کە یەکێک لە کچەکان گوتی: "داعش ڕۆژێک دوای گرتنی شنگال و دەستگیرکردنی سەدان ئافرەتی ئێزدی نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی کەنیزەکی کردووەتەوە". ئیدی ئەوە هێمایەکی ڕوون بوو بۆ ئەوەی کڕین و فرۆشتن، لەڕێگای هەموویاندایە.

**ڕووداو: کچەکان چۆن دەبرانە نووسینگەی کڕین و فرۆشتن؟**

**ئیمان:** بە شێوازی جۆراوجۆر. سەرەتا لە نێو هۆڵ و قوتابخانە و شوێنە تایبەتەکان کە کردبوویانە زیندان، چەکدارەکان دەهاتن و کچانیان هەڵدەبژارد و دەیانبردن، دواتر ئەو چەکدارە دوای ماوەیەک دەیبردە نووسینگەی کڕین و فرۆشتن. هەشبوون بە کۆمەڵ دەیانبردنە ئەوێ و لەوێوە کەسانی دیکە دەیانکڕین.

**ڕووداو: حاڵەتی دیکەش هەبوون؟**

**ئیمان:** بەڵێ. کەسانێکی زۆر کەمیش هەبوون هەرگیز ڕێیان نەدەکەوتە ئەو شوێنانە. چونکە چەکدارێکی داعش دەیبردە دادگای تایبەت بە کەنیزەکەکان و وەک کەنیزەک نەک وەک هاوژین، مارەی دەکرد.

"بابگەڕێینەوە کسر میحراب" ئیمان، دەیەوێ چیرۆکەکەی وەک ئەو بلووزانە بە وردەکارییەوە بچنێ کە دایکان و ژنانی شنگال بەدڵ چنییان

> 70 ڕۆژ نەمانتوانی خۆمان بشۆین

و داعش نەیهێشت زستان بێت و منداڵەکانیان لەبەری بکەن "ئێمە نزیکەی 70 ڕۆژ بوو لەوێ بووین، بیربکەرەوە کەسێک 70 ڕۆژ خۆی نەشوات چ بۆنێکی لێدێت و چ ڕەنگ و ڕوویەکی دەبێت!

هەرچۆن بوو لەو کەلاوەیەی لەگەڵ نەنکم تێیدا دەژیاین، خۆمان شۆرد و لەشمان سووک بوو، کەمێک هەستمان بە حەوانەوە کرد. سەلوا داوای لێکردم بۆ ئەوەی هەندێک دنیا ببینین، بچینە سەربانی خانووەکە و هەوایەک هەڵمژین، لەپڕ گوێمان لە دەنگی ئۆتۆمبیلێک بوو لە بەردەم خانووەکە وەستا و بەپەلە ڕامانکرد بۆ خۆشاردنەوە. هەندێک جلوبەرگی شۆردراو بە تەنافەکەوە بوون، ئیمان و سەلوا تەنیا پێیانکرا جلەکان لە تەنافەکە بکەنەوە و بیدەن بەسەر خۆیاندا بۆ ئەوەی نەبینرێن و پارێزراو بن، بەڵام ئیدی خۆشاردنەوە سوودی نەما "کە ئاوڕم دایەوە لە دوامەوە بوو، کەسێکی کەتە و زل و قژ و ریشێکی درێژ و ئاڵۆسکاوی هەبوو. زۆر ترسام لە دڵی خۆمدا گوتم من تەواو دەمرم، سەلواش لەترسان هەڵدەلەرزی و بەهۆی لەرزینەوە ئەویشیان بینی گوتیان هەستە، بردینیانە خوارەوە و زۆر ئەشکەنجەی نەنکمیان دا. بەدەنگی بەرز پێدەکەنین و دەیانگوت کچەکانت دەبەین، بەڵام ئەو ڕۆژەش نەیانبردین".

بۆ ڕۆژی دواتر چەکدارەکان هاتنەوە. ئیمان و سەلوا، بێزار ببوون لە خۆشارندەوە و پەلکوتانی بێسوود. ئیمان پێیوایە هەوڵی خۆشاردنەوە لە داعش وەک ئەوە وابووە هەوڵ بدەی سێبەری خۆت غافڵ بکەیت و لێت دوور بکەوێتەوە "کە هاتنەوە ئەوانمان بینی و ئێمە ڕامانکردە باخەکانەوە. چونکە پشتی ماڵەکە چۆڵ بوو، بە ژمارەیەکی زۆر دار و درەخت داپۆشرابوو، کاتێک ڕامانکرد تەقەیان لێکردین، ئەوان دڵنیاش نەبوون کە ئێمەین، گوێم لە نەنکم بوو کەوتە هاوارکردن و پاڕانەوە و دەیگوت: تەقە مەکەن کچەکانم دەکوژن. ئێمەش لەتاو تەقەکردن خۆمان دا بە زەوییەکەدا بۆ ئەوەی نەمانبینن، بەڵام دواجار ئەوان ئێمەیان بینی و گوتیان: ئەگەر ناتانەوێت بمرن وەرنەوە. ئێمەیان هێنایەوە، کەچی سەیر ئەوەبوو کە ئەوجارەش ئێمەیان دایەوە دەستی نەنکم".

ڕۆژانی دواتر مەینەتییەکانی ئیمان دەستپێدەکەن. ئەو ڕۆژانەی کە هەموو شتێک لە ڕۆحی تازە پێگەیشتووی ئەودا دەمرن. داوام لێدەکات پشوویەکی کورت بدات و دواتر پێم بڵێ چەکدارەکان چۆن لەگەڵ کچێکی تەمەن 10 ساڵان مامەڵەیان دەکرد. ئەو کچەی کە تاوەکو ڕۆژێک پێش کەوتنی شنگال، کاتێک باوکی دەگەڕایەوە ماڵەوە هاواری دەکرد: "کچە بچکۆڵەکەی من، وەرە باوەشی باوکت با ماندوێتیم بڕەوێتەوە".

## هیندستان لەمەودوا لە سلێمانیش ڤیزا دەداتە هاووڵاتیان

**ڕووداو- سلێمانی**

کۆنسوڵخانەی هیندستان لەمەودوا لە شاری سلێمانیش ڤیزا بە بازرگانان و هاووڵاتیان دەدات و پێویست ناکات سەردانی هەولێر بکەن. سیروان محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەمەودوا ڕێوشوێنەکانی پێدانی ڤیزای هیندستان لە ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بەڕێوەدەچێت. هاووڵاتیانی سلێمانی دەتوانن لە ژووری بازرگانی مامەڵەی وەرگرتنی ڤیزای هیندستان بکەن". سیروان محەممەد دەڵێت، کۆنسوڵخانەی هیندستان نووسینگە ناکاتەوە، بەڵکو لەناو باڵەخانەی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی ڕێوشوێنەکانی پێدانی ڤیزا ڕاییدەکرێن. لە هاوینی 2016ـەوە هیندستان کۆنسوڵخانەی گشتی لە هەرێمی کوردستان کردووەتەوە. هاووڵاتیان زیاتر بۆ چارەسەری پزیشکی، گەشت و خوێندن سەردانی ئەو وڵاتە دەکەن.



ئابووری
ژمارە (539) - دووشەممە 2019/1/21

# خەرجیی وەزارەتی بازرگانی لە داهاتی زیاترە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هێشتا نەک نەبووە بە سەرچاوەی داهات بۆ وڵات، بگرە خەرجیی خۆی لە داهاتەکانی زیاترە و جگە لە داهاتی خۆی، حکومەت ساڵانە 16 ملیار دیناریشی بۆ دابین دەکات.

بەپێی ئامارێک کە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دراوەتە (ڕووداو)، داهاتی ساڵی ڕابردووی ئەم وەزارەتە نزیکەی 31 ملیار و 780 ملیۆن دینار بووە، بەڵام خەرجییەکانی 38 ملیار دینار بووە، ئەمە لەکاتێکدایە ئەم وەزارەتە مۆڵەتی دامەزراندنی بە زیاتر لە 3000 کارگە داوە و ساڵانەش هەرێمی کوردستان بایی 16 تا 17 ملیار دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ 21 وڵاتدا هەیە.

داهاتەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە دوو بەش پێکدێن، بەشێکیان بە داهاتی نامەرکەزی ناودەبرێن و بریتین لە ڕەسمی دامەزراندن و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارگە و کۆمپانیاکان. ڕەسمی پشکنینی کاڵا، ڕەسمی پێدانی مۆڵەتی هاوردن و هەناردنی کاڵا، ڕەسمی نوێکردنەوەی هێما و پێناسی بازرگانی و چەندین ڕەسم و کرێی دیکە، ئەم داهاتانە دەچنەوە خەزێنەی حکومەت.

داهاتە مەرکەزییەکانیش بریتین لە فرۆشتنی کەپەک، ڕەسمی پشکنینی ئارد و خۆراک، ڕەسمی نوێکردنەوە و گۆڕینی شوێنی پسولەی خۆراک و پارەی بەشە خۆراکی مانگانە. ئەو داهاتانە دەبێت بگەڕێندرێنەوە بۆ حکومەتی ناوەندی، بەڵام چەند ساڵێکە حکومەتی هەرێم نایانێرێت بۆ بەغدا.

د.عەبدولڕەزاق ناوەندی، بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەڵێت: "داهاتی ساڵی ڕابردووی وەزارەتی بازرگانی نزیکەی 31 ملیار و 780 ملیۆن دینار بوو کە 18 ملیار دیناری داهاتی نامەرکەزی بوو، داهاتی مەرکەزیش دەچێتەوە بەغدا، تەنیا داهاتی کەپەک نەبێت کە ساڵانە نزیکەی چوار ملیار دینارە و لە ساڵی 2016 وە بەهۆی دابینەکردنی خەرجی گواستنەوەی گەنم بۆ کۆگا و ئاشەکان و دابەشکردنی ئارد و خۆراک، پارەکەمان بۆ بەغدا نەناردووە، بەڵام هێشتا وەزارەتەکەمان نەگەیشتووەتە قۆناغی خۆبژێوی و ساڵانە حکومەت 16 تاوەکو 17 ملیار دینار زیاتر لەو داهاتەی هەمانە بۆ خەرجییەکانمان دابین دەکات".

> **بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی:**
>
> **ساڵانە حکومەت 16 – 17 ملیار دینار زیاتر لەو داهاتەی هەمانە بۆ خەرجییەکانمان دابین دەکات**

ئەوەی وایکردووە خەرجی وەزارەتێکی بەرهەمهێنی وەکو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە داهاتی زیاتر بێت، بەبڕوای د.عەبدولڕەزاق بۆ زۆریی ژمارەی فەرمانبەرانیان دەگەڕێتەوە کە نزیکەی 3850 فەرمانبەریان هەیە، بەشێکیان دوای هەڵوەشانەوەی کارگەکان بێکارن و تەنیا مووچە وەردەگرن".

جگە لەوەش هەندێک لە فەرمانگەکانی وەزارەتەکە سەر بە بەغدان و داهاتەکەیان بۆ بەغدا دەڕوات، ژووری بازرگانی و پیشەسازییەکان بەشێک لە داهاتەکان دەبات، چونکە ئەوان ناوی بازرگانی دەبەخشن و داهاتەکە وەردەگرن، بەشێک لە داهاتی چاودێری بازرگانی بۆ پارێزگاکان دەڕوات. د.عەبدولڕەزاق دەڵێت: "ئەگەر سەرجەم ئەو داهاتانەمان بۆ بگەڕێتەوە، لەگەڵ هەندێ چاکسازی لە وەرگرتنی ڕەسم، نزیک دەبینەوە لە ئاستی خۆبژێوی".

ساڵی 2016 ئەنجوومەنی وەزیران زۆربەی ئەو ڕەسمانەی لە بەرامبەر خزمەتگوزارییەکان لە فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی بازرگانی و پشەسازی وەردەگیران، زیاد کرد. ئامانج لەوە زیادکردنی داهات بوو، بەڵام بارەکە لەم وەزارەتە پێچەوانە بووەوە.

د.عەبدولڕەزاق دەڵێت: "گەورەترین هەڵە کە حکومەت کردی، زیادکردنی ڕەسمی خزمەتگوزارییەکان بوو لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، چونکە بەو هۆیەوە ژمارەی مامەڵەکان 60% کەمی کرد و بووە هۆی کەمبوونەوەی داهاتمان".

ئەگەرچی زیاتر لە 3000 کارگە لە کوردستان هەن، بەڵام بەرهەمەکانیان ناتوانێ کێبڕکێی بەرهەمی بیانی بکات، بۆیە لە کاتی قەیرانی دارایی بەشێکی زۆریان داخران.

د.عەبدولڕەزاق دەڵێت: "بۆ ڕاستکردنەوەی باری لاسەنگی کارگەکان و بەگەڕخستنەوەیان زیاتر لە 130 جۆر کاڵامان خستووەتە لیستی پاراستنی بەرهەمی نیشتمانی، لەهەوڵداین قۆناغ بەقۆناغ باج لەسەر هاوردەی کاڵا زیاد بکەین".

بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری 10%ی داهاتی ڕەسمەکانی وەزارەت، بۆ هاندانی فەرمانبەران و خزمەتگوزارییەکان خەرج دەکرێت. هەروەها 15%ی کرێی پشکنین بۆ کارمەندانی پشکنین تەرخان دەکرێ، بەشەکەی دیکەشی دەچێتە خەزێنەی دەوڵەت .

زۆرترین سەرچاوەی داهاتی وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی بریتییە لە وەرگرتنی ڕەسمی مۆڵەتی هاوردە و هەناردە کە ساڵی ڕابردوو نزیکەی 13 ملیار دینار بووە، دوای ئەو ڕەسمی مۆڵەت و نوێکردنەوەی مۆڵەتی کۆمپانیاکان دێت کە نزیکەی 4 ملیار دینار بووە، هەروەها ساڵانە 4 ملیار دینار داهاتیان لە وەرگرتنی باج و بەکرێدانی کارگەی چیمەتۆ دەستدەکەوێت.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، دەڵێت: "ناڕوونی فەلسەفەی ئابووریی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە هۆکاری کەمیی داهاتی وەزارەتەکەمان، چونکە بەپێی لێکدانەوەی ئابووریناسان فەلسەفەی ئابووریی هەرێمی کوردستان خۆڵەمێشییە، واتە نە سۆسیالیستییە و نە سەرمایەداری، ئەمەش کاردانەوەی لەسەر جموجۆڵی بازرگانی هەبووە، بۆ نموونە هەرێمی کوردستان بانگەشەی بازاڕی ئازاد دەکات، بەڵام تا ئێستا کار بە هەندێ یاسای ڕژێمی پێشوو دەکرێت کە بۆ سیستەمی سۆسیالیستی داڕێژراون".

بەهۆی ئەوەی ساڵانی ڕابردوو هەرێمی کوردستان بودجەی لە عێراقەوە بۆ دەهات و بودجەکەش زیاتر پشتی بەداهاتی نەوت دەبەست، بۆیە زۆر گرنگی بە وەرگرتنی باج و ڕەسمەکان نەدەدرا، بەڵام دوای دابەزینی نرخی نەوت و بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، حکومەت باج و ڕەسمی زۆربەی سێکتەرەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد کرد.

نەوزاد ئەدهەم، دەڵێت :"ڕەسمەکان یان وەرنەدەگیران یان ئەوەندە کەمبوون نەدەتوانرا بۆ زیادکردنی داهات پشتی پێ ببەسترێ، بۆ نموونە ئێمە پێشتر بۆ پێدانی مۆڵەتی هاوردە و هەناردە هیچ ڕەسمێکی خزمەتگوزاریمان وەرنەدەگرت، ئێستا بۆ مۆڵەتی هاوردەکردنی 3000 کارتۆن یان هاوردەکردنی 1000 تۆن کاڵا یان 300 ملیۆن ڕەسید بۆ هاوردە، 105 هەزار دینار وەردەگرین، ئەم داهاتەش کەمە، بەڵام باشترە لەوەی کە هیچ وەرنەگیرێت، ئێستا خەریکین قۆناغ بە قۆناغ هاوردەکردنی زۆربەی کاڵاکان دەخەینە لیستی وەرگرتنی ڕەسم، بۆ نموونە دەرمان ئێستا خستوومانەتە لیستی ئەو کاڵایانەی کە پێویستیان بە مۆڵەتە".

ڕێباز نورەدین عەزیز، پسپۆڕی ئابووری و مامۆستا لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت: "ئەوەی وایکردووە داهاتی ئەم وەزارەتە لە خەرجییەکانی کەمتر بێت، نەبوونی ستراتیژییەکی درێژخایەن و ناڕوونیی پلانی ئەم وەزارەتەیە، ڕەنگبێ بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە هەر چوار ساڵ جارێک لەگەڵ ڕاگەیاندنی کابینەی حکومەت بەبێ لەبەرچاوگرتنی ستراتیژی ئەم وەزارەتە، هەیکەلی کارگێڕییەکەی جارێک دەکرێت بە دوو وەزارەت و جارێکی دیکە بە یەک وەزارەت، کەواتە دەتوانین بڵێین ناجێگیریی هەیکەلی ئەم وەزارەتە بووەتە هۆی ئەوەی پلان و ستراتیژی کارکردنیشی ناجێگیر بێت، ئەمەش بێگومان ڕەنگدانەوەی لەسەر کەمبوونەوەی داهاتەکانی دەبێت".



زیاتر لە 3000 کارگە لە کوردستان هەن

(فۆتۆ: ڕووداو)

## داهاتەکەی 33% زیادی کردووە

# شارەوانیی هەولێر بایی 3.6 ملیار دۆلار زەویی ڕوکن و نایاب دەفرۆشێ

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی پێداچوونەوە بەگرێبەستەکانی بە کرێدانی موڵک و زەوی، وەرگرتنی پارەی زبڵ، ڕەسمی تابلۆی سەر شوێنە بازرگانییەکان، هەروەها فرۆشتنی زەویی ڕوکن و نایاب، داهاتی شارەوانیی هەولێر بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.

بەپێی ئاماری سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر کە وێنەیەکی دراوەتە ڕووداو، لە سێ ساڵی ڕابردوودا داهاتەکانی سەرۆکایەتییەکە نزیکەی 68 ملیار دینار بووە، داهاتەکەش ساڵ بەساڵ زیادی کردووە، بەجۆرێک لە ساڵی 2016 کۆی داهاتەکان 18 ملیار دینار بووە، لە ساڵی 2017 نزیکەی 20 ملیار دینار بووە، بەڵام ساڵی ڕابردوو بووەتە 29 ملیار و 986 ملیۆن دینار، ئەم داهاتەش بەراورد بە ساڵی 2017 نزیکەی 33% زیادی کردووە.

سامان محەممەد بلباس، سەرۆکی شارەوانیی هەولێر، بە (ڕووداو)ی گوت :"بەهۆی پێداچوونەوە بە گرێبەستەکانی بەکرێدانی موڵک و زەوییەکانی شارەوانی، وەرگرتنی پارەی زبڵ و خاشاک، ڕەسمی پێناسی شوێنە بازرگانییەکان لەڕێگەی کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت، زیادکردنی ڕسوماتی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و فرۆشتنی هەندێ زەوی ڕوکن و نایاب داهاتی ئەمساڵمان بەراود بە ساڵی ڕابردوو نزیکەی نۆ ملیار و 986 ملیۆن زیادی کردووە".

سەرچاوەی داهاتەکانی شارەوانی هەمەجۆرن، بەشێکیان کرێی 15 هەزار گرێبەستی سەرۆکایەتی شارەوانین کە بریتین لە دوکان، کۆگا، سوپەرمارکێت، زەوی لە بازاڕە هاوچەرخەکان، بازاڕی لەنگە و هەردوو ناوچەی پیشەسازیی باکوور و باشووری هەولێر، داهاتی فرۆشتنی زەویی ڕوکن و نایاب، وەرگرتنی پارەی زبڵ و خاشاک و ڕەسمی تابلۆی پێناس لە شوێنە بازرگانییەکان، هەروەها بەشێکی دیکەی بریتییە لە پارەی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی وەک ڕەسمە جۆراو جۆرەکانی مۆڵەتی خانوو و باڵەخانەکان.

سامان محەممەد دەڵێت: "تێکڕای داهاتی ساڵی ڕابردووی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و هەر شەش شارەوانییەکە بێجگە لە فەرمانگەکانی ژینگەپارێزی، ئەندازەی پارک و باخچەکان و فەرمانگەی پارکی سامی عەبدولڕەحمان، 25 ملیار و 487 ملیۆن دینار بووە، نزیکەی 3 ملیار و 608 ملیۆن دینارمان لە فرۆشتنی زەوی ڕوکن و نایاب و 5 ملیار دینار لە پارەی زبڵ و خاشاک و پیناسی تابلۆی بازرگانی، 500 ملیۆن دینارمان لە پارەی ڕێکلامی سەر شەقامەکان دەستکەوت، پارەکەی دیکەشی بەشێکی کەمی پارەی رسوماتی مۆڵەتی خانووبەرە و باڵەخانە بووە، بەشە زۆرەکەشی هی کرێی ئەو 15 هەزار گرێبەستەیە کە هەمانە".

لەچوار چێوەی زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجییەکان، ساڵی 2016 ئەنجوومەنی وەزیران پێداچوونەوەی بە نرخی خزمەتگوزاریی شارەوانییەکان کرد و ڕسوماتەکانی مۆڵەتی دروستکردنی خانوو و باڵەخانەی بەڕێژەیەکی بەرچاو زیاد کرد، بڕیاری وەرگرتنی پارەی زبڵ و خاشاک و ڕەسمی تابلۆی پێناسی شوێنە بازرگانییەکانیشی دەرکرد، بەمەش داهاتی شارەوانییەکان زیادی کرد.

بەپێی ڕێنماییەکان پێشتر مانگانە 20%ی داهاتەکانی شارەوانی بۆ پرۆژەکانی شارەوانی بوو، بەڵام دواتر بۆ 17% کەمکرایەوە. سامان محەممەد دەڵێت :"ئەو کەمە داهاتە بەشی خەرجیی تەواوی پرۆژەکانمان ناکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ساڵی ڕابردوو توانیمان بەو نۆ ملیار دینارەی وەرمانگرت 139 پرۆژە لە سنووری شارەوانیی هەولێر جێبەجێ بکەین. تەواوی شەقامەکانی هەردوو گەڕەکی ڕاستی و 32ی پارکمان قیرتاو کرد، لەگەڵ چەند ناوچەیەکی گەڕەکی هەولێری نوێ، هەروەها نزیکەی 500 ملیۆن دینارمان بۆ نۆژەنکردنەوەی بازاڕی قەیسەری تەرخان کرد، نزیکەی 500 ملیۆن دینارمان بۆ پێویستییەکانی پارک و باخچەکان وەک بیر لێدان و کڕینی پەیین و دار خەرج کرد".

پێش قەیرانی دارایی مانگانە پێشینەیەکی 75 ملیۆن دیناری بۆ خزمەتگوزاری هەر شارەوانییەک دابین دەکرا، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران ئەم پێشینەیەی بۆ 21 ملیۆن دینار کەمکردەوە. ئەمە جگە لەوەی شارەوانەکانییەکان 17%ی داهاتەکەیان بۆ خۆیان هەڵدەگرنەوە.

### شارەوانیی یەک دەوڵەمەندترینیانە

شارەوانیی یەک کە زۆرتر گەڕەک و بازاڕەکانی سەنتەری شار لەخۆدەگرێ، نزیکەی 11 هەزار یەکەی بازرگانی هەیە، بۆیە داهاتی ئەم شارەوانییە بە تایبەت لەپارەی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک و ڕەسمی تابلۆی پێناسی بازرگانی لە شارەوانییەکانی دیکە زیاترە.

بەپێی ئامارێک کە لە شارەوانی یەک دراوەتە (ڕووداو)، داهاتی ئەم شارەوانییە لە سێ ساڵی ڕابردوودا بەڕێژەی 68% زیادی کردووە، بەجۆرێک لە ساڵی 2016 کۆی داهاتەکەی 433 ملیۆن و 366 دینار بووە، لە ساڵی 2017 بووەتە 904 ملیۆن و 399 هەزار دینار، بەڵام ساڵی ڕابردوو داهاتەکەی یەک ملیار و 354 ملیۆن دینار بووە، کە ملیارێک و 128 ملیۆن دیناری پارەی زبڵ و خاشاک و ڕەسمی تابلۆ و پێناسی بازرگانی بووە.

مەروان هادی، بەڕێوەبەری شارەوانیی یەک دەڵێت: "نزیکەی 17%ی داهاتمان پێدەدرێت کە لە سنووری شارەوانییەکەمان کۆدەکرێتەوە. بەپێی ڕێنماییەکانیش تەنیا بۆمان هەیە لە پرۆژەی خزمەتگوزاری خەرجی بکەینەوە، بەڵام پارەکە بەراورد بە پێویستییەکانمان زۆر کەمە، بۆیە تەنیا لەو پرۆژانە خەرجی دەکەین کە زۆر پێویستن".

خەرجی ساڵی ڕابردووی سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر نزیکەی 67 ملیار و 506 ملیۆن دینار بووە، ئەم خەرجییەش نزیکەی 9 ملیاری بۆ جێبەجێکردنی 139 پرۆژە بووە، نزیکەی 30 ملیاری دیکەی بۆ پاککردنەوەی شار و بەشەکەی دیکەشی بۆ مووچەی فەرمانبەران خەرجکراوە، بەو پێیە شارەوانیی هەولێر ساڵی ڕابردوو خەرجییەکانی زۆرتر بووە لە داهاتی.

ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کەمکردنەوەی خەرجی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک، کۆتایی ساڵی 2016 بڕیاری دا بڕە پارەیەک بۆ خزمەتگوزاریی فڕێدانی زبڵ لە هەر ماڵێک وەربگیرێت، بەڵام بەهۆی خراپیی بارودۆخی دارایی خەڵک، ئەم بڕیارە تا ئێستا جێبەجێ نەکراوە.

سامان دەڵێت: "لەڕێگەی پێداچوونەوە بەکرێی گرێبەستەکان بەگشتی و گەشەپێدان بەڕێکلامی شەقامەکان، هەوڵدەدەین قۆناغ بەقۆناغ داهاتەکانمان زیاد بکەین تا دەگەینە ئاستی خۆبژێوی، بەڵام ئەمە پێویستی بە کاتە، چونکە نامانەوێت بەجارێک باری سەرشانی خەڵک قورس بکەین".

گوتیشی :"پاککردنەوەی شاریش دراوەتە شەش کۆمپانیای کەرتی تایبەت، خەرجیی مانگانەکەی نزیکەی 2 ملیار تاوەکو 2.5 ملیار دینارە، گرێبەستەکانیان تەواو بووە، بەڵام شەش مانگمان بۆ درێژکردوونەتەوە. دوای ئەم ماوەیە تەندەری نوێ ئامادە دەکەین، کەمترین نرخ کێ بیدات دەیدەین بە ئەو".



داهاتی ساڵی ڕابردووی شارەوانیی هەولێر نزیکەی 30 ملیار دینار بووە

(فۆتۆ: ڕووداو)

# هەر نەوت نا، کەرتی گەشتیاریش لەبیر مەکەن





سیپان شێروانی
مامۆستای زانکۆ

نەوت و گەشتیاری، دوو کەرتی گرنگ و سەرەکین لە ئابووریدا، زۆربەی وڵاتانی خاوەن پێترۆڵ هاوکات گرنگی بە هەردوو کەرتەکە دەدەن، ئەوەی لێرە مەبەستمانە باسی بکەین، پەیوەندی نێوان کەرتی نەوت و کەرتی گەشتیارییە. چۆن و بۆچی گرنگە هەرێمی کوردستان لە یەک کاتدا پەرە بە هەردوو کەرتەکە بدات؟

زۆر لەو وڵاتانەی نەوتێکی باشیان هەیە و پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن، وەکو وڵاتانی ئەندام لە ئۆپێک، ڕەنگە جیۆلۆجی ئەم وڵاتانە تاکە هۆکار بێت بۆئەوەی کەرتی نەوت ڕۆڵی هەبێت لە داهاتەکەیان، چونکە نەوت سەرچاوەیەکی سروشتییە، ئەگەر لە شوێنێک نەبێ، هەموو هەوڵی خۆشت بخەیتە گەڕ ناتوانێ بەرهەمی بهێنی، بەڵام کەرتی گەشتیاری پێچەوانەی نەوتە، هیچ پەیوەندی بە سروشت و جیۆلۆجییەوە نییە. ئەگەر جاران وا لێکدرابێتەوە کە ئاو و هەوای فێنک و شاخاوی و سروشتێکی جوان شوێنی گونجاون بۆ گەشتیاری، دوای دەرکەوتنی دوبەی وەک ناوچەیەکی گەشتیاری جیهانی کە مانگی ڕابردوو ئاهەنگی گەیشتنی گەشتیاری ژمارە یەک ملیاری ساز کرد، پێمان دەڵێت ئیدی دەتوانین وڵاتێکی گەشتیاری لە هیچەوە دروست بکەین، با سروشت و کەشوهەوایەکی سەرنجڕاکێشیشمان نەبێ.

لە سەدەی ڕابردوودا چ بەهۆی بەرقەراربوونی ئاسایشی جیهانی و کەمبوونی کێشمەکێشە نێودەوڵەتییەکان، چ بەهۆی بەرەوپێشچوونی هۆکارەکانی گواستنەوە، گرنگیی کەرتی گەشتیاری لە جیهاندا لە هەڵکشاندایە و هەم خەڵکی زیاتر گرنگی بە گەشتکردن دەدەن، هەمیش حکومەتەکان مکوڕتر دەبن لەسەر زیادکردنی داهاتەکەیان لە ڕێگەی کەرتی گەشتیاری. ساڵی ڕابردوو زیاتر لە 12 ملیۆن گەشتیار سەردانی ئەرجەنتینیان کردووە، نزیکەی 40 ملیۆنیش سەردانی تورکیایان کردووە کە 30 ملیار داهاتی بۆ تورکیا هەبووە، ئەوەش دەکاتە 11.7%ی کۆی داهاتی نەتەوەیی (GDP). هەر ساڵی ڕابردوو 17 ملیۆن گەشتیار سەردانی دوبەیان کردووە. ئەم سێ نموونەیە لە کیشوەری جیاواز و ئاووهەوای جیاواز دەرخەری ئەوەیە کە نە جوگرافیا و نە ئاو و هەوا هۆکار نین بۆ ئەوەی ببی بە وڵاتێکی گەشتیاری. ئێستا زۆربەی وڵاتان گرنگی بەو کەرتە دەدەن، بە جۆرێک لە هەر 10 هەلی کار یەکێکیان لەو کەرتەیە. کەرتی گەشتیاری 10.5%ی داهاتی جیهان پێکدێنێ.

ئەگەر لە جیهاندا بەراوردێک بکەین لەنێوان گەورەترین بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و پڕگەشتیارترین وڵاتانی جیهان دەبینین بەم شێوەیەیە:

لە ڕووی گەشتیارییەوە لە ساڵێکدا

فەرەنسا: 86.9 ملیۆن گەشتیار
ئیسپانیا: 81.8 ملیۆن گەشتیار
ئەمەریکا: 75.9 ملیۆن گەشتیار
چین: 60.7 ملیۆن گەشتیار
ئیتاڵیا: 58.3 ملیۆن گەشتیار

ئاستی ڕۆژانەی گەورە بەرهەمهێنەرانی نەوت.

ئەمریکا: 14.1 ملیۆن بەرمیل
سعودیە: 12.6 ملیۆن بەرمیل
ڕووسیا: 11.1 ملیۆن بەرمیل
کەنەدا: 4.87 ملیۆن بەرمیل
عێراق: 4.48 ملیۆن بەرمیل

ئەگەر سەرنج بدەین لە لیستی پێنج لە بەهێزترین وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوت و گەشتیاری دەبینین تەنیا ئەمریکایە ناوی لە هەردوو لیستەکەدایە. واتە مەرج نییە وڵاتێک کە نەوتی هەبێ بتوانێ گەشتیاری بێ. یان وڵاتێک گەشتیاری بوو، هەناردەکاری نەوتیش بێ.

## بۆچی نەوت و گەشتیاری پێکەوە؟

پێشتر ئاماژەم بۆ کرد کە لە زۆر بواردا ئەم دوو کەرتە هاوتەریبن و لە زۆر ڕووشەوە پێچەوانەن، ئەوەی لە هەمووی گرنگترە لەڕووی داهاتەوەیە، چونکە ئامانجی سەرەکی لە هەردوو کەرتەکە دەستکەوتنی داهاتە. گەوهەری ئەم دوو کەرتە بەیەکەوەیەوە، لەڕووی بەدەستهێنان و دابەشکردنی داهاتەوە ئەو دوو کەرتە پێچەوانەی یەکن. دەبن بە تەواوکەرێکی زۆرباشی یەکدی. بەرهەمهێنان و فرۆشتن لە کەرتی نەوتدا لە ژێردەستی حکومەتەکاندایە و ڕاستەوخۆ دەچێتە خەزێنەی حکومەتەوە، خەڵکیش بەگشتی بە ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی پڕۆژە گشتی و خزمەتگوزارییەکان و مووچە و ڕێگەی دیکە لێی سوودمەند دەبن، بەڵام داهاتی کەرتی گەشتیاری ڕێک بە پێچەوانەی نەوتە، چونکە زۆرینەی یەکە و پرۆژە گەشتیارییەکان هی کەرتی تایبەتن و خەڵکێکی زۆر خاوەندارێتی دەکەن و کاری تێدا دەکەن، داهاتی کەرتی گەشتیاری یەکەمجار بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ دێتە گیرفانی خەڵکەوە و حکومەتیش بەشێوازی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی وەرگرتنی باج و ڕسوماتەوە لێی سوودمەند دەبێت. بەمەش جۆرێک لە هاوسەنگی و دادگەری دروست دەبێت لە دابەشکردنەوەی داهاتی نەتەوەیی کە زۆرینەی داهات ڕاستەوخۆ ناچێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە و خەڵکیش بە تەواوی چاوی لە دەستی حکومەت نابێت و بچووکترین بڕیاری حکومەت زۆرترین کاریگەری لەسەر بژێوی و ژیانی زۆرینەی خەڵک بکات، بەڵکو بەم شێوازە بەشێکی داهات لەبەردەستی حکومەت دەبێت و پڕۆژە گشتی و گرنگەکانی پێی جێبەجێ دەکات، بەشێکیشی ڕاستەوخۆ لە دەستی خەڵکدایە و ژیانی خۆی پێ ئیدارە دەکات.

## نەوت - گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان

ئەگەرچی هەرێمی کوردستان بە هەرێمێکی نەوتی ناسراوە و زۆربەی داهاتی نەتەوەیی لە کەرتی نەوتەوەیە، بەڵام کەرتی گەشتیاریش لە بەهێزترین سەرچاوە نانەوتییەکانی حکومەت و خەڵکی هەرێمی کوردستانە. لە ساڵانی ڕابردوودا کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە هەم لەڕووی زیادبوونی وەبەرهێنان لەم کەرتەدا، هەمیش زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران. لە ماوەی نێوان 2006 تا 2019 چ وەبەرهێنەرانی بیانی، چ لۆکاڵی، وەبەرهێنانێکی زۆریان لە کەرتی گەشتیاریدا کردووە کە بایی 6.66 ملیار دۆلار بووە. ئەمە دەکاتە نزیکەی 14%ی کۆی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان. ژمارەی گەشتیاران سێ ملیۆن گەشتیاری لە ساڵێکدا تێپەڕاندووە، ئەمەش ژمارەیەکی قەبەیە بۆ هەرێمێک کە دانیشتووانەکەی 5.7 ملیۆن کەسە.

لەڕوانگەی نەوتیش، هەرێمی کوردستان لە دوای بڕینی بەشە بودجەکەی لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، نەوت بوو بە فریادڕەسی و نەیهێشت بکەوێ، ئێستا ئاستی ڕۆژانەی نەوتی کوردستان نزیکبووەتەوە لە 400 هەزار بەرمیل، بەڵام بەشێک لە داهاتەکەی دەڕوات بۆ دانەوەی قەرزەکانی حکومەت، نەوت زۆرترین داهاتی حکومەت دەستەبەر دەکات، بۆیە هەرێمی کوردستان بە وڵاتێکی نەوتی دادەنرێت.

لە هەرێمی کوردستان چەمکی نەوت-گەشتیاری دەتوانێت ڕۆڵێکی باش ببینێ و هەردووکیان بەیەکەوە پەرەیان پێبدرێت، بەمەش وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا، جۆرێک لە یەکسانی و دادگەری لە دابەشبوونی داهاتی نەتەوەیی دروست دەبێت لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیاندا، بەتایبەتی ئەوانەی لە کەرتی گەشتیاری کاردەکەن. بوونی پارە لە کەرتێکی ئابووریدا ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی بوونی پارە لە کەرتەکانی دیکەشدا، چونکە ئەو داهاتەی کە وەبەرهێنەر و کارکەران لە کەرتی گەشتیاری دەستیاندەکەوێت، لە بوارەکانی دیکە خەرجی دەکەن و دەبێتە دەستپێکی ساناتر و خێراتری کارکردن بە چەمکە بەناوبانگەکەی ئادەم سمیس کە پێیدەگوترێ دەستی شاراوە (invisible hand) و کاریگەرییەکی هەمەلایەنەی ئەرێنی دەبێت بەسەر ئابووریی وڵات و خەڵکیش هێندە چاوی لە دەستی حکومەت نابێ.

لە کوردستان بایی 6.6 ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاریدا کراوە

(فۆتۆ: ڕووداو)

# چین دەست لە نەوتی ئێران هەڵناگرێ

ڕووداو- هەولێر

کۆمپانیایەکی حکومیی چین بە نیازە گرێبەستێکی گەورە پێشکەش بە تاران بکات، تاوەکو ڕێگەی پێبدەن سێ ملیار دۆلار وەبەرهێنان لە کێڵگەیەکی نەوتی ئەو وڵاتە بکات. ئەو هەنگاوەی کۆمپانیا چینییەکە لە کاتێکدایە کە ئەورووپییەکان لە چەند مانگی ڕابردوودا گرێبەستەکانی کڕینی نەوت لە ئێران و پەرەپێدانی کێڵگەکانی ئەو وڵاتەیان ڕاگرتووە. کۆمپانیا چینییەکە بەنیازە سوود لەو لێخۆشبوونە ببینێ کە ئەمریکا بە ژمارەیەک وڵاتی داوە بۆ ئەوەی کار لەگەڵ کەرتی نەوتی ئێراندا بکەن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە کۆمپانیای بەرهەمە کیمیایی و نەوتییەکانی چین (ناسراو بە سینۆپێک) کۆمپانیای نیشتمانیی نەوتی ئێرانی ئاگادارکردووەتەوە کە دەیانەوێ پشکێکیان لە بەرهەمی کێڵگەیەکی نەوتی ئێران پێبدرێ، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو لێخۆشبوونەی ئەمریکا بۆ هەشت وڵاتی دەرکردووە.

قۆناغی دووەمی سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا لەدژی ئێران لە مانگی تشرینی دووەمی پارساڵەوە کەوتوونەتە کار و یەکێک لە ئامانجەکانی کەمکردنەوەی هەناردەی نەوت و غازی سروشتیی ئێرانە، بەڵام هەر ئەو کات ئیدارەی واشنتن ڕێگەی بە هەشت وڵات دا بۆ ماوەی شەش مانگی دیکە نەوت لە ئێران بکڕن. هەشت وڵاتەکە بریتین لە چین، ژاپۆن، کۆریای باشوور، هیندستان، تورکیا، تایوان، ئیتاڵیا و یۆنان. لە چەند هەفتەی ڕابردوودا هەر یەک لە یۆنان و ئیتاڵیا کڕینی نەوتی ئێرانیان ڕاگرتووە.

بڕیاری لێخۆشبوونەکەی کۆشکی سپی تەنیا کڕینی نەوت لە ئێران دەگرێتەوە و وەبەرهێنان لەخۆناگرێ، بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (جورناڵ) کۆمپانیای سینۆپێک وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای ئاگادارکردووەتەوە کە هەوڵەکەی ئەوان سزاکانی ئەمریکا پێشێل ناکات، لەبەر ئەوەی زیاترکردنی وەبەرهێنان بەشێک لەو گرێبەستانە پێکدەهێنن کە پێشتر واژۆکراون.




ئەمریکا ناتوانێ قەناعەت بە چین و هیندستان بهێنێ لە ئایاری ئەمساڵەوە دەستبەرداری نەوتی ئێران ببن

چین ڕۆژانە 360 هەزار بەرمیل نەوت لە ئێران دەکڕێ، کۆمپانیا چینییەکەش بەنیازە بایی سێ ملیار دۆلار لە کێڵگەی یاداوەران لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران وەبەرهێنان بکات. خەڵکانی ئاگادار بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە ئەگەر ئێران بە مەرجە سەختەکانی سینۆپێک قایل بێ، ئەوە ئاستی بەرهەمهێنان لەو کێڵگەیەی پارێزگای خوزستان دوو بەرامبەر دەبێ و لە شەش مانگی داهاتوودا دەگاتە 180 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە کۆمپانیای سینۆپێک مەرجی یەکجار قورسی داناوە، لەوانەش بەکارهێنانی ئەو کەلوپەلانەی کە خۆیان هەڵیاندەبژێرن و لە چین بەرهەمهاتوون، هەروەها داواشی کردووە خەرجییەکانی کۆمپانیاکەش لەگەڵ یەکەم تاقیکردنەوەی کێڵگەکەدا بە کۆمپانیاکە بدرێنەوە.

ئێران بەوە ناسراوە کە سیاسەتێکی ناسیۆنالیستی لە کەرتی نەوت و غازدا پەیڕەو دەکات، بۆیەش لە بارودۆخێکی ئاساییدا مەرج و داواکاری قورس لەسەر وەبەرهێنەران دادەنێ. لەوانەش بەکارهێنانی کەرستە و شارەزایی نێوخۆیی، لە کاتێکدا دانەوەی خەرجییەکانی کۆمپانیاکانیش بەهۆی ڕێوشوێنی سەختی ئیدارییەوە چەندین ساڵی پێدەچێ.

حکومەتی ئەمریکا لە مانگی ئایاری 2018ەوە کشانەوەی وڵاتەکەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی نێوان ئێران و کۆمەڵەی 5+1 ڕاگەیاندووە، لەو چوارچێوەیەشدا سزا ئەتۆمییەکانی ئەمریکا جارێکی دیکە بەسەر کەرتە جیاجیاکانی ئابووریی ئێراندا دەسەپێنرێنەوە. ئەم سزایانە وایانکردووە ئێران لە دۆخێکی ئاساییدا مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان و هەوڵی وەبەرهێنانیان لە کەرتی وزەی ئێراندا نەکات.

ئێران خاوەنی دووەم گەورەترین یەدەگی غازی سروشتی و چوارەم گەورەترین یەدەگی نەوتە لە جیهاندا. بەو حاڵەشەوە کۆمپانیای زەبەلاحی وەکو تۆتاڵی فەرەنسی پێش دەستپێکردنی قۆناغی دووەمی سزاکانی ئەمریکا لە کەرتی وزەی ئێران کشانەوە. جیا لەمە تایوان، ئیتاڵیا و یۆنان کڕینی نەوت لە ئێرانیان ڕاگرتووە، لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی سزاکانی ئەمریکا پێشێل نەکەن. دوو وڵاتە ئەورووپییەکە ڕۆژانە 300 هەزار بەرمیل نەوتیان لە ئێرانەوە هاوردە دەکرد.

ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران لە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوودا نزیک 2.4 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بوو، بەڵام لە سەرەتای ئەمساڵ ئەو ئاستە بۆ یەک ملیۆن و 100 هەزار بەرمیل دابەزیوە، بەو پێیەش ئاستی هەناردەی ئێران لە چاو بەهاری ساڵی ڕابردوو بە ڕێژەی 60٪ دابەزیوە.

بڕیاری لێخۆشبوونەکەی ئەمریکا بۆ هەشت وڵاتەکە لە مانگی ئایاری ئەمساڵ کۆتایی دێ. برایان هووک، نوێنەری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ئێران، ڕایگەیاندووە ئەگەر نرخەکانی نەوت لەو ئاستە نزمەی ئێستا بمێننەوە، ئەوە ئەمریکا بڕیاری لێخۆشبوونەکە نوێ ناکاتەوە.

تاوەکو ئێستا دیار نییە ئەمریکا بتوانێ ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران بۆ ڕێژەیەکی بەرچاو لە یەک ملیۆن بەرمیلیش کەمتر بکاتەوە، لە کاتێکدا چین سوورە لەسەر ئەوەی نەوت لە ئێران بکڕێ، شارەزایانی سیاسەتی نەوتیش پێیانوایە ئەگەری زۆرە ئەمریکا ماوەی لێخۆشبوونەکە درێژبکاتەوە، بەڵام ژمارەی ئەو وڵاتانەی بڕیارەکە دەیانگرێتەوە کەمدەکاتەوە، ئەمەش لەلایەکەوە بۆ پاراستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ چین و هیندستان و لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی نرخەکانی نەوت لەپڕ بەرز نەبنەوە.

ژمارەیەک شارەزای بازاڕەکانی نەوت بە ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانییان ڕاگەیاندووە چین، ژاپۆن، کۆریای باشوور و تورکیا لەو وڵاتانە دەبن کە درێژکردنەوەی لێخۆشبوونەکە دەیانگرێتەوە. بڕیاری لێخۆشبوونەکەی مانگی تشرینی دووەم یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دابەزینی نرخەکانی نەوت لە چەند مانگی ڕابردوودا بووە،کە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، وەکو یەکێک لە ئەولەوییەتەکانی ئیدارەکەی خۆی سەیری دەکات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)، ئیدارەی ئەمریکا ناتوانێ بە ئاسانی قەناعەت بە چین و هیندستان بهێنێ لە مانگی ئایاری ئەمساڵەوە هاوردەی نەوتی ئێران ڕابگرن، بۆیەش دەشێ بەوە قایل بن کە ئەو وڵاتانە کڕینی نەوت لە ئێران کەمبکەنەوە، بێ ئەوەی ناچاربن بە تەواوەتی ڕایبگرن، بەمەش ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران کەمکراوەتەوە، بێ ئەوەی کاریگەرییەکی سایکۆلۆژی گەورە لەسەر نرخەکان دابنێ.

> **ئەمریکا ماوەی لێخۆشبوون بۆ هەندێک وڵات درێژ دەکاتەوە**
>
> شارەزایان

## هەژار زەهاوی ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاوکردەوە




**ڕووداو- هەولێر**

هەژار زەهاوی هونەرمەندی دیاری کورد، نوێترین ئەلبوومی خۆی بەناوی ڕەگی کۆن و گەڵای نوێی بۆ یەکەمجار لە شاری سلێمانی بڵاوکردەوە.
هەژار زەهاوی بە (ڕووداو)ی گوت :"ئەلبوومی میوزیکی ڕەگی کۆن و گەڵای نوێ بە سپۆنسەری تۆڕی میدیایی ڕووداو بڵاوکرایەوەو بۆ یەکەمجاریش لە شاری سلێمانی ڕێورەسمی بڵاوکردنەوەی بەڕێوەچوو". لە ئەلبوومەکەی هەژار زەهاویدا چەندین هونەرمەندی ناوداری جیهانی بەشداریان تێدا کردووەو میوزیکیان لەگەڵ ئەودا ژەنیوە. زەهاوی زیاتر لە 25 ساڵە لە بواری ژەنینی ئامێری دەفدا کاردەکات و لە چەندین وڵات و لەگەڵ چەندین هونەرمەندی بیانیشدا کۆنسێرتی پێشکەشکردووە.

## هانی، خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژ بۆ (ڕووداو)

# گۆرانییە نوێیەکەم قسەی دڵی من و کۆچبەرانە



هانی، خانمە هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەفتەی ڕابردوو بەرهەمێکی تازەی خۆی لە یوتیوب بڵاوکردەوە کە لە شیعری ئەحمەد شاملوە. هانی دەڵێت ئەم گۆرانییە قسەی ناخی هەموو کوردێکە کە وڵات و زێدی خۆی لەژێر گوشاری دیکتاتۆریدا بەجێهێشتووە. هانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) زۆرتر لەبارەی گۆرانییە نوێیەکەی قسە دەکات.

**هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

خەریکی پرۆژەیەکم بەناوی ئەلیکترۆنیک میوزیک



**ڕووداو: چۆن بوو تێکستی ئەحمەد شاملوت بۆ ئەم گۆرانییە هەڵبژارد؟**

**هانی:** هەڵبژاردنی ئەم تێکستە پەیوەندی بەوە هەیە کەوا من یەک مانگە هاتووەتە سەرم شیعری ئەم شاعیرە بکەمە گۆرانی. هەڵبەتە کاک بەرۆژ ئاکرەیی ئەو شیعرەی بۆ ناردم، گوتی زۆر جوانە بۆ گۆرانی، من پێشتریش لە منداڵییەوە لەگەڵ ئەو شاعیرە و کەسایەتییەکەی دەژیم، هەر لە خەیاڵمدا بوو کە ئەم تێکستە بکەمە گۆرانی، بەڵام نەمدەزانی بە چ شێوازێک بیکەمە گۆرانی، ئایا بە شێوازی مەقام و مەوال بیڵێم یان بە گۆرانیی ئازاد. ئەحمەد شاملو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر هەواداری هەیە، ئەو منی دروستکرد، لەگەڵ هەست و ئازارەکانی دەژیام، شیعرەکانی ئەو لە گۆرانی و مەقامەکانمدا ڕەنگیان داوەتەوە. ئەم شیعرەی قسەی دڵی زۆر کەسە، قسەی دڵی ئێمە وەکو پەنابەر و کۆچبەر دەکات، ئەمانە هۆکاری ئەوە بوون کە من ئەم شیعرەم هەڵبژارد.

**ڕووداو: پێشتر ئامادەکاریت بۆ ئەم گۆرانییە نەکردبوو؟**

**هانی:** من پرۆژەیەکم لەگەڵ هونەرمەند مەجید کازمی بۆ تۆمارکردنی یەک دوو گۆرانی هەبوو، چوومە دوسلدۆرف. سەرەتا دوودڵ بووم، گوتم نەوەک مەجید کازمی ئەم کارەم بۆ تۆمار نەکات، چونکە بەرنامەم بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکی فارسی هەبوو، بەڵام کاتێک بە کاک مەجیدم گوت یەکسەر بەبێ ئامادەکاری تۆمارمان کرد، من هەر شیعرەکەشم لەبەر نەکردبوو، گوتمان با لەسەر ئایپادێک دایبنێین ئینجا تۆماری بکەین، بەڵام دواتر گوتمان با لە کامیرا دەرنەچێت.

**ڕووداو: بەنیاز نیت لە گوتنی مەقاماتدا ڕێچکەی خۆت دیاری بکەی؟**

**هانی:** بەڵێ لەبەرنامەمدایە کە لە ئایندەدا مقاماتی تایبەت بەخۆم دابنێم، واتە ڕێچکەی تایبەت بە خۆم دروستبکەم، پێشتر لە ئێران مقاماتم خوێندووە، هەوڵیشم داوە شارەزاییم لە شێوازی فلامینکۆ، گۆرانی و مقامەکانی هیندی و پاکستانی هەبێت، بۆ ئەوەی شێوازێکی نوێ بۆ خۆم دیاری بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گوێ لە مقاماتی عەرەبی دەگرم، دەمەوێت لە هەموویان شارەزایی و سوود وەربگرم.

**ڕووداو: کورد لە مقامات زۆر دەوڵەمەندە، حەز دەکەی لە کامە ستایلی هونەری کار بکەی؟**

**هانی:** بەڵێ کورد دەوڵەمەندە لە مقامات، منیش زۆر حەزم لە مقاماتە، شارەزاییم لە دەنگبێژی و لاوک و حەیران و قەتار هەیە. دەبێت نوێکاری تێدا بکرێت. ئێستا پرۆژەیەکم بەدەستەوەیە بەناوی ئەلیکترۆنیک میوزیک، بەڵام حەز دەکەم گۆرانی ڕیتمی و شاد بڵێم، لەگەڵ ئەوەشدا حەز دەکەم لەگەڵ ئۆرکێسترا گۆرانی بڵێم، حەز دەکەم لەگەڵ گرووپی میوزیکی جاز گۆرانی پێشکەش بکەم، واتە دەبێت لە هەموو بوارەکاندا کار بکەی، نەوەک دابنیشی و بڵێی من تەنیا مەقام دەڵێم، نەخێر من هەندێجار حەز دەکەم سەما بکەم و گۆرانی شاد بڵێم و هەندێجاریش گۆرانی سلۆ.

**ڕووداو: چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم مقاماتانە تێکەڵکێش بکرێن بە میوزیکی مۆدێرن؟**

**هانی:** هەڵبەتە ئێستا بەشێک لە هونەرمەندەکانی جیهان خۆشحاڵانە گەڕاونەتەوە بۆ فۆلکلۆر و ڕەسەنایەتی. گۆرانی و میوزیکی فۆلکلۆری خۆیان هێناوەتە نێو میوزیکی مۆدێرن. ئەمە شتێکی زۆر باشە، فۆلکلۆرت بەهێزتر دەکاتەوە، زۆر گرنگە فۆلکلۆر تێکەڵکێش بکرێت بە میوزیکی مۆدێرن، من پێموایە هەموو میوزیک و گۆرانییەکانی دونیا خزمایەتییان هەیە، بەڵام نابێت ڕەسەنایەتی خۆت لەبیر بکەی.

**ڕووداو: ئێستا زیاتر لەماڵەوە بەچی سەرقاڵی؟**

**هانی:** ژیانی من هەمووی میوزیک و گۆرانییە، ئێستاش وەکو قوتابییەک 24 کاژێر دەخوێنم و ڕاهێنان دەکەم، ژیانی من و هەناسەکێشانی من بۆ میوزیکە، دنیای من تەنیا بۆ گۆرانییە. هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە کە چ کارێک بکەم بۆ نەتەوەکەم و هونەرەکەم باش بێت.

**ڕووداو: پەیامی ئەم گۆرانییە تازەیە چییە؟**

**هانی:** ئەم گۆرانییە هەست و ناخ و دەنگی هەموو میللەتی کوردە، وەک دەزانین ئێمەی کوردی هەر چوار پارچە، هەریەکەمان کە دەچینە ئەوروپا و دەبینە پەنابەر و کۆچبەر، لەژێر گوشاری دیکتاتۆریدا هاتووین، کاتێک من دەڵێم کوردم، زۆر کەس دەڵێن نا تۆ ئێرانیت، دەبێت پێی بڵێی نەخێر من ئێرانییەکی کوردم، بۆیە دەبێ ئێمە لە ڕێگەی گۆرانییەوە خۆمان لەم ئازار و چەوساوەییە دەرباز بکەین. منیش وەکو هانی و ژنێکی ڕۆژهەڵاتی، ئەمەی دەیڵێم قسەی هەست و ناخی منە، من لە منداڵییەوە بەبێ دایک و باوک گەورە بووم، لەبەر ئەوەی دەمویست ببمە گۆرانیبێژ، کێشەم لەلایەن دەسەڵاتداران و بنەماڵەکەمەوە بۆ دروست دەکرا، ناچار بووم ماڵ و وڵاتەکەم و دوو منداڵ بۆ خاتری هونەر و گۆرانی جێبهێڵم، ئەو گۆرانییە ئەو پەیامەی هەیە کە من باسم کرد.

دەمەوێ مقامی تایبەت بە خۆم هەبێ

ئەحمەد شاملو منی دروستکرد

(فۆتۆ: ڕووداو)

## زیاد ئەسعەد گۆرانییەکانی فیلمەکەی ئامادە کردووە

# فیلمی سینەمایی "پەیکەری دڵ" گەیشتە قۆناغی مۆنتاژ



شوان عەتوف: بینەر فیلمەکەی زۆر بە دڵ دەبێت



**دەریاز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

فیلمی سینەمایی پەیکەری دڵ، لە دەرهێنانی شوان عەتوف کە هەریەکە لە گۆرانیبێژ هەڵۆێست و نارین ئالان ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەبینن، لە دوایین قۆناغی مۆنتاژدایە. ئەم فیلمە کە بڕیارە لە مانگی چواری ئەمساڵ لە سینەماکان نمایش بکرێت، تا ئێستا 300 هەزار دۆلاری تێدا خەرجکراوە، هەڵۆێست کە گۆرانیبێژێکی بەناوبانگە و ئەکتەری سەرەکی فیلمەکەیە، لە فیلمەکەدا پێنج گۆرانی دەڵێت کە هونەرمەند زیاد ئەسعەد گۆرانییەکانی ئامادەکردوون.

بەختیار فەتاح کە پرۆدیوسەری فیلمەکەیە، لەبارەی فیلمەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەم فیلمە ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژدایە، مانگی داهاتوو ترەیلەرەکەی بڵاودەبێتەوە، هەوڵدەدەین بۆ مانگی چواری ئەمساڵ ئامادەبێت و لە سینەماکان پیشان بدرێت، چاوەڕوانییەکی گەورەمان لە بینەر و خەڵکی کوردستان هەیە کە بچن بۆ بینینی فیلمەکە".

سەبارەت بە تێچووی فیلمەکە، بەختیار فەتاح دەڵێت: "تا ئێستا زیاتر لە 300 هەزار دۆلاری ئەمریکی بۆ بەرهەمهێنانی پەیکەری دڵ خەرجکراوە، فیلمەکە بە تەکنیکێکی نوێ و تەکنەلۆژیای سەردەم کاری بۆ کراوە، پێمانوایە قۆناغێکی نوێ دەبێت لە کاری سینەمایی لە باشووری کوردستان".

### ڕووداو سپۆنسەری میدیایی فیلمی سینەمایی پەیکەری دڵە

پەیکەری دڵ فیلمێکی ڕۆمانسییە، باس لە ژیانی هونەرمەندێک دەکات، (هەڵۆێست)ی گۆرانیبێژ ڕۆڵی سەرەکی لە فیلمەکەدا دەبینێ، هەڵۆێست لەبارەی فیلمەکە بە (ڕووداو)ی گوت: "دەرکەوتن لەو فیلمە بۆ من قۆناغێکی نوێی کاری هونەرییە، هیوادارم کارێکمان کردبێت کە شایەنی بینەر و هەوادارانمان بێت".

هەڵۆێست دەشڵێت: "پێنج گۆرانیم تایبەت بۆ فیلمەکە گوتووە کە گۆرانییەکان لە لایەن هونەرمەند زیاد ئەسعەد ئامادە کراون".

شوان عەتوف کە دەرهێنەری فیلمەکەیە، دەڵێت: "پەیکەری دڵ بەرهەمی کەرتی تایبەتە، قۆناغێکی نوێ دەبێت لە مێژووی سینەمای کوردی، بە هێز و تواناوە کارمان بۆ ئەو فیلمە کردووە، دڵنیام بەدڵی بینەر دەبێت".

لەبارەی کاریگەریی دەرکەوتنی گۆرانیبێژان وەک ئەکتەر لەم فیلمەدا، عەتوف دەڵێت: "دەرکەوتنی ژمارەیەک کەسایەتی بەناوبانگ لەو فیلمەدا کاریگەری ئەرێنی هەیە، هەریەک لەو ناوانەی کە ئەکتەری سەرەکی فیلمەکەن هەواداری خۆیان هەیە، هەوادارێ هەمووان دەبنەوە بینەری فیلمەکە، بۆیە پێمانوایە ژمارەیەکی زۆر خەڵک ئەو فیلمە دەبینن".

لە بارەی پێشبینی ژمارەی بینەر، بەختیار فەتاح پرۆدیوسەری فیلمەکە دەڵێت: "ئێمە بودجەیەکی تایبەتمان بۆ ڕێکلام و مارکێتینگی فیلمەکە ئامادە کردووە، پێشبینی دەکەین زیاتر لە 50 هەزار کەس لە باشووری کوردستان بینەری فیلمەکە بن، فیلمەکە بە ژێرنووسی عەرەبی و ئینگلیزی ئامادە دەکرێت، لەگەڵ چەند کۆمپانیایەک قسەمان کردووە بۆ ئەوەی فیلمەکە جگە لە کوردستان، لە ئیمارات و چەند وڵاتێکی دیکەش پیشان بدرێت".

نارین ئالان، هاوشانی هەڵۆێست ڕۆڵی سەرەکی لە پەیکەری دڵدا دەبینێت، یەکەم دەرکەوتنی نارین لە باشووری کوردستان لە هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان بوو کە وەک پێشکەشکار دەرکەوت، نارین خەڵکی سلێمانییە، هەڵگری پاسپۆرتی سوێدییە و لە دوبەی نیشتەجێیە، نارین

### پێشبینی دەکەین 50 هەزار کەس لە کوردستان سەیری فیلمەکە بکەن

لە بارەی بەشداریکردنی لەو فیلمەدا دەڵێت :"من ڕۆڵی سەرەکیم هەیە، کارەکتەری کچێکی دەوڵەمەند کە حەز لە کوڕێک دەکات، بەڵام باوکی ڕازی نابێت و بە زۆر دەیدات بەشوو. دواتر لەلایەن مێردەکەی و باوکییەوە زۆر ئازار دەدرێ. ئەمە چیرۆکی فیلمەکەیە".

چەندین ئەکتەری دیاری شاری سلێمانی لە فیلمەکەدا دەردەکەون، نزار سەلامی-ش ڕۆڵی هەیە، سەلامی دەڵێت "بە دڵ و گیان و ئەشقێکی گەورە کارمان بۆ ئەو فیلمە کردووە، بۆیە لە سەرکەوتنی بێگومانین".

فیلمی پەیکەری دڵ، بەرهەمی کۆمپانیای میترۆنۆمە، بە سپۆنسەری میدیایی تۆڕی میدیایی (ڕووداو) ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژدایە، بڕیارە لە مانگی چوار بچێتە سەر سکرینی سینەماکان و لە سەرجەم شارەکانی کوردستان نمایش بکرێ.



هەڵۆێست چەند گۆرانییەکی بۆ فیلمەکە تۆمار کردووە



پرۆدیوسەری فیلمەکە: تا ئێستا زیاتر لە 300 هەزار دۆلار لە فیلمەکە خەرجکراوە

# وێنەی ژن و منداڵێکی کۆچبەری کورد ئیتاڵییەکانی گریاند


تیمە فریاگوزارییەکانی ئیتاڵیا 51 کۆچبەری کوردیان لە خنکان رزگار کرد

شوان سدیق
ڕووداو – ڕۆما

ئەفریقایی هەمیشە وەک سیمبولی هەژاری و پەناخوازی سەیر دەکرێن، بەتایبەتی لە ئیتاڵیا، چونکە بەشی هەرەزۆری پەناخوازانی ئەفریقی لەڕێی ئیتاڵیاوە خۆیان دەگەیەننە وڵاتانی ئەوروپا. بەردەوامیش لە ترسی هەژاری و نەخۆشی ڕێگای پڕ لە مەترسی دەگرنەبەر بۆ ئەوەی ژیانێکی باشتریان هەبێت، بەڵام ئەمجارەیان هاوار و گریانی ژن و منداڵێکی کورد ئیتاڵییەکانی شۆک کرد و سەرۆکی شارەوانیی ناوچەیەکیش لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا بۆیان گریا.

چەند ڕۆژێک پێش بە هاناوەچوونی ژمارەیەک کۆچبەر، تیمە فریاگوزارییەکانی ئەو وڵاتە لە ناوچەی تۆڕێ مێلسیای ئیتاڵی 49 کۆچبەری ئەفریقییان لە خنکان رزگار کرد. کۆچبەرەکان خۆیان گەیاندە ناوچە کەناراوییەکانی نزیک ماڵتا، لەوێ چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە حکومەتی ئیتاڵیا پێشوازییان لێ بکات، بەڵام هەر زوو حکومەتی ئیتاڵیا ڕەتیکردەوە دەرگا بەڕووی ئەو کۆچبەرانەدا بکاتەوە.

ڕۆژی 10ی ئەم مانگە ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەرانی کورد لە ناوچە کەناراوییەکانی یۆنانەوە خۆیان گەیاندە سنووری ئیتاڵیا، ئەوان بەرەوڕووی ڕەوشێکی نەخوازراو بوونەوە، بەڵام چانسیان هەبوو، چونکە تیمێکی فریاگوزاریی ئیتاڵی لە ناوچە کەناراوییەکانی سنووری مێلیسا لە هەرێمی کەلابریا لە گەڕاندابوون. ئەو ناوچەیە کە قاچاخچییەکان کۆچبەرانیان بۆ ڕەوانە کردبوو، ناوچەیەکی دوور لە ئاوەدانییە، بەتایبەتیش کە ئێستا وەرزی زستانە و گەشتیار کەمتر ڕووی تێدەکەن.

وەک کۆچبەرەکان دەیگێڕنەوە، لەو کاتەی بەلەمەکەیان خەریک بووە نقوم ببێ، داوای هاوکاری و بە هاناوەچوونیان کردووە، لەو کاتەدا تیمی فریاگوزاری ناوچە کەناراوییەکانی ئیتاڵیا ئامادە دەبن، هەر زوو بەهانای ئەو کۆچبەرانەوە دەچن، سەرجەم کۆچبەرەکان کە ژمارەیان 51 کۆچبەر بووە، رزگار دەکەن.

جینۆ مورجی، سەرۆکی شارەوانیی تۆڕێ مێلیسای سەر بە پارێزگای کرۆتۆنی لە هەرێمی کەلابریای ئیتاڵیا ڕایگەیاند: "ئەو کۆچبەرانە هەموویان هاووڵاتی ئاسایین و کوردن. ژمارەیان 51 کەس بوو، ژن و منداڵ و گەنجیان تێدابوو، تیمەکانی ئێمە بەشەو بە هانایانەوە چوون و هاوکاری و پێداویستی سەرەتاییمان لەشوێنی ڕووداوەکە پێشکەشکردن، پاشان هەموویانمان ڕەوانەی شوێنێکی تایبەت کرد بۆ ئەوەی پشوو بدەن".

جینۆ مورجی لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنیدا گریا و گوتی: "ئەو کۆچبەرانە هەموویان هاووڵاتی ئاسایی بوون، ڕێگایەکی پڕ لە مەترسییان هەڵبژاردووە تا خۆیان بگەیەننە ئیتاڵیا، چەند جارێک خەریک بووە بخنێکن، ئەمە کارەساتێکی گەورەیە ژن و منداڵی سێ مانگی ئەم ڕێگایە بگرنەبەر. من خۆم ئەوانم بینی، بارودۆخی ژیانیان خراپ بوو، ڕووبەڕووی کەمخۆراکی و سەرما و ترس ببوونەوە".

گریانی سەرۆکی شارەوانیی شارۆچکەی تۆڕێ میلیسا، لە ناوەندە میدیایی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا. زۆرترین پەیج و ئەکاونتی هاووڵاتیانی ئیتاڵی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک وێنەی ئەو ژنە کوردە و منداڵە سێ مانگییەکەیان بڵاوکردەوە. کۆمێنتی بەشداربووانیش دەربڕینی دڵگرانی بوو بۆ ئەو پەناخوازە کوردانە کە ڕێگایەکی سەخت دەبڕن لە پێناوی ژیانێکی باشتر.

جیانی جالۆ، پیاوێکی تەمەن 45 ساڵانە، لە ئەکاونتەکەی خۆی نووسیویەتی: "هاوکاریی ئەم پەناخوازانە کارێکی جوانە، کاتێک گوێم لە گریانی سەرۆکی شارەوانی بوو، جوانترین وشەم بیرکەوتەوە کە بیڵێم، ئەویش دەڵێم: ئیتاڵییەکان میللەتێکی جوانن، دەست بەڕووی بێگانە و لێقەوماوانەوە نانێن".

هەروەها خاتوونێکی ئیتاڵی بە ناوی مارچێلا دەڵێت، ئیتاڵییەکان پێشوازی لە بێگانە و لێقەوماوان دەکەن، ئەمە کارێکی باشە بۆ هەموومان کە دەتوانین هاوکاری لێقەوماوان بکەین، بەڵام با ئەوەیشمان لەبیرنەچێت، لە ئیتاڵیا گرفتی شوێن و دەرفەتی کار قورسە، ئایا دوارۆژی ئەوان چی دەبێ، خۆ دەبێت ئێمە بیر لەم لایەنە گرنگەش بکەینەوە، بەڵام بەداخەوە عاتیفە بەسەرماندا زاڵە.

پێشوازیی ئیتاڵییەکان لە کۆچبەران لەکاتێکدایە حکومەتی نوێی ئەم وڵاتە لە هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ ڕێگریکردن لە هاتنی کۆچبەران و پەناخوازان، لەگەڵ ئەوەش لە ناوخۆی ئیتاڵیا بڕیاری نوێی حکومەت ئەوەیە کە هاوکارییەکانی بۆ کۆچبەران کەمتر بکاتەوە، بڕیارەکە ئەو پەناخوازانەش دەگرێتەوە کە لەلایەن کۆمسیۆنی پەنابەرانەوە مۆڵەتی مانەوەیان دراوەتێ و هاوکارییەکەش تەنیا بۆ ماوەی شەش مانگە.

ئەم بڕیارەی حکومەت ناڕەزایی بەشێک لە ئیتاڵییەکانی لێکەوتەوە و پێیانوایە بڕیارێکی راسیستانەیە، بۆیە بڕیارەکە لەلایەن 100 شارەوانییەوە ڕەتکراوەتەوە و پێیانوایە هاوکاری کۆچبەران ئەرکە.

BIG STORY

## تەمەنی نەبووەتە چل ساڵ

# خانەقینییەک لە کرێکارییەوە دەبێتە ملیۆنێر

لە چێشتخانەیەکی شیکی شاری هایدلبێرگ بینیم. گەنجێکی پڕ جووڵە کە خەریکی خزمەتکردنی میوانەکان بوو. ناوی چێشتخانەکە (نزار)ـە و ئەو خاوەنیەتی. بەڵام ئەمە تەنیا یەکێکە لەو چەندین هوتێل و چێشتخانە و باڵەخانانەی کە نزار ئیبراهیمی خانەقینی خاوەنیانە. وەک خۆی دەڵێت، هێندەی پەیدا کردووە کە خۆی و منداڵەکانیشی لێی بخۆن و تەواو نەبێت، بەڵام بەوەندە رازی نییە و دەڵێت ژیان زۆری بەبەرەوە ماوە بۆ سەرکەوتنی گەورەتر.

هێمن عەبدوڵڵا
ڕووداو – ئەڵمانیا


نزار خانەقینی

### پارە چۆن پەیدا دەبێت؟

نزار تەمەنی نەبووەتە 40 ساڵ و ئێستا یەکێک لە ملیۆنێرە ناسراوەکانی هایدلبێرگە. بەڵام ئەو باش لەبیریەتی کە چۆن سامانەکەی سەنت بە سەنت بە سەختکۆشی و زیرەکی کۆکردووەتەوە. بەتایبەتیش کە منداڵ بووە و ماڵیان لە بەغدا بووە، جگەرەفرۆش بووە. لەوێ لە گەڕەکی شۆڕیجە شوێنێکی گۆڕینەوەی دراوی لێبووە. نزار هێندە لەو شوێنە بووە، شارەزای ئەوە بووە کەی دۆلار گران دەبێ و کەی هەرزان دەبێ، بۆیە هەرچەندە گیرفانی بەتاڵ بووە، بەڵام ئەوکاتەی دۆلار هەرزان بووە، بەقەرز هەندێکی کڕیوە و چاوەڕێی کردووە تا کاتی گرانبوونی هاتووە و فرۆشتوویەتی و پارەی قەرزەکەی داوەتەوە. ئەو بە پێکەنینەوە دەڵێت: "ئەوکات بۆمدەرکەوت کە پارەپەیداکردن عەقڵی دەوێ نەک گیرفانی پڕ".

نزار لە تەمەنی 17 ساڵیدا دەبێتە خاوەنی چێشتخانەیەکی خۆی لە بەغدا. ئێستاش کە بووەتە ملیۆنێر، کاتێک باسی ئەو چێشتخانەیە دەکات، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و دەڵێت: "لەوێ ئیشم زۆر باش بوو"! خانەوادەی نزار گەورەن و ژمارەیان زۆرە. ئەو دەڵێت لە ساڵانی نەوەتەکاندا خۆی و برایەکی بژێویی خێزانەکەیان پەیداکردووە و بە هەژاری ژیاون.

### هەموو شتێک بە پلان

نزار زۆر پێی گرنگە مرۆڤ هەرشتێک دەکات تەنیا بە حەز و دڵ نەیکات و پێش ئەوە پلانی بۆی هەبێت. ئەو دەڵێت کاتێک هاتووەتە ئەڵمانیا بە کرێکاری و قاپشووشتن دەستیپێکردووە، بەڵام هەمیشە پلانێکی لەخەیاڵدا بووە کە چۆن لە قاپشووشتن رزگاری ببێ: "بۆ نموونە دامنابوو کە چەند کاتم پێویستە بۆ فێربوونی زمان و دوای ئەوە چۆن دەتوانم ببمە خاوەنی ئیشێکی خۆم. من تاوەکو ئێستاش هەر وادەکەم و هەرچییەکم لە ژیاندا ویستبێ بە پلان بۆی چووم و بەدەستیشمهێناوە". یەکەمینجار کە نزار لە کرێکارەوە دەبێتە خاوەنکار ئەوکاتە بووە کە سوپەرمارکێتێک دەکاتەوە و کەرەستەکانی ناوی بە قیست دەهێنێت. سوپەرمارکێتەکە ئێستا بووەتە کافێ، بەڵام نزار لە دەوروبەری ئەوێ موڵکی کڕیوە و بەتەمایە لە ئایندەدا بیانکاتە باڵەخانەی گەورە.

### کۆنترۆڵی ئیش

ئەو هەمیشە تەماشای مۆبایلەکەی دەستی دەکات و ئەپێک دەکاتەوە کە کۆمەڵێک شاشەی بچکۆلەی لەسەرە. دواتر بۆم باسدەکات لەبەرئەوەی بزنس و کارەکانی زۆرن، ناچار کامێرای لە هەموو شوێنەکان داناوە و بەو ئەپە ڕاستەوخۆ دەیانبینێ و چاودێرییان دەکات. خۆی بەدەستی خۆی ئیشدەکات، بەڵام لە هەرشوێنێک سەرپەرشتیارێکی بڕواپێکراوی خۆی داناوە کارەکانی بۆ هەڵدەسووڕێنێ. ئەمەش وایکردووە کاتی هەبێت بۆ پیاسە و سەفەری درێژ بە وڵاتاندا.

> پادشای سوێد لە چێشتخانەی من نان دەخوات

### منداڵەکانی ئەمر دەکەن!

هاوژینەکەی نزار خەڵکی شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و سێ منداڵیان هەیە. ئەو دەڵێ سەرقاڵیی زۆر قەت وای نەکردووە کاتی بۆ منداڵەکانی نەبێت. بۆیەش بەیانیان خۆی دەیانباتە باخچەی ساوایان. هاوژینەکەشی دەڵێت: "نزار قەت سەرئێشەکانی سەر ئیش لەگەڵ خۆی ناهێنێتەوە ماڵەوە و کاتێک لەماڵەوەیە هەموو کاتەکەی بۆ ئێمەیە".

ئەوان لەئێستاوە پلانیان بۆ ئایندەی منداڵەکانیان داناوە. کوڕە گەورەکەیان دەبێ ببێتە بزنسمان. کچەکەیان وەک دایکی دەبێ ببێتە پارێزەر. بەڵام لەسەر کوڕە بچووکترەکەیان کۆک نین. دایکیان دەیەوێ ببێتە پزیشک، بەڵام نزار دەڵێ: پزیشک دەبێ بەدەستی خۆی ئیش بکات. من نامەوێ منداڵەکەم ئەمری پێبکرێ، بەڵکو دەبێ ئیشێک بکات خۆی ئەمر بکات.

### شانس درۆیە

نزار زۆر کەم دەخەوێ. بۆیەش جگە لە بزنس و ماڵبات کاتی هەیە بۆ ئارەزووەکانیشی. بۆ نموونە یاریزانێکی پرۆفێشنەڵی بیلیاردە و لە ئەڵمانیا لەسەر ئاستی نیشتمانی یاری دەکات. یارییەکی لەگەڵدەکەم و پێیدەڵێم: "ئەگەر شانسم هەبوو، لێتدەبەمەوە". سەیرێکم دەکات و دەڵێت: "شانس درۆیە و نییە. هەموو شتێک عەقڵە". یارییەکە دەکەین و بەهەڵەیەکی ئەو من دەیبەمەوە. بیریدەخەمەوە: "بینیت بە شانس بردمەوە؟" ئەو دیسان پێداگیری دەکات و دەڵێت: "تۆ شانست نەبوو، بەڵکو من هەڵەمکرد و دۆڕام".

*** بۆ ئەوەی زیاتر لە بارەی دەوڵەمەندبوونی نزار خانەقینی بزانی، بینەری بەرنامەی (بیگ ستۆری)ی تەلەڤیزیۆنی ڕووداو بە کە شەوی چوارشەممە کاژێر 22:00 بە کاتی کوردستان پەخش دەکرێت.**

## یەکێک لە قوربانییانی مارکێتەکەی لیستەر خۆشەویستی ئەرکان بووە

# سێ کۆچبەرە کوردەکەی لیستەر سزادران

ڕووداو– هەولێر

ساڵی ڕابردوو سێ کوردی نیشتەجێی بەریتانیا بۆ وەرگرتنی بیمە ئاگریان بەردایە دووکانەکەیان لە شاری لیستەر، لە ئاکامدا پێنج کەس مردن و ژمارەیەکیش بریندار بوون. لەناو قوربانییەکاندا ئافرەتێکی بە ڕەچەڵەک لاتڤیایی هەیە کە دەزگیرانی یەکێک لە تاوانبارەکان بووە و بە ئەنقەست لێیگەڕاون لە ڕووداوەکەدا بسووتێ.

ڤیکتۆریا لیەڤلێڤا دەزگیرانی ئەرکان عەلی، یەکێک لە تاوانبارانی ئاگرتێبەردانەکە بووە و بەگوێرەی دادگای بەریتانیا دەستی لە دانانی پیلانی سووتاندنی دووکانەکەدا هەبووە. بەپێی بڕیاری کۆتایی دادگای لیستەر، هەر سێ تاوانبارە کوردەکە لێگەڕاون ڤیکتۆریا لە ئاگرەکەدا بسووتێ، بەو هیوایەی تاوانەکە پەردەپۆش ببێ.

ڕۆژی هەینی ڕابردوو، دادگای شاری لیستەر ڕایگەیاند کە هەریەک لە ئارام، هاوکار و ئەرکان لە ڕۆژی 25ی شوباتی 2017 لە ژێرزەمینی سوپەرمارکێتێک گڕیان بەرداوەتە 86 لیتر بەنزین، لە ئەنجامیشدا سوپەرمارکێتەکە و شوقەکانی سەرەوەی سووتاون. دادگا بەریتانییەکە سزای 38 ساڵ بەندکردنی بۆ ئارام و ئەرکان دەرکردووە و سزاکەی هاوکاریش 33 ساڵ بەندکردنە. سێ تاوانبارەکە چاویان لەوە بوو دوای سووتانی سوپەرمارکێتەکە 300 هەزار پاوند لە کۆمپانیایەکی بیمە وەربگرن.

ناتالیا لیەڤلێڤا، دایکی ڤیکتۆریا، لە بەیاننامەیەکدا کە پێشکەش بە دادگاکەی کردووە دەڵێ "دڵم شکاوە، ئەو بۆ منی باس نەکرد کە (بەنیازی چییە)، هەموو شتێکی بۆ من باس دەکرد، (ئەگەر بۆی باسکردبام) دەمتوانی بیوەستێنم و نەهێڵم لەوە زیاتر بڕوات و ڕێگەم لەو تراژیدیایە دەگرت. هەست بە شکست دەکەم کە نەمتوانیوە منداڵەکەی خۆم بپارێزم".

بەگوێرەی بەیاننامەکە، ڤیکتۆریا لە بەریتانیا ژمێریاری تەواو کردبوو، ئەو کارەشی بە تازەیی دەستکەوتبوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (گاردیەن)، ڤیکتۆریا دەستی هەبووە لەو ڕێکخستنەی بۆ کاڵاکانی ناو سوپەرمارکێتەکە کرابوو، ناتالیای دایکی داوای لێبوردن دەکات کە کچەکەی هۆکار بووە لە کوژرانی چوار کەسی دیکەدا، جەخت لەوەش دەکاتەوە ئەگەر کچەکەی زانیبای هەوڵەکەیان ئەو ئاکامەی لێدەکەوێتەوە، هەرگیز نەیدەکرد.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی پۆلیسی لیستەر، ڕووداوەکە یەکێک لە "خوێناویترین" هەوڵەکانی ساختەکاریی بیمە بووە لە مێژووی بەریتانیادا. ڤیکتۆریا، تەمەن 22 ساڵ، لە کاتی ئاگرکەوتنەوەکە یەکەم ڕۆژی کارکردنی لەناو دوکانەکە بووە، بەڵام ماوەیەک بووە لەگەڵ ئەرکان پەیوەندیی خۆشەویستییان هەبووە و لە کامێراکاندا دەرکەوتوون.

> دادگا: هەر سێ تاوانبارە کوردەکە لێگەڕاون ڤیکتۆریا لە ئاگرەکەدا بسووتێ، بەو هیوایەی تاوانەکە پەردەپۆش ببێ

پێشتر ئارام لەکاتی دەستبەسەریدا لای یەکێک لە هاوژوورەکانی خۆی دانی بەوەدا نابوو کە نەیویستووە پارەکە لەگەڵ ڤیکتۆریا بەش بکرێ، هەروەها ئەگەر ڕووداوەکە کوژراوی تێدا بێ، کۆمپانیای بیمە پارەیەکی زیاتریان دەداتێ. ئارام لە دوای ڕووداوەکە لەگەڵ میدیاکانیش قسەی کردبوو، بۆ ئەوەی وەکو قوربانی دەربکەوێ و بەشداری خۆی لە ڕووداوەکە بشارێتەوە.


ئەرکان و ئارام بە 38 ساڵ و هاوکاریش بە 33 ساڵ بەندکردن سزادران

ئارام کورد، تەمەن 34 ساڵ، چەندینجار بە شایەتحاڵەکانی ڕاگەیاندبوو لە کاتی ئاگرکەوتنەوە و تەقینەوەی سوپەرمارکێتەکە لەبەر دەرگای دوکانەکە بووە، بۆیەش ڕزگاری بووە، بەڵام دادگای لیستەر جەخت دەکاتەوە ئەو زانیویەتی لەو کاتەدا لە کوێ بوەستێ، بۆ ئەوەی هیچی لێنەیەت، لە کاتێکدا بە هاوژوورەکانی خۆیشی گوتووە بە ئەنقەست خۆی بریندار کردووە تاوەکو وەک قوربانی دەربکەوێ.



## کچێکی کوردی ئێزدی لە سووریا ڕزگارکرا

**ڕووداو- هەولێر**

کچێکی کوردی ئێزدی خەڵکی کۆمەڵگەی تلقەسەب، لە سووریا ڕزگارکرا و گەیێنرایەوە شوێنێکی ئارام. حوسێن کورو قائیدی، بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێندراوەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، تیمەکانیان کچێکی تەمەن 17 ساڵیان لەدەستی داعش ڕزگارکرد کە ناوی "ئیلهام دەخیل"ـە و لە 3ی ئابی 2014 کەوتبووە دەستی داعش. حوسێن قائیدی گوتیشی "لە سەرەتای ئەمساڵەوە ئەوە 13ەمین کەسە ڕزگاری بکەین، ئێستا ژمار ڕزگارکراوان گەیشتووەتە نزیکەی 3350 کەس لە کۆی 6417 کەس". بەپێی ئامارەکان، لە کۆمەڵگەی تلقەسەب 184 کەس شەهید بوون، پێشتریش 425 کەس ڕزگارکران و بەڵام دەیان کەسی دیکە لە هەمان کۆمەڵگە بێسەروشوێنن.

# مەلایەک لە مزگەوتەکەیدا ژنان بە فرەژنی ڕازی دەکات



مەلا عومەر سێ ژنی هێناوە و حەزی لێیە بیکاتە چوار

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

"ئەو پیاوانەی کە دژی فرەژنین، لەڕووی جەستەوە تەواو نین و نەخۆشن، لە خۆیان ڕانابینن، پێیان ناکرێ". ئەوە قسەی ژنێکە کە نیقابی کردووە و تەنیا چاوەکانی بەدەرەوەن. وەڵامی پرسیارەکانی مەلایەک دەداتەوە و پێیوایە هەر مەلایەک دژی فرەژنی بێ "لە دین لایداوە". ژنەکە کە سەربەهەوێ شووی کردووە، داوا لە ڕێکخراوەکانی ژنان دەکات بەناوی ئەوانەوە قسە نەکەن، لۆمەیان دەکات و دەڵێت: "ئەوانیش ئەگەر بۆیان ڕێبکەوێ، سەر بە هەوێ شوو دەکەن".

ئەو ژنە و زیاتر لە 30 ژنی دیکە لە هۆڵی بۆنەکانی مزگەوتێک کۆبوونەتەوە. هەندێکیان لەگەڵ سێ ژنی دیکە لە ماڵێکدا دەژین، واتە هاوژینەکەیان چوار ژنیان هێناوە. هەندێکیشیان ژنێک یان دوویان بەسەرهاتووە، تێیاندایە هێشتا ژنی بەسەرنەهاتووە. لە هۆڵەکەدا مەلایەک بەناوی مەلا عومەر دارەتوویی قسەیان بۆ دەکات و باسی فرە ژنییان بۆ دەکات.

مەلا عومەر لە کۆتاییدا سوپاسی خودا دەکات کە توانی بەهۆی گوتارەکەیەوە دڵی چەند ژنێک نەرم بکات، تا ڕێگە بە هاوژینەکانیان بدەن ژنی دیکە بهێنن.

گوتاری ئەو مەلایە لە یەکێک لە کەناڵە لۆکاڵییەکانەوە پەخش دەکرا، مەلا و ژنەکان و ئەو پیاوانەی لە بەرنامەکەدا قسە دەکەن، هێرشی توند دەکەنە سەر چەند مەلایەک کە دژی فرەژنی قسەیان کردووە، هەروەها هێرش دەکەنە سەر ڕێکخراوەکانی ئافرەتان. مەلا عومەر لە کۆتایی قسەکانیدا دەڵێت: "ئێمە بڕیاری خودا جێبەجێ دەکەین و ئێوەش بڕیارەکانی شەیتان جێبەجێ بکەن".

مەلا عومەر دارەتوویی، پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی شیفا لە ناحیەی دارەتووی سەر بە شاری هەولێر، باسی هۆکاری کۆکردنەوەی ئەو ئافرەتانە لە مزگەوتەکەیدا دەکات و دەڵێت: "بەرنامەکە بۆ دژایەتی هیچ ڕێکخراو و مەلایەک نەبووە، خۆم ئافرەتەکانم بانگهێشتکردبوو بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆمان بکەین. زۆرجار ڕێکخراوەکانی ئافرەتان ئەوەندە فرەژنییان زەقکردووەتەوە، ناکۆکی کەوتووەتە نێو ئەو خێزانانەی کە پیاوەکە دوو ژن و سێ ژنی هەبووە. ئەوان نابێ هەقیان بەسەر ئەو ژنانەوە هەبێ کە ڕازین ژنیان بەسەر بێ".



مەلا عومەر دەڵێت بە بانگهێشتی خۆی ئەو ژنانەی لەنێو هۆڵی مزگەوتەکە کۆکردووەتەوە. بەڵام بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی ئەوقاف نابێت مزگەوت بۆ هیچ چالاکییەک و کۆبوونەوەیەک بەکاربێت، مەلا عومەر دەڵێ: "ئێمە هیچ ڕێنماییەکی وەزارەتی ئەوقافمان بۆ نەهاتووە کە نابێت کۆبوونەوە لەناو مزگەوت بکرێت، دواتریش ئێمە لە هۆڵی بۆنەکان کۆبووینەوە کە بۆ هەموو بۆنەکان بەکاردێت، پابەندیش دەبین بە بڕیارەکانی ئەوقاف".



لەبارەی ناوهێنانی هەندێک مەلا کە باسی فرەژنییان کردووە و ئەو بە لادەر و بەکرێگیراوی ئیسرائیلیان دەزانێت، مەلا عومەر کە خۆی سێ ژنی هەیە، دەڵێ: "هەر مەلا و کەسێک بڵێ فرەژنی شەرعی نییە، لایداوە لە دین. ئەوانە من و 25 هەزار کەس لە هەولێر بریندار دەکەن کە دوو ژن و سێ ژن و چوار ژنیان هەیە".

یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەنیازە بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکات. ڤیان سلێمان، سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئەگەر ئامانجی ئەو مەلایە ناوزڕاندن بێت، سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەین، چونکە ئەو بۆی نییە قسە لەسەر ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بکات و تۆمەتبارمان بکات بەوەی کە هیچمان نەکردووە، ئێمە بە بەڵگە وەڵامی دەدەینەوە، داتامان هەیە کە لەماوەی 8 ساڵی ڕابردوودا نزیکەی 2257 کەیسی کۆمەڵایەتی لەلای یەکێتی ئافرەتان چارەسەر کراون".

ڤیان سلێمان داوا لە وەزارەتی ئەوقاف دەکات ڕێگە بەوە نەدات مەلاکان مزگەوت بۆ ناوزڕاندنی ڕێکخراوەکانی ژنان بەکاربێنن.

نەبەز ئیسماعیل، گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی لەم شێوەیە دەچێتە خانەی پێشێلکردنی یاساکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات، هەروەها ئەگەر مامۆستایەکی ئایینی یان ڕێکخراوێک سکاڵا لەسەر ئەو مەلایە لەلای ئێمە تۆمار بکەن، لەڕێگەی لیژنەیەکی شەرعییەوە بەدواداچوونی بۆ دەکەین".



گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف دەشڵێ: "بەبێ ئاگاداری وەزارەت یان بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف ڕێگە نادرێت هیچ چالاکی و کۆبوونەوەیەک لەناو مزگەوت بکرێ، چونکە دەچێتە خانەی پێشێلکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقاف".

مەلا عومەر کە تەمەنی نزیکەی 40 ساڵێک دەبێت، 7 ساڵە پێشنوێژ و وتارخوێنە، ئێستا 3 ژنی هەیە و 8 منداڵیشی هەیە، لەنێو بەرنامەکەیدا لە یەکێک لە ژنەکان دەپرسێ: پیاوەکەت چەند ژنی هێناوە؟ ئەویش دەڵێت: سێ. دەپرسێ: ڕازیت ژنێکی دیکەش بهێنێ؟ ژنەکە دەڵێت :بەڵێ ڕازیم. دواتر مەلا عومەر بە پێکەنینەوە ڕوو لە کامێرا دەکات و دەڵێت :"ئەوە یەکێکە لە هاوژینەکانم". مەلا عومەر بە (ڕووداو)ی گوت : "ئەگەر خوای گەورە لە قسمەتی منی دانابێت ژنی چوارەمیش دەهێنم".

## پاسی بەشوودانی ئافرەتان.. خەڵک دەڵێن هەیە و بەرپرسان ڕەتیدەکەنەوە

# بێوەژنانی مووسڵ بەدوای بەخێوکەردا دەگەڕێن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو – دهۆک**

ماوەیەکە دەنگۆی گەڕانی پاسێک بە کوردستاندا بڵاوبووەتەوە، گوایە پاسەکە پڕیەتی لە بێوەژن و قەیرە کچی خەڵکی مووسڵ و ئەنبار و فەللوجە، بەتایبەتی ئەوانەی کەسوکاریان لە شەڕی داعشدا کوژراون. ئەوان ئامادەن لەبەرامبەر مارەییەکی کەمدا شوو بە پیاوانی کورد بکەن. پیاوێکی کورد دەڵێت چاوەڕێی پاسەکە دەکەم. بێوەژنێکی خەڵکی مووسڵیش دەڵێت: "لەپێناوی بەخێوکردنی خۆم و منداڵەکانم ئامادەم شوو بکەمەوە".

حەسەن ئیلیاس، پیاوێکی دانیشتووی سەنتەری قەزای شێخانە و دەنگۆی هاتنی پاسەکەی بیستووە. ئەو دەڵێت: "دەڵێن پاسێک کە پڕ بووە لە بێوەژن و قەیرە کچ و مەلایەکیشیان لەگەڵە، دوو جار هاتووەتە ناحیەکانی ڕۆڤیا و کەلەکچی و گردەسێن. ئەو مەلایە بەرامبەر بڕە پارەیەک بێوەژن یان قەیرە کچێکت لێ مارە دەکات".

حەسەن دەڵێت هاوڕێیەکی بەڵێنی پێداوە هەر کاتێک پاسەکە بێتە شێخان، ئاگاداری بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەویش ژنێک لەو ژنانە بهێنێ. حەسەن زانیاری زۆری لەبارەی ئەو ژنانە کۆکردووەتەوە و دەڵێت: "ژنەکان تەمەنیان لە نێوان 30 – 50 ساڵ دەبێ، مارەییەکەشیان تەنیا 300 هەزار بۆ یەک ملیۆن دینارە، بە مەرجێک لەلای ئەو مەلایە مارەی بکەی و بەڵێن بدەی وەکو هاوسەری خۆت مامەڵەی لەگەڵ بکەی و بەخێوی بکەی، نەک بە دوو ڕۆژ بەڕێی بکەی".

شەڕی چوار ساڵەی داعش جگە لە وێرانبوونی شارە سوننییەکانی عێراق، کوژرانی هەزاران پیاوی سوننەشی لێکەوتەوە کە زۆربەیان ژن و منداڵیان هەبووە. تەنانەت زۆر لە منداڵەکان بەهۆی باوکە داعشەکانیانەوە لە ناسنامەی باری شارستانی و ڕەگەزنامەی عێراقی بێبەش بوون.

نەزیرە حەسەن، 35 ساڵ، ناوی خوازراوی بێوەژنێکی خەڵکی مووسڵە کە مێردەکەی پێشتر چەکداری داعش بووە و کوژراوە. نەزیرە دەڵێت: "پێش ئەوەی داعش بێتە مووسڵ هاوسەرگیریم کرد، دواتر هاوژینەکەم بوو بە داعش، بەرلەوەی شەڕی مووسڵ تەواوبێ، بێسەروشوێن بوو، ئێستا سێ لە منداڵەکانم بێ ناسنامەن".

باوک و دوو برای نەزیرەش هەر لە شەڕی داعشدا کوژراون. ئێستا نەزیرە لەگەڵ دایکی و شەش منداڵەکەی لە خانووی کرێدا دەژین لە مووسڵ، گوزەرانیان هێندە خراپە کە بە گریانەوە دەڵێت: "پارەم نییە شیر و دایبی بۆ منداڵە بچووکەکەم بکڕم".

نەزیرە ئاگادار نییە لەوەی پاسێک هەبێ بۆ بەشوودانی بێوەژنان و قەیرە کچان، بەڵام دەڵێت: "چی بکەم کە منداڵەکانم دەبینم هیچ نییە بیخۆن، ئامادەم بەبێ بەرامبەر شوو بە کەسێک بکەم، بەس بەو مەرجەی منداڵەکانم بۆ بەخێو بکات".

هەر یەک لە میهران نێروەیی، بەڕێوەبەری ناحیەی قەسرۆک و شێخ سەردار یەحیا قائیمقامی قەزای شێخان دەنگۆی هاتنی ئەو پاسە بۆ ناوچەکەیان بەدرۆ دەخەنەوە.

هەروەها سەیدۆ شنگالی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بێئاگایی خۆی دەربڕی لە هێنانی ژن و بێوەژن بە پاس لە مووسڵەوە بۆ شارەکانی کوردستان، بەڵام دەڵێت بێوەژن و بێسەرپەرشت کێشەیەکی گەورەی دوای شەڕی داعشن لە مووسڵ.

سەیدۆ باسی قوربانیانی شەڕی داعشی لە مووسڵ کرد و گوتی: "ئێستا خەریکی کۆکردنەوەی ئاماری قوربانیانین، بەپێی ئامارە نافەرمییەکان لە شەڕی داعشدا 20 هەزار کەس لە مووسڵ کوژراون کە 80%یان پیاون، زۆربەی ئەوانەش خێزاندار بوونە".

خدر دوملی، بەرپرسی سەنتەری ململانێ و ئاشتی لە زانکۆی دهۆک کە ماوەیەکی درێژە کار لەسەر ناوچە گەرمەکانی شەڕ دەکات، دەڵێت: "نەک تەنیا لە مووسڵ، بەڵکو لە ڕومادی و فەلوجە و تکریت و چەند ناوچەیەکی دیکەش هەزاران ژن بێوەژن بوون، هەزاران منداڵیش بێ باوک بوون. تەنیا لەو کەمپانەی تایبەت بە خێزانی چەکدارانی داعشن، زیاتر لە 2000 منداڵی بێ باوک هەن کە زۆربەیان بێ ناسنامەن و ناتوانن بخوێنن، بۆیە دەبێ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و حکومەتی عێراق بێنە سەر خەت و کێشەی ئەو منداڵانە چارەسەر بکەن".

## ژنەکان لە دادگا مافەکانیان دەفەوتێ

# لە چەند مزگەوتێکی هەولێر ژن تەڵاق دەدرێن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

لە چەند مزگەوتێکی هەولێر تەڵاقنامە بۆ ئەو پیاوانە دەنووسرێت کە دەیانەوێت ژنەکانیان تەڵاق بدەن یان بە زارەکی تەڵاقیان داون، بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنانیش پێیوایە لەو ڕێگەیەوە فێڵ لەو ژنانە دەکرێت و مارەیی و مافەکانیان پێنادرێ.

عیزەدین عەبدوڵڵا یاسین، ڕاوێژکاری یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە هەندێک مزگەوت ئافرەت تەڵاق دەدرێن، لیژنەی فەتواش لەسەر بنەمای نووسراوێکی نایاسایی و ناشەرعی تەڵاقەکە پشتڕاست دەکاتەوە و لە دادگاکان پشت بەو تەڵاقنامەیە دەبەسترێ".

حاجی عیزەدین عەبدوڵڵا کە ئەندامی لیژنەی ئاشتەوایی خێزانیشە، باس لە نێوەڕۆکی ئەو نووسراوانە دەکات و دەڵێ: "نووسراوەکان کاغەزێکی ئاسایین و لەلایەن مەلا یان پیاوەکەوە دەنووسرێت، لە زۆربەی نووسراوەکاندا تەنیا نووسراوە (من فلان کەسم، ژنی خۆمم تەڵاقدا، ژنەکەم دەڵێ مارەیی خۆمم تەواو وەرگرتووە، یان لە مارەییەکەی خۆم خۆشبووم)، لەژێرەوەش ناو و پەنجەمۆری خۆی و ژنەکەی و دوو شایەتی نووسیوە، ئەم کاغەزە دەبرێتە بەردەم لیژنەی فەتوا و ئەوانیش پەسەندی تەڵاقی دەرەکی ژن و مێردەکەیان کردووە و بە نووسراوی فەرمی ناردوویانە بۆ دادگای باری کەسی".






لیژنەی فەتوای هەولێری
یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی
کوردستان
zanayanhawler@gmail.com

بەڕێوەبەرایەتییەکە داوای ڕوونکردنەوەیان لە لیژنەی فەتوای هەولێر کردووە، لیژنەکەش وەڵامی داونەتەوە. نیاز شێخ ڕاغب، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی زانایان بە (ڕووداو)ی گوت: "ئێمە ئەو نووسراوانە بەهەند وەردەگرین کە لەلایەن مەلاوە لە مزگەوت دەنووسرێن و مۆر دەکرێن، هەندێک کات مەلاکە خۆیشی لەگەڵیان دێتە لای لیژنەی فەتوا، بەڵام تەنیا پشت بەو نووسراوە نابەستین، بەڵکو دەبێت ژن و پیاوەکە و دوو شایەتەکەش بێنە بەردەم لیژنەی فەتوا، دەشبێت بزانرێت ژنەکە ماف و مارەییەکەی وەرگرتووە یان نا، ئینجا تەڵاقەکە دەچەسپێ و دەبرێتە دادگا".

مەلا نیاز دەڵێت ژنە تەڵاقدراوەکان لە دادگا قسەی خۆیان دەگۆڕن: "ئەو حاڵەتانەمان زۆرە کە لە مافی خۆی خۆش بووە یان داوای بڕێک پارەی کردووە، دواتر لە دادگا پەشیمان بووەتەوە و گوتوویەتی من ڕازی نیم بەو مافە کەمە و وام نەگوتووە، بۆیە خۆیان هەڵەکە دەکەن، دادگاش وادەزانێ لیژنەی فەتوا مافی ژنەکەی وەرنەگرتووە".

بەڵام وەڵامەکەی لیژنەی فەتوا بۆ حاجی عیزەدین بڕواپێهێنەر نییە، ئەو دەڵێت: "نووسراوەکان هیچ زانیارییەکیان تێدا نییە، نازانرێت شایەتەکان ئەو مەرجانەیان تێدایە کە شەریعەتی ئیسلام دایناوە بۆ شایەتیدان یان نا؟ هەروەها لەسەر کاغەزەکان نووسراوە ژنەکە لە مارەیی و مافەکانی خۆش بوو، بەڵام هیچ بەڵگەیەکی تێدانییە. بۆیە بەشێکی زۆر لەو ژنانە لە دادگا ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە".

بەپێی ئامارەکان تەنیا لە شەش مانگی یەکەمی 2018 لە هەرێمی کوردستان 3970 حاڵەتی تەڵاق تۆمار کراوە.



بۆ بڕیاردانی مەلا لەسەر تەڵاقدانی ژن، وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایان کۆک نین، سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی زانایان دەڵێ: "هەرچەندە ڕێنماییمان داوەتە مەلاکان کە بەهیچ جۆرێک دەست نەخەنە ناو کاروباری تەڵاقدانەوە و پێویستە بابەتی تەڵاق بۆ لیژنەی فەتوا بنێرن و خۆیان تووشی سەرئێشە نەکەن، 95%ی مامۆستایانیش پێوەی پابەندن، بەڵام مامۆستایان ئەو مافەشیان هەیە لەناو مزگەوت ژن تەڵاق بدەن".

بەڵام ئەمە لەلای وەزارەتی ئەوقاف ڕێگەپێدراو نییە. نەبەز ئیسماعیل، گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هیچ مامۆستایەکی ئایینی بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت هیچ ژن و مێردێک لەیەکدی جیابکاتەوە، تەنیا لەڕێگەی لیژنەی فەتوا، بەڵام شەخس هەیە ئەو هۆشیارییەی نییە، بۆیە مەلایەک دەدۆزێتەوە کە نازانرێ شارەزایی تەواوی لە بابەتەکە هەیە یان نا و کارەکە دەکەن".

گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف هۆشداری دەداتە ئەو مەلایانەی لە مزگەوتەکانیان ژن تەڵاق دەدەن و دەڵێت: "کاری مامۆستای ئایینی ڕێنوێنی، ئامۆژگاری و شیکردنەوەی دەقەکانی قورئان و فەرموودەیە، بۆی نییە دەستوەربداتە کێشەی خێزانی و پەنجەمۆر بە ژن و مێرد و شایەتحاڵ بکات لە مزگەوت و لەیەکترییان جیابکاتەوە، ئەگەر خۆشیان ڕازی بن، بۆیە هەر مەلایەک فەتوای تەڵاق و جیاکردنەوەی ژن و مێرد بدات، لیژنەی لەسەر پێکدێنین و لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەین".



## لە حاجیاوا باوک و کوڕێک کوژران

**ڕووداو — ڕانیە**

گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئێوارەی ڕۆژی 2019/1/20 لە شارۆچکەی حاجیاوای سەر بە ئیدارەی ڕاپەڕین باوک و کوڕێک کوژران. شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو) ڕاگەیاند: "ڕووداوەکە لە گەڕەکی سەردەمی شارۆچکەی حاجیاوا بووە، باوک و کوڕەکە لەبەردەمی ماڵی خۆیاندا دەستڕێژی گوللەیان لێکراوە و کوژراون". گوتەبێژی پۆلیسی ڕاپەڕین دەشڵێت: "باوکەکە ناوی (ئـ.ئـ)ـە و تەمەنی 36 ساڵە، کوڕەکەیشی ناوی (پ.ئـ)ـە و تەمەنی سێ ساڵە، تەرمی کوژراوەکان ڕەوانەی پزیشکی داوەری کراون. ئێستاش هێزەکانمان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن لە ڕووداوەکە".

# مولازمێکی پێشمەرگە خۆی دەکوژێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**



ڕەشید دوو ساڵ بوو تووشی خەمۆکی بووبوو

کەسوکارەکەی دەڵێن ڕەشید دوو ساڵ بوو بە دەست نەخۆشیی دەروونییەوە دەیناڵاند، لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا ڕەوشی دەروونی لە جاران باشتر بووبوو، بۆیە گەڕابووەوە دەوامەکەی، بەڵام هەفتەیەک دوای گەڕانەوەی لە دەوام، خۆی کوشت.

ڕۆژی 2019/1/15 پیاوێکی تەمەن 33 ساڵ بەناوی ڕەشید ساڵح، دانیشتووی گوندی گوزگێرانی سەر بەناحیەی زومار کە مولازم بوو لە لیوای پێنجی سەر بە هێزی زێرەڤانی، لە نزیک گوندەکەیان، خۆی کوشت.

موقەدەم هێمن سلێمان بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی کەسوکاری ئەو پێشمەرگەیە، هێزەکانی پۆلیسیان ئاگادار کردەوە، پۆلیس چوو بۆ شوێنی ڕووداوەکە و تەرمەکەیان ڕەوانەی نەخۆشخانەی زاخۆ کرد بۆ ئەوەی پشکنینی بۆ بکەن و بزانن کوژراوە یان خۆی کوشتووە".

ڕەشید ژنی نەهێنابوو، کەسوکارەکەی دەڵێن چەند جارێک هەوڵیان لەگەڵ داوە کە خێزان پێکەوە بنێ، بەڵام دوای ئەوەی شەڕی داعش دەستیپێکردووە، بڕیاری داوە تا شەڕ بمێنێ ژن نەهێنێ، وەک نزار ساڵحی برای دەڵێت: "ڕەشید ترسی لەوە هەبوو لە شەڕدا بکوژرێ و ژن و منداڵی لەدوا بەجێبمێنێ، بۆیە ژنی نەدەهێنا".

نزار کە لە پرسەی براکەیدا قسەی بۆ (ڕووداو) دەکرد، باس لەوە دەکات کە براکەی دوو ساڵ لەمەوبەر لەکاتی دەوامدا تووشی نەخۆشی بووە و هاوسەنگەرەکانی هێناویانەتەوە ماڵەوە: "نزیکەی مانگێک لەناو جێگەدا کەوت، قسەی نەدەکرد، بە زۆر نانی دەخوارد. زۆر پێمان سەیر بوو، نەماندەزانی چیەتی"

نزار دەڵێت سەردانی چەندین پزیشکیان کردبوو، وەڵامی هەموو پزیشکەکان ئەوە بووە کە ڕەشید هیچ نەخۆشییەکی جەستەیی نییە، تا ڕۆژێکیان پزیشکێک پێشنیازیان بۆ دەکات ببیەن بۆ لای دکتۆرێکی دەروونی، بەڵام ڕەشید لەگەڵیان ناچێ.

ڕەوشی ڕەشید تا ئاستی لەهۆشخۆچوون تێکدەچێ و دەیبەن بۆ نەخۆشخانە، بەڵام پزیشکەکان بە کەسوکارەکەی دەڵێن چارەسەرەکەی لەلای پزیشکی دەروونییە.

نزار دەڵێ: "دوای هەوڵێکی زۆر توانیمان قەناعەت بە ڕەشید بکەین لەگەڵمان بێت بۆ لای پزیشکی دەروونی. پزیشکەکە گوتی: تووشی خەمۆکی بووە، نابێت بۆ یەک خولەکیش بە تەنیا بێت. لە پزیشکەکەم پرسی بەهۆی چییەوە تووشبووە، گوتی: ڕەنگە بەهۆی ئەوە بێ کە تەنیایە، یان ماوەیەکی زۆر لە شەڕ بووە و دیمەنەکانی شەڕەکە کاری تێکردووە".

ڕەشید بەهۆی نەخۆشییەکەی واز لە دەوام دێنێ. نزار دەڵێت : "ڕەشید پێداگیری دەکرد کە بچێتەوە دەوام بکات، بەڵام ڕێگەمان پێنەدا چونکە باری دەروونی زۆر خراپ بوو، زۆری پێناخۆش بوو و دەیگوت من ناتوانم لە ماڵ دابنیشم".

ڕەشید دوای ئەوەی ناتوانێت بچێتەوە دەوام، هەوڵدەدات زوو چارەسەر وەربگرێت و لە خەمۆکییەکەی ڕزگای بێت. وەک نزار دەڵێت: "هەموو هەفتەیەک براکەم سەردانی پزیشکەکەی دەکرد و چارەسەری وەردەگرت بەس بۆ ئەوەی بچێتەوە دەوام و دەیگوت من لە ماڵەوە دەمرم".

ڕەشید ماوەی دوو ساڵ هاتوچۆی پزیشکەکەی دەکات و چارەسەر وەردەگرێ، بەو هۆیەوە ڕەوشی دەروونی بەرەو باشی دەچێ، نزار دەڵێت: "پزیشکەکەی زۆری پێخۆش بوو کە دەیبینی ڕەشید زۆر بە پەرۆشە بۆ چاکبوونەوە و دەیگوت یەکەم نەخۆشە ئاوا ئیرادەی بەهێز بێت".

ڕەشید زۆر دڵخۆش دەبێت کاتێک دکتۆرەکەی پێیدەڵێت دەتوانی بگەڕێیتەوە دەوام. نزار دەڵێت "دوو هەفتە پێش ئێستا گەڕایەوە سەر کارەکەی و دوای هەفتەیەک گەڕایەوە ماڵەوە، زۆر دڵمان پێی خۆشبوو، بەتایبەتی دایکم و باوکم".

بەڵام دڵخۆشییەکەی ئەو خێزانە درێژەی نەکێشا. نزار دەڵێت "ڕەشید سەعات هەشتی بەیانی لە خەو هەڵسابوو، نانی خواردبوو، بە دایکمی گوتبوو دەچمە دهۆک بەیانی دەگەڕێمەوە، کلاشینکۆفەکەشی بردبوو، دایکم زۆر گوتبووی چەکەکە مەبە، بەڵام بە قسەی نەکردبوو. کە گەڕامەوە گوتم کوا ڕەشید، گوتیان چووەتە دهۆک، پەیوەندیم پێوەکرد، وەڵامی نەبوو".

نزار زۆر دەترسێت کە ڕەشید لە ڕێگا شتێکی لێبێت، چونکە دوو ساڵ بوو بەتەنیا نەچووبووە دەرەوە. نزار دەڵێت " سەعات نۆی شەو بوو، بینیمان ئۆتۆمبێلەکەی لە دەرەوەی گوند ڕاگرتووە، سەری بە سووکانەکەیەوە نابوو، دەرگام کردەوە بینیم خۆی کوشتووە".

# لە هەولێر شوفێری تاکسییەک دەکوژرێ

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو — هەولێر**

"سۆران سەرقاڵی ئۆتۆمبێلەکەی بوو، تەلەفۆنێکی بۆ هات، نزیکەی پێنج خولەک قسەی کرد، لێمپرسی کێیە؟ گوتی: هاوڕێیەکم بوو". ئەمە قسەی هاوژینی سۆرانە کە دوای تەلەفۆنەکە ماڵئاوایی لە هاوژینەکەی کرد و ئیدی بە زیندوویی نەگەڕایەوە.

کاژێر حەوتی بەیانی ڕۆژی 2019/1/11 تەرمی سۆران سەمەد، تەمەن 35 ساڵ، لە شەقامی 120 مەتری هەولێر لە نێو تاکسییەکەیدا دۆزرایەوە. سۆران دانیشتووی گەڕەکی مامزاوای شاری هەولێر و باوکی چوار منداڵ بوو، نزیکەی 10 ساڵ بوو شوفێری تاکسی بوو. دوای بزربوونی سۆران، کەسوکارەکەی پۆلیسیان لە ونبونی ئاگادار کردەوە، پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە لە کوژرانی سۆران کردووە، بەڵام ئامادە نین هیچ لێدوانێکی لەسەر بدەن.

ڤیان محەممەد دوای تەواوبوونی پرسەی هاوژینەکەی بەگریانەوە باسی ئەو ڕۆژەی کرد کە سۆران چووە دەرەوە و نەگەڕایەوە. گوتی: "سەعات 10ی بەیانی سۆران خەریکی تەکسییەکەی بوو، من لە ژوورەوە بووم، تەلەفۆنێکی بۆ هات، مۆبایلەکەم بۆ برد، نزیکەی پێنج دەقیقە قسەی لەگەڵ کرد، دواتر دایخست، گوتم: کێ بوو. گوتی: هاوڕێیەکم بوو، قەمسەڵەکەم بۆ بێنە دەچم بۆ ئیش، نیوەڕۆ دەگەڕێمەوە. بەڵام هەستم کرد ئاسایی نەبوو".

ڤیان نانی نیوەڕۆ ئامادە دەکات و چاوەڕێی گەڕانەوەی سۆران دەکات، بەڵام سۆران ناگەڕێتەوە. ڤیان گوتی: "سەعات بوو بە دوو هەر نەگەڕایەوە، زیاتر لە 20 جار پەیوەندیم پێوەکرد، وەڵامی نەبوو. گوتم دیارە لە ئیشە مۆبایلەکەی بێدەنگ کردووە. نانم دایە منداڵەکان، بوو بە سەعات پێنجی ئێوارە هەر نەهاتەوە، دیسان بۆم کردەوە هیچ وەڵامێکی نەبوو، زۆر ترسام نەمدەزانی چی بکەم".

ڤیان تا سەعات حەوتی ئێوارە چاوەڕێ دەکات، بەڵام سۆران ناگەڕێتەوە، بۆیە تەلەفۆن بۆ برا گەورەکەی خۆی دەکات و پێیدەڵێت سۆران لە نیوەڕۆوە دیار نییە و وەڵامی تەلەفۆنیش ناداتەوە.

موحسین کە برای ڤیانە، چەند جارێک تەلەفۆن بۆ سۆران دەکات، وەڵامی ئەویش ناداتەوە، بۆیە پۆلیس ئاگادار دەکاتەوە. موحسین بە (ڕووداو)ی گوت: "ڤیان پەیوەندی پێوەکردم کە سۆران نەگەڕاوەتەوە، چوومە بنکەی پۆلیسی مامزاوە، لەوێ سکاڵام تۆمار کرد و بە پۆلیسەکانم گوت ئەگەر ئێوە دۆزیتانەوە هەواڵمان بدەنێ".

موحسین کەسوکاری خۆی ئاگادار دەکاتەوە بۆ ئەوەی بەدوای سۆراندا بگەڕێن. گوتی "پەیوەندیم بە براکانی دیکەمەوە کرد، چونکە سۆران یەک برای هەیە ئەویش منداڵە، نەمانویست باوکە بە تەمەنەکەی بزانێت، نەوەک شتێکی بەسەربێ".

لە سەعات نۆی شەوەوە تاوەکو چواری بەیانی بە دوایدا گەڕاین، بەڵام نەماندۆزییەوە. سەعات شەشی بەیانی دووبارە کەسوکاری سۆران دەستدەکەن بە گەڕان، موحسین دەڵێت "بە براکم گوت با بچین لە شەقامی 120 مەتری بگەڕێین، سەعات حەوت بوو لە دوورەوە تەکسیەکەی سۆرانم بینی".

موحسین لە تەکسیەکەی سۆران نزیک دەبێتەوە وا دەزانێت کەسی لەناو نییە، بەڵام دەبینێ سەری سۆران شۆڕبووەتەوە و خوێنی لێ دەچۆڕێ، دەرگای تاکسییەکەشی داخرابوو".

ئەوان پەیوەندی بە پۆلیسەوە دەکەن و دەڵێن سۆرانمان بە کوژراوی لەناو ئۆتۆمبێلەکەی دۆزیوەتەوە.

فەرمان کە لەگەڵ موحسینی برای یەکەم کەس بوون گەیشتبوونە شوێنی ڕووداوەکە، گوتی: "گوللەیەک بە سەری کەوتبوو، نەیانهێشت ئێمە لێی نزیک ببینەوە، تەرمەکەیان بردە پەیمانگای دادپزیشکیی هەولێر، دوای پشکنین و توێکاری تەرمەکەیان داینەوە".

بە گوتەی فەرمان، زاواکەیان کێشەی لەگەڵ کەس نەبووە، بۆیە ناتوانن کەس تۆمەتبار بکەن، هەروەها دەڵێت، سۆران نزیکەی 800 هەزار دیناری پێبووە، دوای کوشتنی، پارەکەیان بردووە.

ڤیان یەک داواکاری هەیە و بە گریانەوە دەڵێت :"تازە مێردەکەم مرد، بەڵام داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەم کەیسی مێردەکەم دانەخەن، چوار منداڵم بێ باوک بوون، تەنیا دەمەوێ بزانم کێ کوشتی و بۆچی کوشتی؟".



تەرمی سۆران لە شەقامی 120 مەتری لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا دۆزرایەوە

## چیرۆکی عەشقی کوڕێکی تەلەعفەری و کچێکی شنگالی لە شێخان

# داعش ناهێڵێ دوو خۆشەویست بەیەک بگەن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو — دهۆک**



> خەڵکی تەلەعفەر هاوکاریی داعشیان کرد، بۆیە ڕازی نابین کچەکەمان ببێتە بووکی ئەوان
> خزمێکی نزیکی ئەو کچە

کوڕێکی دانیشتووی قەزای تەلەعفەری سەر بە پارێزگای مووسڵ، لە ڕێگەی سۆشیاڵمیدیاوە ئاشقی کچێکی کوردی دانیشتووی شنگال دەبێ کە ئێستا لە کەمپێکی شاری دهۆک دەژی، کوڕەکە چەندین کیلۆمەتر دەبڕێ تا خۆی دەگەیەنێتە لای دڵدارەکەی، بەڵام لەوێ لەلایەن کەسوکاری کچەکە لێیدەدرێ، ئێستا کوڕەکە لە چاکسازی گەورانی دهۆکە و کچەکەش لە سەنتەرێکی دڵدەدانە. خزمێکی نزیکی کچەکە دەڵێت: "لەبەر ئەوەی خەڵکی تەلەعفەر هاوکاریی داعشیان کرد بۆ هێرشکردنە سەر شنگال، بۆیە ڕازی نابین کچەکەمان ببێتە بووکی تەلەعفەری".

ئەو کچ و کوڕە هەردووکیان موسڵمانن، بڕیار بووە ڕۆژی 11ی ئەم مانگە لە دەرەوەی کەمپی مام ڕەشان لە سنووری قەزای شێخانی سەر بە پارێزگای دهۆک یەکتر ببینن، بەڵام کەسوکاری کچەکە پێی دەزانن و بە بەرچاوی خەڵکی کەمپەکەوە لە هەردووکیان دەدەن، دوای ئەوەی هێزە ئەمنییەکان بە ڕووداوەکە دەزانن، کچەکە و کوڕەکە لە دەستی خەڵکەکە دەردەهێنن و ڕزگاریان دەکەن و ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتانیان دەکەن.

کەسوکاری ئەو کچە دەڵێن ڕۆژی 10ی ئەم مانگە تەلەفۆنیان بۆ کراوە، گوایە کوڕێک لە تەلەعفەرەوە دێتە کەمپی ڕەشان و دەیەوێ بە زۆر کچێکی کەمپەکە هەڵبگرێ، بۆیە ئەوان چاوەڕێیان کردووە، تاوەکو کوڕەکە هاتووە.

خزمێکی نزیکی ئەو کچە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی ئەو ڕۆژە دەکات کە کچ و کوڕەکەیان بە یەکەوە بینیوە و پاشان خەڵکەکە هێرشیان کردوونەتە سەر. خزمی کچەکە بە (ڕووداو)ی گوت "کوڕێکی دانیشتووی تەلەعفەر بەناوی (ک.ن) تەمەن 20 ساڵ، پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ کچێکی موسوڵمانی دانیشتووی شنگال هەبووە. ئەو ڕۆژە ویستوویەتی بێتە کەمپەکە و کچەکە ببینێ، بەڵام بەهۆی ئەو زوڵم و زۆرەی خەڵکی تەلەعفەر لە خەڵکی شنگالیان کرد لە کاتی شەڕی داعشدا، خەڵکی کەمپەکە بە تایبەتی کەسوکاری کچەکە پەلاماری کوڕەکەیان دا".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، ئەو کوڕ و کچە لە ڕێگەی فەیسبووکەوە یەکدییان ناسیوە. کچەکە تەمەنی لە 18 ساڵ کەمترە، بۆیە کەسوکاری ڕازی نەبوون شوو بەو کوڕە بکات.

دوای ئەوەی کەسوکاری کچەکە پەلاماری کوڕەکە و کچەکە دەدەن، هێزە ئەمنییەکان دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە و کوڕ و کچەکەیان دەرباز کرد.

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی قەزای شێخان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "کاتێک هەواڵمان بۆ هات کە چەند کەسێک لە دانیشتووانی کەمپی مام ڕەشان، هێرشیان کردووەتە سەر کچێک و کوڕێک، دەستبەجێ هێزەکانمان گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و کچەکە و کوڕەکەیان لەبندەستی خەڵکەکە دەرهێنان".

پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە کردووە. ئەو سەرچاوەیەی پۆلیس دەڵێت: "کەسوکاری کچەکە دەڵێن ئەو کوڕە لە تەلەعفەرەوە هاتووە دەیەوێ کچەکەمان بڕفێنێ، بەڵام کە هەردووکمان بردن بۆ بنکەی پۆلیس، کچەکە بە بەرچاوی کەسوکارەکەیەوە گوتی: من کوڕەکەم خۆشدەوێ و ئامادەم لەگەڵی بچم. کاتێک گوێمان لە قسەی کچەکە بوو، هەردووکمان ڕادەستی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە دهۆک کرد". بەڵام پۆلیس هیچ کەس لەوانەی دەستگیر نەکردووە کە پەلاماری کچ و کوڕەکەیان دابوو.

موقەدەم ئارام محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان سەبارەت بە دۆسیەی ئەو کوڕ و کچە بە (ڕووداو)ی گوت: "دوای ئەوەی دۆسیەی کوڕ و کچەکە ڕەوانەی لای ئێمە کرا، کوڕەکەمان بردە چاکسازی گەورانی دهۆک، کچەکەش لەبەر ئەوەی تەمەنی لە 18 ساڵ کەمتر بوو، ناردمان بۆ سەنتەری پاراستنی ئافرەتان، تا ئەو کاتەی کێشەکەیان چارەسەر دەکرێ".

# کۆنگرەی چوارەمی (ی.ن.ک) و ئەفسانەی هەڵسانەوە



مامۆستا جەعفەر

پێشەکی مـن بۆ خۆم بـڕوام بـەوە نییە، لە هەلومەرجی ناوخۆیی و دەرەکی ئێستای یەکێتیدا، دەروویەک بۆ بەستنی چوارەمین کۆنگرە هەبێت! هەگبـەی بەتاڵـی بـاڵ و دەسـتە و تەکەتولات، سلّقی سەوزیشی بۆ کۆنگرە تێدا نییە. لە وڵاتانی ڕۆژئـاوادا کۆنگرەبەسـتن، پاژێکە لـە کولتووری سیاسی و هێزێکی سیاسی ساڵی جارێک کۆنگرەی ساڵانەی خۆی نەبەست، ئیدی خەڵـک فاتیحا لەسـەر مەزارگەی دەخوێنن. پەیـڕەوی ناوخۆی حزبەکان و ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی و بازنە و ڕێکخراوەکانی خوارەوەش، ڕێگە بە دەستەی باڵای سەرکردایەتی نادەن، لاڕێ بگرێتەبەر.

لە ڕۆژهەڵاتدا سەرکردە بڕیار دەدات کەی و لە کوێ و چۆن کۆنگرە ببەسترێ؟ ئەگەر حزبێکیش سـەرکردەی نەبوو، یان سـەرکردایەتیەکەی لاواز بوو، ئەوە دەرگای دەستەگەری و فراکسیۆنسازی دەکەوێتە سـەر پشـت! بەهێزترین تەکەتول بۆ ئـەوەی بە تەواوی دەسـت بەسـەر جومگەکانی حزبەکەدا بگرێت و باڵ و نیمچە باڵەکان هەڵوەرێنێ و ئیفلیجیان بکات، کۆنگرە دەبەسـتێ بۆ ئەوەی شـەرعیەت بەخۆی بدات و مەڵۆی ڕکابەرەکان بە خۆڵەمێش بکات.

بوونی ویستێکی بەهێزو ئیرادەی کۆنگرەبەستن، سەروخواری حزب بۆ هۆڵی کۆنگرە ڕاپێچ دەکات. بە بڕیاری کۆنگرەی پێشوو، بڕگەیەکی (پەیڕەوی ناوخۆ) یان بانگـەواز و داواکاریی ژمارەیەک کادر و ڕۆژنامەنووس و خەمخۆر، کۆنگرە نابەسـترێ. دەبێـت باڵێـک یـان دوو باڵی دەستڕۆیشـتوو، دڵنیابن لەوەی بەستنی کۆنگرە بە قازانجی ئەوانە و کەس ناتوانێت ببێتە کۆسپ لەبەردەمیان، ئینجا گڵۆپی سەوزی کۆنگرە هەڵدەکرێت. ئەمڕۆ باڵێک لەباڵەکان لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیا بێت و بزانێت هەڵاوبگر و لەتبوون و لێکترازان ڕوونادات، لەماوەی چەند هەفتەیەکدا کۆنگرە دەبەسـترێ و ئاهەنگی شادی و خۆشی دەگێڕدرێت!

کۆبوونـەوەی (م.س)ی ڕۆژی 2018/11/27 تۆپەڵێـک قـوڕی بەدەمـی سـەرجەم چاودێر و لێکۆڵەر و ڕۆژنامەوان و سیاسییەکاندا دا کە ماوەی پێنج ساڵە هەروەکو شـانۆگەری (لەچاوەڕوانیی گۆدۆدا)* پێشـبینی چوارەمیـن کۆنگرە دەکەن و سـیناریۆی سـیحراوی بۆ دوا ڕۆژەکانی کۆنگرە دەنووسن!

مـن چیرۆکی کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسـی ڕۆژی (2108/11/27) م بەم شێوەیەی خوارەوە بیستووە:

(ئەندامێک فەرموویەتی: دەنگوباسی کۆنگرە چی لێ بەسەرهات؟

ئەندامێکـی تـر فەرموویەتـی: بـۆ کۆنگـرە ببەسـتین؟ هیچ عەیبێکمان نییە و کاروبارەکانی خۆمـان زۆر بەجوانی دەکەین و کەسـیش ورتەی لێـوە نایـەت، ئێوە بـۆ دەتانەوێـت بارودۆخەکە بورووژێنن و کاروبارەکانمان لێ ئاڵۆز بکەن؟)

کرۆکی نووسینەکەی من ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کۆنگرەوە نییە، هەرچەند هەمووان ئەو ڕاستییە دەزانن: لە سێیەمین کۆنگرەدا قوڕێکی خەست و خۆڵ گیرایەوە و بەسەر سەری داهاتووی یەکێتیدا کرا! من سەرجەم قسەکانی ڕەوانشاد عادل مورادم لەبیـرە: چۆن کۆنگرە بەڕێوەچـوو؟ کێ لەداخی کێ دەرگای هەڵکردنی زریان و باوبۆرانی خسـتە سەرپشـت؟ بەندە و سەدان سـەرکردە و کادر و ئەندام لەناو هۆڵەکەدا بووین و زۆربەیان کەسانی بـە ویژدانـن و پـاش دەرکەوتنـی ئەنجامەکان، بەشێکیان لەسـەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان زووخاوی دڵی خۆیان هەڵڕشـت و پێشبینی ئەوەشیان کرد کە لەبری چارەسـەرکردنی کێشـەکان، کێشـەی گەورەتر دروسـت بن و هەمـووی بە زیانی گەلی کوردستان تەواو بێت.

لەسـەر هەڵوێسـتی مام جەلال، لەناو کۆنگرە و لەپشـت دیوارەکانـی کۆنگرەدا، سـەبارەت بە دوا ئەنجامەکانـی کۆنگرە، من نامەوێت بۆچوونی خۆم بنووسـم، کە دەڵێم: من نامەوێ بنووسـم: دەزانم هەویرەکە ئاو زۆر دەکێشێت. ئەو ڕاستیەش بـاش دەزانم: ئـەو بەهۆی باری تەندروسـتیەوە، نەیدەتوانـی وەکـو جـاران، چاودێریـی جوڵـە و ئاڕاستە و قسەوباسی ناو هۆڵی کۆنگرەکە بکات. ئەرکی سـەرەکی ئەو بریتی بوو، لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی سیاسی، مەراسیم و ئەتەکێتی ڕێزلێنان و دەرکەوتن لەگەڵ ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری ی.ن.ک و ....تاد.

دەرنەکەوتـن و ئامادەنەبـوون لـە زۆربـەی دانیشـتنەکاندا، نابێ ئەوە بگەیەنێـت کە ڕادەی کاریگەریی ئەو لەسەر سەرجەم گفتوگۆ و پێشنیاز و لێژنـە دروسـتکردن و سـڕکردن و کزکردنـی دیاردەی دەسـتەگەری و تەکەتـولات کەم بووە. ئەو هیچی ڕانەگەیاند و دژی کەس قسەی نەکرد. دیاربوو، بیروهۆشـی تەنیا لەسەر یەک خاڵ بوو: هەڕەشـە و مەترسـی سـەرهەڵدان و ڕسکانی گروپ و باڵباڵێن. سـەرەداوەکانی تری ڕادەستی چارەنووسـێکی نادیار کرد. ئـەو چرکەیە، تەنیا چاوی لەسەر پەرەسەندنی فراکسیۆن و ململانێی باڵەکان بوو کە ئەو پێیوابوو: سەرچاوەی مەترسی و تەقینەوەی کێشـەیە. بـاڵ و ماڵەکانی تری بە چۆلەکەی پەڕوباڵکراو و زەڕنەقووتە دەزانی.

مـام جەلال بـۆ نـاوەوە و دەرەوەی یەکێتی، هەوڵی دەدا وێنایەکی گەش و درەوشـاوە نیشان بـدات: ئەو بڕوایەکـی نەگۆڕی بە هێـز و توانای خـۆی هەبـوو. سـەرکردەیەک کـە دوابڕیـاری چارەنووسسازی بەدەسـتەوە دەبێت و قسەکانی (هێڵی سـوور) و (هێڵی سـەوز) دیاری دەکەن. ڕاسـتە ئـەو هـەر لەیەکـەم ڕۆژی دامەزراندنـی یەکێتیەوە، بایەخی بە پەیکەری ڕێکخستن داوە: لە شـام هەنـگاوی یەکەم: دەسـتەی دامەزرێنەر دروسـتکرا. پـاش گەڕانـەوەی بـۆ کوردسـتان: هەنـگاوی یەکـەم: (م.س) و (سـەرکردایەتی) و یـەک لـەدوای یـەک: مەکتەبـی عەسـکەری، مەکتەبی ڕێکخستن، مەکتەبی ڕاگەیاندن و... تاد، دروستکران. ئەو کەسایەتییەکی نەبوو لەپەراوێزی ڕووداوەکاندا چاودێر بێت و بە سـێبەر قایل بێت و دەسـتەی سـەرکردایەتی لەبن ڕووناکی میدیادا پەڕی زەردو سوور لەبەرۆکیان بدەن.

ئـەو هـەر زۆر کەم دەنووسـت، هەمیشـە لە جموجۆڵ و کەفوکوڵدا بوو: ڕۆژانە بیسـت سـێ نامەی دەنووسـی، دەیان کەسـی بـە تاک و کۆ دەبینـی، سەرپەرشـتی کۆبوونەوەکانـی دەکرد، میوانی بەڕێ دەکرد، سەرپەرشتی شەڕ و چالاکیی سـەربازی دەکرد، پەیداکردنی چەک و تەقەمەنی لەئەسـتۆ دەگرت، پوول و پـارەی پەیدا دەکرد،

> لە سێیەمین کۆنگرەدا قوڕێکی خەست و خۆڵ گیرایەوە و بەسەر سەری داهاتووی یەکێتیدا کرا

سـەردانی خەڵکـی دەکرد و سـەرجەم کارەکانی تریشی ڕادەپەڕاند.

ئەو سەرکردانەی کاریزمایان هەیە، سەرناس و لێزانن، لە گەمە سیاسیە کۆن و نوێکاندا شارەزان. ئەوانە بایـەخ بەوە نادەن لەپەیـڕەو و پرۆگرامدا چی نووسـراوە و چی نەنووسراوە؟ لە کۆنفرانس و کۆنگـرەدا کێ دەردەچێت و کێ دەرناچێت؟ بە پەیژەکانی ڕێکخستندا کێ سەردەکەوێت و کێ لە کەلی شەیتانی تەکەتولات بەردەبێتەوە و گەردنی وردوخاش دەبێت؟

سـەرکردەی کاریزمـا، بـە چـەک و پـارە و دەسەڵات دروست نابێت. حزب و ڕێکخراو ناتوانن کاریزما بەرهەمبهێنن! کاریزما لە زاماڵی تەنگژەدا لەدایک دەبێت: لە کەشـی تایبەت و هەلومەرجی پـڕ چاوەڕوانیـدا، کاریزمـا وەکو (فریـادڕەس) دەردەکەوێـت، یان بە گوێرەی دارشـتنی ماکس ڤێبەر: (بـەرز دەبێتەوە)، هەرچی لەسـەر زاری بێتە دەرەوە وەکو (پەیامی ئاسمانی) و (سیحر) کاریگەری دەبێت.

لەسـێبەری کاریزمـادا، هەڵبـژاردن و دانانـی (سـەرکردایەتی) بەهەنـد وەرناگیرێـت. پێوەری کارامەیـی و لێوەشـایی و توانـای بەڕێوەبردن و داهێنـان و ڕابـردووی پـاک و ژمارەی شـەهید و قوربانی، لەبەرچاو ناگیرێت. دووری نزیک، نزیکی دوور دەبێتە پێوەر.

ئەوانـەی ئەزموونـی کاری حزبییان هەیە و لە کۆنگرەیەکی وەکو سێیەمین کۆنگرەدا بەشدارییان کردووە، ئەو ڕاسـتییە دەزانن: پاژێک لەوانەی بۆ سـەرکردایەتی دەرچوون، لەخەونیشدا چاوەڕوانی دەرچـوون نەبـوون. هەر بۆ خۆشـی و نەوچاوان تاقیکردنـەوە، نـاوی خۆیان کاندیـد کرد (گرتی حـەج و نەیگرت یاری)، ئیدی هەریەکە (زار)ێکی هەڵدا، لەناو هەزار سـەردا (باز)ی گێلی ڕێکەوت بەسەر سەری ئەوانەوە نیشتەوە. ئەمە پەیوەندی بە خەبات و قوربانی و ئاستی هۆشیارییەوە نەبوو! هەروەکو پیرێژنە ڕەوەندەکە دەربارەی منداڵبوونی کچەکـەی و سەرسـوڕمانی خەڵـک بە بیسـتنی چیرۆکی منداڵبوونی کچێکی بێ مێرد، گوتی: (بە مێردی نییە! بە خوڵڵایە!)

لەنـاو کۆچـەر و ڕەوەنـد و کولتـووری هۆز و عەشیرەتگەریدا، بیرمەندو تیۆریسێن و فەیلەسوف جێگەیان نابێتەوە. سەیر ئەوەیە هێزێکی سیاسی خۆ بە مۆدێرن و سۆسیال دیموکراتزان، زەمینەی بۆ دامەزراوەی ڕووناکبیری سازنەکردووە. یەکێتی وەکو هێزێکی سۆسیال دیموکرات نابێ سەری زمان و بنی زمانی شـانازی بە دامەزراوەی عەسـکەری بێت، نابێ هێزی چەکداری ئەوتۆ دروسـت بکات کـە لەلایـەن ئۆپۆزسـیۆن و میدیاکارانـەوە بـە (میلیشـیا) دابنرێت، کەچی چەندین دامەزراوەی جۆراوجۆری هەیە، لایەنی کەم لە دەرەوەی بازنەی کاری سیاسی دادەنرێن. دامەزراوەی ڕووناکبیری و تیۆری و لێکۆڵینەوە لەسـەر ئەزموونی سۆسیال دیموکـرات لەناو ئەم یەکێتیەدا بەرچاو ناکەوێت. بایەخنـەدان بـە بیـر و هـزر و دروسـتنەکردنی دامەزراوەی تایبەت بە کاروباری ڕووناکبیری ڕەنگ و ڕوخساری یەکێتی شێواندووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕێکخستن هەیە و کادرو ئەندامانی یەکێتی هەست بە نیگەرانییەکی قووڵ دایگرتوون، کاتێک ڕووبەڕووی ئەندامانی حزبی تر دەبنەوە و دەبینن ئەوان چەند زانیارییان هەیە.

شۆڕەسـواران هەموویان لەبن چەترەکەی مام جەلالـدا بـوون. کەسـانی زۆر دووریـش کە ئەو دیمەنەیـان دەبینـی، نەیاندەزانـی ئەوانەی لەبن چەترەکـەدا چوونەتـە پاڵ یەکتر کێـن و چین و چییـان دەوێـت؟ تەنیا چەترێک دەبینـرا، تەنیا سەرە ناکۆک و زمانە دڕکاویە جیاوازەکان و ڕەنگە شـێواوە هەڵبزڕکاوەکان، لەبن چەترەکەدا شاراوە بوون و سەری کەسیان نەدەبینرا.

ڕۆژێک ئەم پرسیارەم لە مەلا بەختیار کرد:

((ئایا هەر بەڕاست ئەم سەرکردایەتییە نوێیە، مام جەلال گوڵبژێری کردوون؟))

ئەوگوتی: "پاش ڕاگەیاندنی ناوی دەرچووەکان، سـەردانی مام جەلالم لە دەباشـان کـرد. هەوری تەمومـژی نیگەرانییەکـی پـڕ لـە پەرۆشـی، بە دەموچاویەوە دیار بوو. هەناسـەیەکی قووڵی دا و گوتی: من بە هیچ شێوەیەک چاوەڕانی ئەم ئەنجامە نەبووم. یەکێتی پێویسـتی بە سەرکردایەتییەکی کارامەیە، دڵنیام لە داهاتوویەکی نزیکدا کێشـەی ڕاستەقینەمان تووش دەبێت..تاد"

## هەڵبەزینەوە و ڕەخنەی ڕووکەش

کۆنگرەبەسـتن، تەنیـا ژمـارە و هاتوهاواری بـەردەم کامیـرا و کەناڵـە ئاسـمانییەکان نییە. شـێوەی ڕێکخسـتن و بەرنامـە و ئیـدارەدان، مەرجی بنچینەیی سەرکەوتنن. حزبی کۆمۆنیستی چینـی (73) ملیـۆن ئەندامی هەیـە. ئەندامانی کۆنگـرەی ئـەوان ڕەنگـە لـە (730) کەس پتر نەبـن. سـەرکردایەتی (ی.ن.ک) سـەبارەت بـە ژمارەی بەشـداربووانی کۆنگرەی سێیەم (2010) بڕیاریـان دا ناسـنامە تەنیـا بـۆ (500) ئەندام بکەن، کەچی ڕۆژی دەنگدان بە لێشـا و لیسـت پڕکرایەوە و سـندووقی دەنگـدان پڕکرا. پێموایە (1680) نوێنـەر ناسـنامەیان لەبەرباخەڵدابوو. مـن دژی ئەوە نیم (2000) کەسـیش بەشـداری بکـەن، بـەڵام بە کام پێوەر و لەسـەر کام بناغە ناسنامە و مافی نوێنەرایەتی بە کادرێک دەدرێت؟ لای خۆمان: ژمارەی بەشـداربوون، پەیوەندی بە پێوەر و ڕێسا و بەرنامەوە نییە: پیلان و مانۆری دەسـتەگەری و پیاوپیاوێـن، ژمارە بۆ سـەرەوە دەبات، یان بۆ خوارەوە دادەگرێت. ئەم ژمارە زۆرە چاوەڕواننەکراوە، کۆنگرەی سێیەمی هەڵپروکاند و سەرەداوەکانی لەیەکتر ئاڵاند و سەدان گرێکوێرەی لێ پەیدابوو.

ئەم سـینارۆیە بۆ نووسرابوو؟ بۆ ئەکتەرەکان کار و دەورەکانیـان بـەم شـێوەیە دەگێڕا؟ ئەوە بابەتێکە و مامۆستا جەعفەر لەدڵی خۆیدا دەڵێت:

((ئەمە بڤەیە!))

پاژێک لە دڵشکاوەکان، بەشێوەیەک پەست و بێزار بـوون، جامی توورەیی و هەڵچوونی خۆیان لەسـەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان هەڵڕشت. لێرە تەنیا ئامـاژە بـۆ ئەوانـە دەکەم کـە لەسـەر لاپەڕەی ڕۆژنامـەکان ناڕەزایـی خۆیان دەربـڕی. ئەوانەی هیچیـان نەنووسـیوە، ئەوە ئۆباڵی بە ئەسـتۆی خۆیان.

ژمارەیـەک کادری پێشـکەوتووی هەولێـر، بەیانێکیـان بڵاوکـردەوە و ڕەخنـەی توندیان لە بارودۆخی (ی.ن.ک) گرت. لەهەمان کاتدا چەندین نووسەرکە خۆیان بۆ سەرکردایەتی کاندید کردبوو، زوو هاتنە دەست و بۆچوونی خۆیان بڵاوکردەوە، مەبەسـت لێـرە هەڵسـەنگاندن و تەتەڵەکردنـی بیروڕای ئەم و ئەو نییە. بەڵکوو دەمەوێ دەسـت لەسـەر ئەوە دابگرم: تا ئەمڕۆ کەس نەیویستووە دەست بخاتە سـەر برینەکان و لێکۆڵینەوەیەکی بابەتی لەسەر سێیەمین کۆنگرە بنووسێت.

لەنـاو کۆنگـرەدا زۆر بە پەلە گفتوگۆ لەسـەر بابەتێک کرا، بەڵام بەبێ چارەسـەری گشتگیر و ڕیشەیی جێهێڵرا:

ــ ئایـا ئەندامانی سـەرکردایەتی بۆیان هەیە پۆسـتێکی (دەوڵەتـی) یـان (حکومـی)ی باڵا وەربگرن؟

ـ ئایـا ئەندامێکـی سـەرکردایەتی دەتوانێت بازرگانی و کۆمپانیای هەبێت؟

ئەندامانی کۆنگرە، بە کۆدەنگی ئەو بڕیارەیان پەسـەند کرد کە پۆسـتە باڵاکانی (حکومەت) و (دەوڵەت) دەبێ ئەندامێکی (م.س) ی بۆ کاندید بکرێت. ئەم بڕیارە هەرچەند بە وردی دانەڕێژراوە و پەلوپۆی بۆ دروست نەکراوە، سەرکردایەتی پێش ئـەوەی مەرەکەبی نووسـینەکە وشـک ببێتەوە، بڕیارەکەی پێشێل کرد:

لـە دانانی سـەرۆک کۆمار، جێگری سـەرۆک وەزیـران، وەزیـر،.. لەنێوان کاندیـدی (م. س) و دەرەوەی سـەرکردایەتی، بەگوێـرەی بڕیـاری کۆنگـرە دەنـگ نـەدرا. لەودیـوی (م.س) دەوە، هەروەکو ڕێککەوتننامەکانی کەسـایەتی گەورە و پێشمەرگەی دێرین (مام ئەحمەدی مامەندئاوا) بە یەکێکی گوتبوو: (هەشت وانێکت دەدەمێ، یەک وانێکم بدەرێ)** ئەمە بە ئینگلیزی پێیدەگوترێ ڕێککەوتننامەی (جەنتڵمـان)، هەردوولا تەوقەی خۆیان دەکەن و سەودا و موعامەلە کۆتایی دێت، بەبێ گوێدانە یاسـا و ڕێسـا و بڕیاری کۆنگرە و سەرکردایەتی.

## سۆسیال دیموکرات و هێزی چەکدار

کێشەی چارەسـەرنەکراوی کۆنگرە ئەمە بوو: هێزێک خـۆی بە مۆدێرن و سۆسـیال دیموکرات دابنێت؛ هێزێکی سیاسی ـ چەپ ـ سۆسیالیست دەکرێ هێزی چەکداری هەبێت؟

مـن نامەوێـت ڕەخنـە و شـاڵاوی هێـزە سیاسـییەکانی تر لەبەرچاو بگرم: گوایە یەکێتی حزبێکـی (میلیشـیایە)، ڕەخنەکانـی ئـەوان بابەتی نین و دیقەت بەکارنەهێنراوە و مەبەسـت سـووکایەتییە بـە (مێـژووی خەباتـی هێـزی پێشمەرگە) و تێکەڵی و پێکەڵی زۆری تێدایە.

بە گشتی: تەنیا دەوڵەت دەبێ هێزی چەکداری هەبێت. ئەم هێزە سنوور و ئاسایش دەپارێزێت و پارێزەری قانونیشە. دەوڵەت بەرپرسیارە لە ژیان و سەلامەتیی هەموو هاووڵاتیان و دەستەبەرکردنی ئازادی و دیموکراسی بۆ هەمووان.. تاد. حزبێکی سیاسی، ئەگەر پێویستی بە پارێزگاری بێت، دەبێ دامەزراوەی تایبەتی دەوڵەت، ڕێوشوێنی پێویست بۆ ئەو لایەنە دابین بکات.

من سەرۆک کۆماری چینم لە نزیکەوە بینیوە: خـۆی و خانمی یەکەم، هـەر پاش کۆبوونەوە بە یەک ئۆتۆمبێل ڕۆیشتن، هیچ ماتۆڕ و ئۆتۆمبێلی جامڕەش و پیکاپی بیکەیسـی لەسـەرم نەبینی. لەم وڵاتەی ئێمەدا گرنگیی پلەوپایەی لێپرسراوێک بـە ژمـارەی ئۆتۆمبێـل و پاسـەوان و تـەلار و زەویوزارەکانی دەردەکەوێت. ئەمە بۆ لێپرسـراوی گـەورە و مـام ناوەنـد حیسـابێکە! خاتـرداران دەتوانـم تۆزێک لێیان تێبگەم! لەبەرخاتری کوڕە مەسئولیش کە لاسایی باوکیان دەکەنەوە، ئەوەش تێگەیشـتم! هاوڕێیەکـی گیانی بـە گیانی کوڕە لێپرسراوێک، کاتێک بە شـەقامەکاندا تێدەپەڕێ و بیسـت ئۆتۆمبێلـی جامڕەشـی بەدواوەیـە! با سەرکردایەتی ئەو هێزە (تەفسیر)ێکی عەقڵانی بۆ ئـەم (دیاردە)یە بدۆزێتـەوە، چونکە نموونەی لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا نییە!

> دەبێت باڵێک یان دوو باڵی دەستڕۆیشتوو، دڵنیابن لەوەی بەستنی کۆنگرە بە قازانجی ئەوانە و کەس ناتوانێت ببێتە کۆسپ لەبەردەمیان، ئینجا گڵۆپی سەوزی کۆنگرە هەڵدەکرێت

لـە (پەیـڕەوی ناوخـۆ)ی یەکێتیـدا ماددەی (34) دەقەکـە بـا وەکـو خـۆی بخوێنرێتـەوە: (ئەندامانـی کۆمیتەی سـەرکردایەتی بۆیان نییە دەسـەڵاتی خۆیان بۆ هیچ چالاکییەکی بازرگانی بۆ بەدەستهێنانی قازانجی ماددی بەکاربهێنن، یان لە هەر چالاکییەکی بازرگانی یان هەر پرۆژەیەکی ئابووری ببنە شەریک).

ئـەو کەسـەی ئـەم پەرەگرافـە جوانـەی هۆنیوەتـەوە، هەولێرییەکان پێی دەڵێن: (چاوت دەخـۆم! هـەی لـوت نەمینێـم وەک نەمـام!) بەڕاستی بە عەتر و گوڵاوی سۆسیال ـ دیموکرات نووسراوە. من هیچ گومانێکم لەوەدا نییە ئەندامانی سەرکردایەتی ماددەی (34)یان هەر زۆر بە جوانی جێبەجێ کردووە و من بۆ خۆم زۆربەیان دەناسـم و هەر باس گەیشتە کار و کەسابەت و هاتە سەر (بازرگانی) و (شیرینیی نەوت)، داماوانە دەکەونە سـوێند و تـەڵاق و خوێنی شـەهیدان، کە ئەوان سادەترین زانیارییان لەسەر (بازرگانی) نییە و هەر نازانـن ئەم کارانە چۆن دەکرێن؟ منیش سـەدی سـەد بۆیان دەسەلمێنم: ئەوان هەرچی لەدەمیان هاتە دەرەوە شایانی بڕواپێکردنە! ناسیاوێکم هەر زۆر چوختیە لای ئەویش سـەرکردەیەکی (مەزن) ئەوەندە پاکانـەی کردبوو، گوایـە: لە (مووچە) بەولاوە یەک سەرچاوەی داهاتی تری نییە و گوایە ئـەو مووچەیەش یەک ملیۆن و چوارسـەد هەزار دینـار کەمترە. ئینجا وەرە خـۆت لەقوڕی ڕەش هەڵمەکێشە! ئەویش گوتی: "ڕاست دەکەن، ئەوان بە موو لە پەیڕەو لانادەن و کاری بازرگانی ناکەن و دەسـەڵاتی خۆیان بۆ ئەو جۆرە کارانە لەکەدار ناکەن. دەسـتی خۆیان نییە و مـاری پێدەگرن: کوڕەکانیـان، براکانیـان، زاواکانیـان، کۆیلـە ئابوورییەکانیـان، خوای گـەورە بارانی ڕەحمەتی بەسەریاندا باراندووە، باران بباری کۆمپانیاکانیان دەگەڕێ و باران نەباری کارەکانی تریان دەگەڕێ.."

بەرپرسـێکی گەورەی یەکێتـی چەند مانگێک لەمەوپێش پێیگوتم:

"لـەدوای سـێیەمین کۆنگـرەوە، گەلـی کورد بەگشتی و ئەندامانی یەکێتی بەتایبەتی، گومانیان لـەو ڕاسـتیە نەمـاوە کـە بەشـێکی بەرپرسـە مەزنەکانـی ی.ن.ک لە کاروباری بازرگانیدا گورج و گـۆڵ و چالاکن، لە چالاکیی حزبی و سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگیدا زۆر سسـت و داماو و هیوابڕاون!!

لەناو کۆنگرەدا خاڵێـک وورووژێنرا: ئەندامێکی سـەرکردایەتی دەبـێ لەیـەک کاتـدا چەنـد پلە و پۆسـتی هەبێـت و ئایـا لە هەمـوو کارەکانیدا سەرکەوتوو دەبێت؟

لـە هەمـوو وڵاتانـی دونیـادا (م.س) بریتیە لـە دامەزراوەیـەک، چەنـد ئەندامێکـی هەیـە و سـکرتێرێک و سـەرۆکی حزبەکـە، لێپرسـراوی خەزێنە، پێکەوە کارە سیاسی و ستراتیجیەکانی حزبەکە ڕادەپەڕێنن. ئەمانە کاریان ئاراستەکردن و پتەوکردنی بینای حزبەکەیە.

کاتی خۆی کاک عومەری سەید عەلی گەورەیی نواند و سـەردانی کردین: من پرسیارێکم ئاراستە کرد، دەربـارەی (وەزیفە)ی مەکتەبی سیاسـی: ئایا دامەزراوەیەکە سـەرقاڵی کاری ستراتیجیە و هەموو ئاڕاستەی حزبەکە دەکەن لەڕووی سیاسی و فەرهەنگیەوە و سیاسـەتی نـوێ و پلانی نوێ دادەڕێژن؟

گوتم: مـن تێبینی ئـەوەم کـردووە، زۆربەی ئەندامانی (م.س) کاتی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشـەی هاووڵاتیان تەرخان کردووە: (کەسـێک دەسـتی نارِوات، یارمەتـی دەدەن! یەکێک گوللە لەدەسـتی دەرچووە و یەکێکی کوشـتووە، ئێوە سـوڵحی بۆ دەکەن،.. گوتم: ئەمە کاری دائیرەی سۆسـیالە لە ئەورووپا، مەکتەب سیاسی (وەزیفە) یەکی زۆر جیاوازی هەیە..)

دەمـەوێ بـەم هەمـوو شـێر و ڕێویـە بـە (سەرکردایەتی) و (م. س) لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزدا بڵێـم: (سـەرکردایەتی) و (م. س) هـەر زۆر لە (وەزیفە)کانی خۆیان دوورکەوتوونەتەوە و خۆیان سـەرقاڵی کاری لاوەکی کردووە کە ئیشـی ئەوان نییە.

کارێکی ئاساییە پێشـمەرگەیەک، ئەفسەرێک بەشـداری لـە کۆنگرەیـەک بـکات و خـۆی بـۆ سـەرکردایەتی کاندیـد بـکات و دەربچێـت. هەر ئەندامێکـی کۆنگـرە مافـی خۆیەتـی متمانـەی هەڤاڵەکانی وەدەسـتبهێنێت و لە پەیژەی حزبدا سـەربکەوێت. بەڵام ئەو کەسـە دەبێ پێشـەکی ئەو ڕاسـتیە بزانێت، دەرچوون بۆ سـەرکردایەتی و دەسـتبەرداربوونی لـە کاری پێشـوو، دەبـێ پێکەوە بێت. ئەگەر ئەم پرەنسـیپە پۆلیسـێکی هاتوچۆ بگرێتەوە، دەبێ بەهەمان شـێوە وەزیری بەرگری و سوپاسـالار و فەرماندە پلە باڵاکانیش بگرێتەوە. من نامەوێت باسی سویسرا و بەلجیکا و لۆکسمبورگ بکەم، ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەغدای ئەمڕۆ، هەر ئەفسەر و سەربازێک خۆی بۆ ئەندامی پەرلەمـان کاندید بکات، دەبێ پێشـەکی لە پلە سـەربازییەکەی دەست لەکار بکێشێتەوە. ئەم لە پلە وازهێنانە، پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە، دوورخستنەوەی هێزی چەکدار لە کاروباری سیاسـەت و حوکمڕانی، وڵات لە قەیران و تەنگژە دووردەخاتەوە!

پێویسـتە لە چوارەمین کۆنگـرەدا (وەزیفە)و شـێوەی کاری (م. س) بگۆڕدرێت. لە سێیەمین کۆنگرە، پێشنیازی ئەوە کرا ناوی (م. س) گۆڕانی بەسەردا بهێنرێت. بەشێک داوایان دەکرد (م.س) هەر نەمێنێ و (فۆرم)ێکی نوێ بدۆزرێتەوە. کەچی نە ناو گۆڕا و نە (ناوەڕۆک) گەشەی پێدرا. ئێستا دەبێ بڵێین: خۆزگەمان بە ساڵی (1977) کە بۆ یەکەمین جار (م.س) یەکێتی لەدایکبوو!

ئەوکاتـە (م.س) و سـەرکردایەتی ئەرکـی سەرشانی خۆیان جێبەجێ دەکرد، ئێستا خۆیان سـەرقاڵی هەزارویەک کێشە کردووە، تەنیا ئەرکە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی خۆیان نەبێت.

* شانۆگەریی (لەچاوەڕوانی گۆدۆدا) نووسینی ساموئیل بێکت.

** وانێک: وانەک، هێن، واک، هەرامە



(فۆتۆ: ڕووداو)

# لەناو یەک ملیۆن کەس سارا تووش بوو

عومەر چاوشین
رووداو- رانیە



سارا لە تەمەنی چوار ساڵییەوە تووشی بەرزبوونەوەی کۆڵیسترۆڵی خوێن بووە





چەوریی خوێنی کەسی ئاسایی 200ـە، ئەوەی سارا گەیشتووەتە 1200

پزیشکێک

ئەو کاتانەی سارا بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە لە هۆش خۆی دەچوو، مامۆستا و هاوڕێکانی بە چواردەورییەوە دەبوون تا کەسوکاری دەگەیشتنە لای، بەڵام نەخۆشییەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تەنگی پێی هەڵچنی و ناچاری کرد واز لە خوێندن بێنێ.

(Homozygous familial hypercholesterolemia) ناوی ئەو نەخۆشییەیە کە تووشی سارا ئەنوەری تەمەن 13 ساڵان بووە. نەخۆشییەکە سەردەکێشێت بۆ بەرزبوونەوەی کۆلیسترۆڵی خوێن. دوور نییە سارا وەکو ئاڤانی خوشکی بمرێ، ئەگەر چارەسەر نەکرێ، بەڵام پزیشکەکان دەڵێن چارەسەرەکەی لە دەرەوەی کوردستانە.

خێزانی سارا لە خانوویەکی کرێدا دەژین، جگە لە نەخۆشییەکەی سارا، منداڵێکی دیکەشیان هەیە کە تووشی ئیفلیجیی مێشک بووە. ئەنوەر دەڵێت: "ئاڤان 14 ساڵ و 4 مانگ تەمەنی بوو کە مرد، بەهۆی هەمان ئەو نە نەخۆشییەی کە سارا تووشی بووە. کوڕەکەشم شەلەلە و ناتوانێت لەسەرپێی خۆی بڕوات، دەبێت بەباوەش یان بە دوو کەس یان بەکۆڵ بیگوازینەوە".

کۆلیسترۆڵی خوێنی سارا بە جۆرێک بەرز دەبێتەوە کە هەموو جارێک شوێنەوارێک لەسەر جەستەی جێدێڵێ. بەرزبوونەوەی چەوری لەژێر پێستیدا وای لە سارا کردووە نەتوانێ تەنانەت پێڵاویش لەپێ بکات، زۆر جاریش هەناسەی توند دەبێ و لێدانی دڵیشی زیاد دەکات.

باوکی سارا دەڵێت چارەسەری نەخۆشیی کچەکەی لە دەرەوەی کوردستانە، بەڵام تێچووەکەی زۆرە و زیاتر لە 100 هەزار دۆلارە، ئەویش ناتوانێت بە کرێکاری ئەو پارەیە پەیدا بکات کە ئێستا لە نانەواخانەیەک لە هەفتەیەکدا تەنیا سێ ڕۆژ و ڕۆژانە بە 15 هەزار دینار کار دەکات.

لە ماڵەکەی ئەنوەردا کەسێکی ساغ نادۆزینەوە، ئەنوەر و هاوژینەکەشی ڕێژەی کۆلیسترۆڵ لە جەستەیاندا زیادە و تووشی گوشاری خوێنیش بوون.

سارا چوار ساڵە تووشی ئەو نەخۆشییە بووە و دەڵێت لە پۆلی شەشی سەرەتایی بە ناچاری وازی لە خوێندن هێناوە، چونکە کۆلیسترۆڵی خوێنی بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرز دەبووەوە، بەو هۆیەشەوە بێهێز دەبوو و لە هۆش خۆی دەچوو.

سارا دەڵێت: "داواکارم حکومەت و خێرخوازان ئاوڕێکم لێ بدەنەوە، بۆ ئەوەی چاک ببمەوە و بگەڕێمەوە قوتابخانە".

سەبارەت بە چارەسەرییەکانی سارا، باوکی دەڵێت: "پزیشکەکان دەڵێن ئەگەر بەشێوەیەکی کاتی چارەسەر بکرێ، دەبێ مانگانە دەرزییەکی لێ بدرێ کە بە 370 دۆلارە. ئەگەریش بە یەکجاری چارەسەر بکرێ، دەبێ غەسلی خوێنی بۆ بکرێ کە هەر جارێک بۆی بکرێ پێویستی بە 8000 دۆلارە، مانگانە دەبێ دوو جار و بۆ ماوەی پێنج ساڵ بۆی بکرێ تا خوێنەکەی بە تەواوی لە کۆلیسترۆڵ پاک دەبێتەوە".

دکتۆر سەعید عوسمان پزیشکی دڵ و هەناو کە ماوەیەکە بەردەوام چاودێریی تەندروستی سارا و باوکی دەکات، دەڵێت "نەخۆشییەکەی سارا زۆر دەگمەنە و ئاستی کۆلێسترۆڵ لە خوێنیدا زۆر بەرزە. کەسێکی ساغ نابێت کۆلیسترۆڵەکەی لە 200 زیاتر بێ، بەڵام ئەوەی سارا لە 1000 تێدەپەڕێ، تەنانەت 1200ی تۆمار کردووە".

سەبارەت بە هۆکاری تووشبوون بە نەخۆشییەکە، ئەو پزیشکە دەڵێت: "ئەو نەخۆشییە پەیوەندی بە کرۆمۆسۆمەکانەوە هەیە و بۆماوەییە، واتە لە دایک و باوکی بۆی ماوەتەوە، بەڵام ئەوەی دایک و باوکی بەو ڕێژە زۆرە نییە کە ژیانیان بکەوێتە مەترسییەوە".

دکتۆر سەعید دەشڵێت: "لوولە خوێنەکانی سارا زۆر بە خێرایی لە تەمەنی چوار ساڵییەوە تووشی کێشە بووە و ئەمەش کێشەی لە دڵیدا بۆ دروستکردووە، ئەگەر بە خێرایی چارەسەر وەرنەگرێت لەوانەیە تووشی هەمان چارەنووسی خوشکەکەی ببێ".

بە گوتەی ئەو پزیشکە، لە یەک ملیۆن کەس لە جیهاندا تەنیا یەک کەس تووشی ئەو حاڵەتە دەبێ کە ئێستا سارا یەکێکیانە.

سەبارەت بە چارەسەری نەخۆشییەکەی سارا، دکتۆر سەعید دەڵێت: "چارەسەرەکەی هەمەلایەنەیە، وەک وازهێنان لە هەندێک خواردن، وەرزش و دەرمان، بەڵام دەرمانی باشی نەخۆشییەکەی سارا لە کوردستان دەستناکەوێ".

گوتیشی: "جگە لەوەش پێویستی بە شووشتنەوەی خوێن هەیە کە بە ئامێری تایبەت دەکرێ و چەوریی زیادە لە خوێنی جیادەکاتەوە. هەر دە ڕۆژ جارێک پێویستی بەو چارەسەرییە هەیە تا بە یەکجاری چاک دەبێتەوە".

# شەکر ژیان تاڵ دەکات



رووداو – هەولێر

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەڵێ باشتر وایە شەکر تەنیا 5%ی وزەی ڕۆژانەمان پێکبهێنێ، ئەوە لەکاتێکدا ڕێکخراوەکە پێش ساڵی 2014 دەیگوت ئاساییە شەکر 10%ی وزەی ڕۆژانەت پێکبهێنێ.

بۆ کەسێکی پێگەیشتووی ئاسایی 5%ی وزەی ڕۆژ، واتە 25 گرام شەکر، سادەتر بڵێین دەکاتە شەش کەوچکە چا شەکر. مەبەست لەمە هەر تەنیا شەکری سپی نییە، بەڵکو هەموو شەربەت و خواردنەوە گازی و شیرینییەکانی دیکەش دەگرێتەوە. یەک قوتوو لە خواردنەوە گازییەکان نۆ کەوچکە چا شەکری تێدایە!

ئێستا شەکر بەشێوەی شاراوە لە چەندین خۆراکی مۆدێرندا هەیە. گرفتەکە زۆرتر لە شەکرە دەستکردەکاندایە. چونکە ئەوانە سووتەمەنیی خێران و ئەگەر بە خێرایی بە چالاکی جەستەیی نەسووتێنرێن، ئەوە بەشێوەی شەکر یان چەوری لە جەستەدا هەڵدەگیرێن و دەبنە هۆی قەڵەوی.

شەکری سپی هیچ بەهایەکی خۆراکی (ڤیتامین و کانزا)ی نییە و ئەوەی هەیەتی تەنیا وزەیە کە قەڵەومان دەکات و ددانمان کلۆر دەکات.

لەڕێی وزەی زۆر کە ئەنجامەکەی قەڵەوییە، شەکری دەستکرد ڕێگە خۆش دەکات بۆ تووشبوون بە شەکرەی جۆری دوو، نەخۆشییەکانی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن و چەند جۆرێکی شێرپەنجە.

شەکر بەشێوە سروشتییەکەی، بەشێوەی ئاڵۆز هەیە، ئەوەش وادەکات هەم جەستە بە خێرایی هەرسی نەکات و وزەکەی وەرنەگرێ، هەم هەستی تێربوون دروست بکات، بەڵام شەکری دەستکرد بە پێچەوانەوە بە خێرایی وزەکەی دەردەپەڕێنرێ و هەستی تێربوونیش دروست ناکات و ئەو دوو جیاکەرەوەیەش پاڵنەری سەرەکیی قەڵەوبوونن.

هەندێک توێژینەوە دەڵێن شەکری دەستکرد هانی نیشتنی چەوری دەدات لە جگەر و بەشەکانی دیکەی جەستەدا. کاتێک شەکری دەستکرد دەخۆین، ئاستی شەکری خوێنمان بە خێرایی بەرزدەبێتەوە، ئەو هەڵکشانەی شەکری خوێن و خێرا دەردرانی ئینسۆلین، شەپۆلێکی نائاساییە بۆ جەستە و لەگەڵ تێپەڕینی کات ڕێگە خۆش دەکات بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە.

شەکری دەستکرد هەر ئەوە نییە کە سپییە و خۆمان دەیکەینە خواردنەکانەوە، بەڵکو بەشێوەی شاراوە هەیە لەناو کەچەپ، خواردنەوە گازییە جیاوازەکان، کێک، شیرینی و چوکلێت.

## کاریگەری و لێکەوتە تەندروستییەکانی شەکر

- شەکری نێو هەموو بەرهەمێکی شیرینەمەنی هۆکاری تووشبوونە بە چەندین نەخۆشی
- هەموو کەسێک پێویستە شیکاری وردی پێکهاتەکانی جەستەی بزانێت
- هەندێک خۆراک پێداویستییەکانی جەستە پڕدەکەنەوە و شەکرێکی کەمیش لەنێو جەستە کەڵەکە دەکەن
- چای شیرین یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی وەرگرتنی وزەی زیادەیە
- سووتاندنی 65 کالۆری وزە، پێویستی بە کاژێرێک وەرزشی پەتپەتێن هەیە
- کاربۆهایدرەیتی نێو پیتزا، بڕێکی زۆر شەکر دەداتە جەستە
- یەک پارچە پیتزا، حەوت کەوچکەچا شەکر دەنێرێتە نێو جەستە
- خواردنەوە گازییەکان ڕێژەیەکی بەرزی شەکریان تێدایە
- لە نێوان شەربەتی سروشتی و دەستکرددا، سروشتییەکە هەڵبژێرە
- لەنێوان خواردنی میوە و خواردنەوەی شەربەتی میوەدا، خواردنی میوە هەڵبژێرە

## جیاوازییەکانی نێوان شەکری سروشتی و شەکری دەستکرد

| شەکری سروشتی | شەکری دەستکرد |
| --- | --- |
| ئاڵۆز | سادە |
| بەخێرایی هەرس ناکرێت | بەخێرایی هەرس دەکرێت |
| هەستی تێربوون دەدات | هەستی تێربوون نادات |
| هانی نیشتنی چەوری نادات | هانی نیشتنی چەوری دەدات |
| دژی شێرپەنجەیە | ڕێگەخۆشکەرە بۆ تووشبوون بە شێرپەنجە |



## چۆن شەکر لە خۆراکدا کەم بکەینەوە؟

- میوە بخۆ نەک شەربەت.
- کەمتر شەکر بکە نێو چا و هاوشێوەکانی.
- بەر لەوەی هەر خواردن و خواردنەوەیەکی ئامادەکراو بکڕی، بە وردی تەماشای ڕێژەی شەکرەکەی بکە.

تەندروستی جیهانی داوا دەکات شەکر بە کەوچکەچا پێوانە بکرێت نەک گرام. ئەو ڕێکخراوە نۆ کەوچکە چا شەکر بۆ پیاوان بە پێویست دەزانێت لە ماوی شەو و ڕۆژێکدا، بۆ خانمانیش شەش کەوچکە چا.

سەیری ڕێژەی شەکر بکە لە هەر خۆراکێکدا کە دەیکڕی. حیسابی بکە، یەک کەوچکەچا شەکر چەند گرامە؟ یەک کەوچکەچا یەکسانە بە چوار گرام، کەواتە 22 گرام دەکاتە چەند کەوچکە چا شەکر؟ دەکاتە 5.5 کەوچکەچا.

# وەرزش و ڕێجیم دەرمانی شەکرەن



رووداو- هەولێر

توێژینەوەیەکی نوێی بەریتانی دەریخستووە دابەزاندنی کێش یارمەتی تووشبووانی شەکرەی جۆری دوو دەدات لە نەخۆشییەکە چاک ببنەوە. توێژینەوەکە لەلایەن هەردوو زانکۆی بەریتانیی نیو کاسڵ و گلاسگۆ کراوە و ئەنجامەکەشی لە جۆرناڵی زانستیی (لانسێت) بڵاوکراوەتەوە.

## شەکرەی جۆری یەک و دوو چییە؟

شەکرەی جۆری یەک زیاتر تووشی منداڵان و گەنجان دەبێ کە بە هیچ جۆرێک ئەنسۆلین لە پەنکریاسەوە دەرنادەن، چونکە خانەکانی دەردانی ئەنسۆلین لە پەنکریاسیاندا بە تەواوی لەنێوچوون، ئەویش بەهۆی هێرشی کۆئەندامی بەرگری بۆ سەر ئەو خانانە.

بەڵام شەکرەی جۆری دوو، زۆرتر پەیوەندی بە قەڵەوی و فاکتەری بۆماوەیی هەیە و تێیدا تووشبووان ئەنسۆلینیان هەیە، بەڵام یان بڕەکەی کەمە یان خانەکانی جەستەیان وەک پێویست وەڵامی کاری ئەنسۆلینی جەستەیان ناداتەوە. نزیکەی 95%ی تووشبووانی شەکرە لە جیهاندا شەکرەی جۆری دوویان هەیە.

ئەوانەی شەکرەی جۆری یەکیان هەیە، هەر دەبێ ماددەی ئەنسۆلین وەربگرن کە ئێستا بە زۆری بەشێوەی دەرزی لە نەخۆشخانەکاندا هەیە. بەڵام تووشبووانی شەکرەی جۆری دوو بە وەرزش و ڕێجیم یارمەتی ڕێکخستنی شەکری خوێنیان دەدەن، دەرمانەکانیشیان بەزۆری بەشێوەی حەب هەن و چەندین جۆریان هەیە.

## توێژینەوە نوێیەکە

توێژینەوەکە لەسەر 298 کەسی تووشبوو بە شەکرەی جۆری دوو کراوە کە بۆ ماوەی پێنج مانگ بە مەبەستی دابەزاندنی بڕێکی زۆری کێش، پابەندی سیستمێکی خۆراکیی کەم وزە بوون.

لە ئەنجامدا دەرکەوت نیوەی بەشداربووان تەنیا بە دابەزاندنی کێش توانییان بەسەر نەخۆشییەکەدا زاڵ ببن. پاش ساڵێک لە ڕێژیمە خۆراکییە نوێیەکە و دابەزاندنی بڕێکی زۆری کێشیان، 46%ی بەشداربووان بە تەواوی لە نەخۆشییەکە چاکبوونەوە.

یەکێک لە نەخۆشەکان بەر لە دەستکردن بە ڕێجیمەکە، کێشی لەشی 95 کیلۆگرام بووە، پاش دابەزاندنی 25 کیلۆگرام لە کێشی، ئیدی چیدی پێویستی بەوە نەما دەرمانی دژە شەکرە بخوات.

لە هەمان توێژینەوەدا دەرکەوت دابەزاندنی 15 کیلۆگرام و زیاتر لە کێشی جەستە، یارمەتی 86%ی تووشبووانی شەکرەی جۆری دوو دەدات کە لە نەخۆشییەکەیان چاک ببنەوە.

تێبینی: نابێ هیچ نەخۆشێکی درێژخایەن، بەبێ چاودێری و ڕاوێژی پزیشک دەرمانی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییەکەی ڕابوەستێنێ.

# ئێران بۆچی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ناک

**ڕووداو – هەولێر**

پاش کشانەوەی تاکلایانەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی نێوان کۆمەڵەی 5+1 و ئێران، ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایان چاوەڕێیان دەکرد تارانیش لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێران قەبووڵی ناکات لە یەک کاتدا سزای ئابووریی قورسی لەسەر دابنرێ و بەرنامە ئەتۆمییەکەشی رابگرێ. بەڵام ئێران لە ڕێککەوتنەکەدا ماوەتەوە و دیاریش نییە لە داهاتوویەکی نزیکدا لێی بکشێتەوە. پرسیار ئەوەیە بۆچی ئێران تاوەکو ئێستا لە ڕێککەوتنەکەدا ماوەتەوە و هەتا کەی لەسەر ئەوە بەردەوام دەبێ؟

هێنری ڕۆم، لێکۆڵەر لە گروپی ئۆراسیا، لە ڕاپۆرتێکدا لە گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز)ی ئەمریکی دەڵێت :"نابێ پێمانوابێ ئێران لە ڕێککەوتنەکەدا دەمێنێتەوە بێ ئەوەی باجی ئەو بڕیارەی هەڵسەنگاندبێ، یان سەرکردەکانی ئەو وڵاتە تەنیا چاوەڕێی تەواوبوونی ماوەی یەکەمی سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ (سەرۆکی ئەمریکا) دەکەن". چونکە کشانەوەی ئێران لە ڕێککەوتنەکە و هەنگاونانی بچووک بۆ پێشێلکردنی ڕێککەوتنەکە دەستی ئێران بۆ دانوستاندنی داهاتوو لەگەڵ ئەمریکا بەهێز دەکات، بۆیەش بڕیارەکەی ئێران دەبێ لەسەر بنەمای لێکدانەوەی سوود و زیانەکانی مانەوە لە ڕێککەوتنەکەدا بێ.

## قازانجە ئابوورییەکان

نیگەرانی سەرەکیی حکومەتی حەسەن ڕوحانی، سەرۆککۆماری ئێران، لەدوای بڕیارەکەی ترەمپ پەیوەست بە ئابووریی ئێران بوو، لە کاتێکدا تەنانەت چەند مانگێک پێش کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکەش، ئابووریی ئێران بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی. ڕۆم پێیوایە لە دوای گەڕانەوەی سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران دوو خاڵ دەبێ لەبەرچاو بگیرێن، یەکەمیان ئەوەیە "هەرچەند سزاکانی ئەمریکا قورسن، بەڵام هێندەی سزا چەند لایەنەکانی پێشتر کاریگەر نین". خاڵی دووەمیشیان بریتییە لەوەی ئێران دەزانێ "کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە ئەوەندەی دیکە ئابووریی وڵات دادەتەپێنێ".



دەسەڵاتدارانی ئێران دەزانن کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە ئەوەندەی دیکە ئابووریی وڵات دادەتەپێنێ (فۆتۆ: AFP)

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، ئاستی هەناردەی نەوتی ئێران بە بڕی یەک ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیوە، ئەمەش کەمترە لەوەی ئێرانییەکان چاوەڕێیان دەکرد. هۆکارێکی ئەمە بۆ بڕیارێکی واشنتن دەگەڕێتەوە کە ڕێگە بە هەشت وڵات دەدات بۆ ماوەی شەش مانگ درێژە بە کڕینی نەوتی خاو لە ئێران بدەن، ئەگەرچی ئێران ناچارە نەوتەکەی خۆی هەرزانتر لە نرخەکانی بازاڕ بفرۆشێ، پارەکەشی لە کۆمەڵێک سندوقی تایبەتی وڵاتی کڕیاردا ڕادەگیرێ، بۆ ئەوەی دواتر وەک کاڵا بە ئێران بدرێتەوە؟

کشانەوە لە ڕێککەوتنەکەی 2015 یان پێشێلکردنی پاکێجەکە بەشێکی زۆر لە کڕیارە گەورەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ناچار دەکات بۆ فرۆشیاری دیکەی نەوت بگەڕێن، لە لایەکی دیکەوە ئەوروپییەکانیش دەهێنێتە سەر ئەو بڕوایەی دەبێ واز لە هەوڵەکانی خۆیان بۆ دۆزینەوەی میکانیزمەکانی یارمەتیدانی ئێران بهێنن. ئەڵمانیا، فەرەنسا و بەریتانیا دەیانەوێ کۆمەڵێک میکانیزم بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بە ڕێگایەک لەگەڵ ئێران بازرگانی بکەن کە پێشێلی سزاکانی ئەمریکا نەکات، یەکێک لەوانەش بازرگانییە بە یۆرۆ.

## قازانجە ستراتیژییەکانی دانبەخۆداگرتن

بەردەوامی تاران لەسەر ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا کە بە پلانی کاری هاوبەشی گشتگیر (JCPOA) ناسراوە، درزی گەورەشی لە نێوان ئەمریکا و ئەوروپادا دروستکردووە. بە بۆچوونی هێنری ڕۆم، ئەم ناکۆکییەی نێوان واشنتن و ئەوروپییەکان وایکردووە هەنگاوەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەشێوەیەکی بەرچاو پشتگوێ بخرێ و هەموو هەوڵەکان لەسەر هێشتنەوەی ئێران لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا چڕ بکرێتەوە.

ئیدارەی ترەمپ پێشتر ڕایگەیاندبوو هۆکاری کشانەوە لە ڕێککەوتنەکەی ڤیەننا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێککەوتنەکە چالاکییە نائەتۆمییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

# ترەمپ بیر لە کشاندنەوەی ئەمریکا لە ناتۆ دەکات

**ڕووداو– هەولێر**

ساڵی ڕابردوو بیرۆکەیەک لە مێشکی سەرۆکی ئەمریکادا بووە کە نەک هەر هاوسەنگی هێزی لە جیهاندا بۆ ماوەیەکی درێژ تێکدەدا، بەڵکو بەشێوەیەکی درێژخایەن مەترسی لەسەر ئاسایشی ئەمریکا و هەموو هاوپەیمانانی دروست دەکرد، بە تایبەتیش لە کاتێکدا ڕووسیا خەون بە زیندووکردنەوەی سەردەمی زێڕینی یەکێتی سۆڤیەتەوە دەبینێ. بیرۆکەکە دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێکخراوی هاوپەیمانێتی ئەتڵەسیی باکوور (ناتۆ) بوو.

ژمارەیەک بەرپرسی باڵای ئێستا و پێشووی ئەمریکا بە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە کە بە درێژایی ساڵی 2018، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، چەندینجار لە کۆبوونەوە داخراوەکاندا باسی ئەوەی کردووە دەیەوێ ئەمریکا لە ناتۆ بکشێنێتەوە، بە تایبەتیش لە کاتێکدا زۆربەی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەکە نەیانتوانیوە خەرجییە سەربازییەکانیان بگەیەننە ئەو ئاستەی ترەمپ داوای دەکات.

هاوینی ڕابردوو، ترەمپ لوتکەیەکی پڕ لە گرژی لەگەڵ سەرکردەی وڵاتانی ئەندامی ناتۆ هەبوو کە تێیدا داوای کرد ٪2ی ئابووریی وڵاتەکانیان بۆ خەرجییە سەربازییەکان تەرخان بکەن. لە پاش کۆبوونەوەیەکی داخراو، ترەمپ بە میدیاکارانی ڕاگەیاند "من بڕوام بە ناتۆ هەیە، چونکە بە بۆچوونی من ناتۆ (هاوپەیمانێتییەکی) گرنگە". بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (تایمز)، ترەمپ هەر لەو سەروبەندەدا بە ڕاوێژکارانی ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتەکەی ڕاگەیاندبوو "هیچ مانایەک لەو هاوپەیمانێتییە سەربازییەدا نابینم".

ڕێکخراوی ناتۆ لە ساڵی 1949ەوە دامەزراوە و بە گەورەترین لێکەوتەی سەربازیی قۆناغی جەنگی سارد لەقەڵەم دەدرێ، لە 29 وڵاتی ئەندام پێکدێ و ٪70ی خەرجییە سەربازییەکانی هەموو جیهان لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەوە دەکرێن. لە پێش و پێش لوتکەکەی ساڵی ڕابردوو، بەرپرسانی سەربازی و ڕاوێژکارە ئەمنییەکانی کۆشکی سپی هەوڵیان دەدا ستراتیژیی ترەمپ بۆ بەرزکردنەوەی خەرجییە سەربازییەکانی وڵاتانی ئەندام بەرەوپێش بچێ، بێ ئەوەی نیازی ترەمپ بۆ کشانەوە لە ناتۆ ئاشکرا ببێ.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (تایمز)، کاتێک یەکەمجار ترەمپ باسی لە ئەگەری کشاندنەوەی ئەمریکا لە ناتۆ کردبوو، ڕاوێژکارانی کۆشکی سپی دڵنیا نەبوون لەوەی سەرۆکی ئەمریکا بە جیدی قسە دەکات یان هەڵچوونێکی کاتییە، بەڵام دواتر ترەمپ لە چەندین کۆبوونەوەی دیکەدا هەمان بیرۆکەی خستبووەڕوو، ئەوجار تیمی ڕاوێژکارانی سەربازی و ئەمنی ئیدارەی ئەمریکی وەخۆیان کەوتبوون.

بەرپرسانی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا دەیانزانی هەر هەنگاوێک بنێن دەبێ پێش کۆبوونەوەی لوتکەی مانگی تەمووزی 2018 بێ، بۆیەش بەرپرسان و نوێنەرانی سەربازیی وڵاتانی ناتۆیان ئاگادارکردبووەوە کە دەبێ بە زووترین کات ئەو ڕێککەوتنانە تەواو بکەن کە پەیوەندییان بە ئامانجەکانی ناتۆوە هەبوو، لەوانەش ڕێککەوتنی دامەزراندنی سیستەمی بەرگریی هاوبەش لەبەرامبەر هەڕەشەکانی ڕووسیا.

سەرۆکی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی خۆی و یەنس ستۆڵتنبێرگ، ئەمینداری گشتیی ناتۆ، بە هەنگاوەکانی ڕاوێژکارەکانی زانیبوو، کاتێک ستۆڵتنبێرگ وێڕای پشتگیری لە داواکەی ترەمپ بۆ زیادکردنی بودجەی سەربازیی وڵاتانی ئەندام، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە ئەمریکا دەبێ وەک نموونە سەیر بکرێ، بە تایبەتی لەوێوە کە ڕازی بووە خەرجییە سەربازییەکانی لە ئەوروپا زیاد بکات. ئەمە ئەو پلانە بوو کە ترەمپ کەم تا زۆر ئاگای لێ نەبوو.

بەرپرسانی کۆشکی سپی بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاند لە کاتی قسەکانی ستۆڵتنبێرگدا، ترەمپ چەندین جار ئاوڕی داوە و بە سەرسوڕمانەوە سەیری ڕاوێژکارانی خۆی کرد کە بۆچی ئەو ئاگاداری ئەو پلانە بۆ خەرجییە سەربازییەکان نییە.

سەرۆکی ئەمریکا هیچکات ئەوەی نەشاردووەتەوە کەیفی بە ڕێکخراو و ڕێککەوتنە ئابووری، بازرگانی و سەربازییانە نایەت کە ئیدارەکانی پێشوو واژۆیان کردوون. لە ماوەی دوو ساڵی دەسەڵاتی خۆیدا، لە ڕێککەوتنی پاریس بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی کەشوهەوا، ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران، ڕێککەوتنی بازرگانی نێوان ئەمریکا و وڵاتانی ئاسیای سەر زەریای هێمن کشاوەتەوە، ئەوە جگە لەوەی لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو بێ ئاگادارکردنەوەی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا بڕیاری کشانەوەی هێزەکان لە سووریای دەرکرد.

بەڵام کەیسی ناتۆ جیاوازە. لای بەرپرسانی سەربازی و ئەمنیی ئەمریکا و ئەوروپا بایەخی جیۆپۆلیتیکی ناتۆ شتێکی حاشاهەڵنەگرە، ڕووسەکان ناتۆ بە دوژمنێکی گەورە لەسەر سنوورەکانی خۆیان دەزانن، میشێل فلۆرنی، بریکاری وەزیری بەرگریی ئیدارەی پێشووی ئەمریکاش بە "گەورەترین هاوپەیمانێتی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا" وەسفی دەکات کە کشانەوە لێی "یەکێک لە زیانبەخشترین ئەو شتانەیە سەرۆکێک دەتوانێ بەسەر وڵاتەکەی بهێنێ".

بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا و ناتۆ پێیانوایە هەر باسکردن لە کشانەوەی ئەمریکا لە ناتۆ کاریگەری گەورە لەسەر باڵانسی جیۆپۆلیتیکی جیهان دادەنێ، کاربەدەستێکی باڵای سەربازیی ئەمریکا لەمبارەیەوە بە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە "هەر باسکردن لەمە ناتۆ لاواز دەکات و ڕووسیا بەهێز دەکات، ئێمە نابێ بە دەستی خۆمان ئەو کارە بکەین کە ڕووسەکان دەیانەوێ بیکەن".

ئەمریکا 4%ی کۆی ئابوورییەکەی بۆ خەرجییە سەربازییەکان تەرخانکردووە، داواش لە وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوەکە دەکات هەر هیچ نەبێ ٪2ی قەبارەی ئابووری وڵاتەکەیان بۆ بەرگری دابنێن، هەرچەند لە کۆبوونەوە لوتکەکەی ساڵی ڕابردوودا هەموو بەشداربووانی تووشی شۆک کرد کاتێک داوای کرد ئەوانیش وەک ئەمریکا ٪4ی تێکڕای بەرهەمی ناپوختەی وڵاتەکانیان بۆ هێزە سەربازییەکان وەلابنێن، تەنانەت هەڕەشەی ئەوەشی لێکردن ئەگەر لە 2019 بودجە سەربازییەکەیان بەرز نەکەوە "ئەمریکا بە ڕێگەی خۆیدا دەڕوات". ئەمە هەڕەشەیەک بوو کە تەنیا بەرپرسە ئەمریکییەکان لە جیدییەتەکەی تێدەگەیشتن.

پێشتر پلانی ناتۆ ئەوە بوو لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا کۆبوونەوەیەکی لوتکە بۆ یادی 70 ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکە لە واشنتن ڕێکبخات، وەکو چۆن ئەمریکا ساڵی 1999 و لە سەردەمی سەرۆکایەتی بیل کلینتندا میوانداری یادکردنەوەی 50 ساڵەی ناتۆی کرد. بەڵام مەراسیمەکەی ئەمساڵ لە کۆتایی 2019 بەڕێوەدەچێ، کە تێیدا وەزیرانی دەرەوەی ناتۆ بەشدار دەبن و کۆبوونەوەکەش لە واشنتن نابێ. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (نیویۆرک تایمز)، دیپلۆماتە ئەمریکی و ئەوروپییەکان دەترسان ترەمپ لوتکەی واشنتن بۆ هێرشکردنە سەر ناتۆ بەکاربهێنێ.

مانگی ڕابردوو جەمیس ماتیس، وەزیری پێشووی بەرگریی ئەمریکا، لە نامەی دەستلەکارکێشانەوەی خۆیدا جەختی لەسەر پێویستیی پاراستنی هاوپەیمانان کردەوە. پاتریک شاناهان، وەزیری بەرگریی ئەمریکا بە وەکالەتیش جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پێویستە هاوپەیمانێتیی ئەتڵەسی بپارێزرێ، هەرچەند ئەوەشی خستووەتەڕوو کە پێنتاگۆن ناتوانێ بەردەوام بە "نەخێر" وەڵامی سەرۆک بداتەوە.

بەرپرسانی سەربازی و دیپلۆماسی وڵاتانی



ترەمپ بە ڕاوێژکارانی ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتەکەی

# بەریتانیا لەناو ت




**ڕووداو– هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو بەریتانیا بە یەکێک لە قەیراناویترین قۆناغەکانی مێژووی نوێی خۆیدا تێپەڕی، کاتێک یەکەمجار نوێنەرانی پەرلەمان بە جیاوازییەکی زۆرەوە ڕێککەوتنەکەی حکومەتیان لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپا ڕەتکردەوە و ڕۆژی دواتر بە جیاوازیی تەنیا 19 دەنگ متمانەیان بە حکومەت بەخشییەوە. جیاوازی بەرچاوی دەنگەکان لە ماوەی دوو ڕۆژدا ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای بەریتانی بە چ ناکۆکییەکی قووڵ و ئاڵۆزدا تێدەپەڕێ، لە کاتێکدا دیار نییە ئەم ناکۆکییە چی بەسەر پارتی دەسەڵاتدار و پلانەکەی بۆ جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا دەهێنێ.

## برێکزت.. ڕێککەوتنێک بۆ هەمووان و بۆ هیچکەس

ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو پەرلەمانتارانی بەریتانیا بە 432 دەنگ لە بەرامبەر 202 دەنگ ڕێککەوتنەکەی تێرێزا مەی، سەرۆکوەزیرانی بەریتانیایان بۆ جیابوونەوە لە یەکێتیی ئەوروپا ڕەتکردەوە. هەمان ڕۆژ جێرمی کۆربن، سەرۆکی پارتی کار، داوای کرد ڕۆژی دواتر کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ سەندنەوەی متمانە لە حکومەت ساز بکرێ.

هەرچەند لە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی چوارشەممەدا پەرلەمان متمانەی بە حکومەتەکەی مەی بەخشییەوە، بەڵام دەنگدانەکەی ڕۆژی سێشەممە و جیاوازیی بەرچاوی دەنگەکان لەدژی ڕێککەوتنەکە دەریدەخات کە سەرۆکوەزیران ناتوانێ خۆی بە براوەی یارییە سیاسییەکە بزانێ، هەربۆیە داوای دانوستاندنی لە هەموو پارت و لایەنە سیاسییەکانی وڵاتەکەی کرد، تاوەکو برێکزت لەو چەقبەستنە سیاسییە ڕزگار بکەن، لە کاتێکدا حکومەتەکەی مەی تا کۆتایی مانگی ئادار کاتی بەدەستەوە ماوە بۆ ئەوەی "بە ڕێککەوتنێکەوە" یەکێتیی ئەوروپا جێبهێڵێ.

حکومەتەکەی تێرێزا مەی تا کۆتایی مانگی ئادار کاتی بەدەستەوەیە بۆئەوەی بە ڕێککەوتن یەکێتیی ئەوروپا جێبهێڵێ (فۆتۆ: AFP)

# ...شێتەوە؟

ناگرێتەخۆی، لەوانەش بەرنامەی سیستەمی مووشەکیی ئێران کە توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ئەتۆمی هەبێ. پێش کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکەی 2015، واشنتن و زلهێزەکانی ئەورووپا سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەک بوون بۆ سەپاندنی سزا لەسەر بەرنامەی مووشەکی ئێران.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، لەدوای دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە، دانوستاندن و هاوئاهەنگییەکانی ئەمریکا و ئەورووپا سەبارەت بە بەرنامە مووشەکییەکەی ئێرانیش سست بوون، بۆیەش تاقیکردنەوەی سیستەمی مووشەکیی ئێران لە مانگی کانوونی یەکەمی 2018، هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆی نێودەوڵەتی لێنەکەوتەوە.

کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر فراوانخوازییەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش دانەناوە. ئێران بە کردەوە دیاریکەری حکومەتی ئێستای عێراقە و سەرکەوتنەکانی سێ ساڵی ڕابردووی ڕژێمی سووریاش دەستی ئەو وڵاتەی بۆ جێبەجێکردنی پلانی هیلالی شیعی واڵاتر کردووە، جیا لەمە لە چەند مانگی ڕابردوودا، حکومەتی ئیسرائیل هۆشداری داوە کە ئێران کارگەی دروستکردنی مووشەکی باڵستیکی لە لوبنان داناوە.

لێکۆڵەرەکەی گرووپی ئۆراسیا پێیوایە ئەگەر تاران لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 2105 بکشێتەوە، ئەوە سەرنجە نێودەوڵەتییەکان لەسەر چالاکییە ناوچەییەکانی ئێران جارێکی دیکە زیاتر دەبن و سنوور بۆ مانۆڕەکانی ئێران دادەنێن، هەر بۆیەش "مانەوە لە ڕێککەوتنەکە ئەلتەرناتیڤێکی سەرنجڕاکێشە بۆ ئێران".

## پێگەی نێودەوڵەتیی ئێران

حکومەتەکەی ڕوحانی هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونییەوە بەڵێنی کرانەوەی وڵاتەکەی بەڕووی جیهانی دەرەوەی دا، ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا گەورەترین هەوڵی ئێران لەو چوارچێوەیەدا بوو کە ئاکامەکەی کرانەوەی ئابووری و بازرگانی ئێران بەڕووی جیهان بوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە مانەوەی ئێران لەگەڵ پێنج وڵاتەکەی دیکەی ناو ڕێککەوتنەکە (واتە بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، چین و ڕووسیا) پێگەی دیپلۆماسی ئێران لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی بەرزکردووەتەوە، هەرچەند ئەو پێگە دیپلۆماسییە دەستکەوتێکی ئابووری هێندە گەورەی بۆ تاران بەدواوە نەبووە.

هێنری ڕۆمی دەڵێت ڕەنگە ئێران لە ساڵی 2019شدا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا بمێنێتەوە و لە ناو گێژاوی دۆخی سەختی ئابووری وڵاتەکەیدا سوورِبخوات، پێشبینیش دەکات لێکدانەوەکانی ئێران بۆ مانەوە لە ڕێککەوتنەکەدا بگۆڕێن، ئەگەر قازانجی ئابووریی مانەوەکە بەشێوەیەکی بەرچاو کەم ببێتەوە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش چالاکییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکەنە ئامانج.

# بەندەری عەدەن.. ئەو ڕووداوەی ڕێی بۆ 11ی سێپتەمبەر خۆش کرد



لە هێرشەکەی بەندەری عەدەن 17 ئەندامی هێزی دەریایی ئەمریکا کوژران

**ڕووداو- هەولێر**

لە تشرینی یەکەمی 2000 دەیان ئەندامی هێزی دەریایی ئەمریکا لە هێرشێکی ئەلقاعیدە لە بەندەری عەدەنی یەمەن کوژران. ئەوکات بیل کلینتن سەرۆکی ئەمریکا بوو، بەڵام نە ئەو و نە سەرۆکی دواتری ئەمریکاش هیچ وەڵامێکیان بۆ ئەو هێرشە نەبوو. ساڵێک دواتر هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر لەلایەن هەمان ڕێکخراوەوە کران و بۆ دوو دەیەی دواتر سیاسەتی ئەمریکای بەرامبەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕی.

سەرەتای ئەمساڵ، پێنتاگۆن هەواڵی کوژرانی جەمال بەدەوی لە ڕۆژهەڵاتی سەنعا ڕاگەیاند. بەدەوی یەکێک لە ئەندامانی ئەو شانەیە بوو کە لە ساڵی 2000 هەڵیانکوتایە سەر کەشتیی (USS Cole)لە نزیک بەندەری عەدەن، لە ئاکامی هێرشەکەدا 17 ئەندامی هێزی دەریایی ئەمریکا کوژران و 40ی دیکەش بریندار بوون. واڕن باس یەکێک لە ئەندامانی تیمی لێکۆڵینەوە بوو لەو هێرشە کە لە پەراوێزی لێکۆڵینەوە لە هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەردا پێکهێنرا و لە ڕاپۆرتێکدا بۆ (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی پەردە لەسەر فەشەلی دوو ئیدارەی ئەمریکی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هێرشە لادەدات.

## بن لادن چاوەڕێی وەڵامی دەکرد

پاش هێرشەکەی بەندەری عەدەن، ئوسامە بن لادن، سەرۆکی کوژراوی ئەلقاعیدە چاوەڕێی وەڵامی توندی ئەمریکای دەکرد، بۆیەش نەک هەر بڕیاری دا چەکدارانی قاعیدە بنکەکانیان لە فڕۆکەخانەی قەندەهار چۆڵ بکەن، بەڵکو خۆیشی ڕایکرد و یەکەمجار خۆی لە بیابانەکانی نزیک کابول و دواتریش لە دوو شاری دیکە حەشار دا.

دوای گەڕانەوەشی بۆ قەندەهار، بن لادن لە پێنج شوێنی جیاواز دەژیا و هەوڵی دەدا ماوەی مانەوەی لە هەرکام لەو پێنج خانووە لە یەک شەو زیاتر نەبێ. محەممەد عاتفی گەورە ڕاوێژکاری خۆیشی بۆ شوێنێکی دیکەی قەندەهار ناردبوو، دوای لە ئەیمەن زەواهیری (کەسی دووەمی ئەوکاتی قاعیدە) کردبوو بچێتە کابول، "نەکا هەرسێکیان لە یەک هێرشدا بکوژرێن". چاوەڕوانی و نیگەرانییەکانی بن لادن لە خۆڕا بوون و ئەمریکا ساڵێک چاوەڕێی کرد هەتا هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەر ڕوودەن، ئەوجار دەستبکەنەوە.

## پلانێکی لەمێژینە و ئەمریکایەکی سەرلێشێواو

هێرشەکەی بەندەری عەدەن چەند ساڵێک پێشتر وەک بیرۆکە لای سەرکردەکانی قاعیدە هەبوو. ئەوکات بیریان لەوە دەکردەوە پەلاماری کەشتییەکی بازرگانی لە یەکێک لە کەنارئاوەکانی یەمەن بدەن، بەڵام وەک لە ڕاپۆرتەکەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)دا هاتووە، بن لادن هانی دابوون کەشتییەکی جەنگیی ئەمریکا لە ناوچەکە بکەنە ئامانج، یەکەم هەوڵیشیان لە کانوونی دووەمی 2000 بوو، بەڵام بەهۆی قورسیی بۆمبەکانەوە و نوقمبوونیان لە ئاودا پلانەکە شکستی هێنا.

لە ڕۆژی 12ی تشرینی یەکەمی 2000 قاعیدە گورزی خۆی لە کەشتییە ئەمریکییەکە دا کە لە ڕاپۆرتی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەریشدا بە "ئۆپەراسیۆنێکی هەمەلایەنی ئەلقاعیدە" بە چاودێریی بن لادن وەسف کراوە. بەدەوی یەکێک لە هاوئاهەنگیکارانی هێرشەکە بوو کە دەبوو لە ئاپارتمانێکی نزیک شوێنی ڕووداوەکەوە وێنەی هێرشەکە بگرێ.

هێرشەکە لە دوایین هەفتەکانی دەسەڵاتی هەشت ساڵەی کلینتندا کرا. ساندی بێرگەر، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا بە هێرشەکە تێکچووبوو. بەپێی ڕاپۆرتەکە، لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی کابینەی حکومەتدا هاواری بەسەر بەڕێوەبەری سی ئای ئەیدا کردبوو کە بۆچی وڵاتەکەی دەبێ بەردەوام لەگەڵ ئەم جۆرە هێرشانەدا هەڵبکات. کلینتن و بێرگەر داوایان لە دامەزراوەکانی هەواڵگریی ئەمریکا کردبوو ڕاپۆرتێکیان بۆ ئامادە بکەن و تێیدا قاعیدە وەکو ئەنجامدەری هێرشەکە بەڕای گشتی بناسێنن، بۆ ئەوەی حکومەت بڕیاری کاردانەوەی سەربازی بدات.

ئەوکات تیمی ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی پێیانوابوو FBI و CIA لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕاپۆرتێک لەبارەی هێرشەکەوە بڵاودەکەنەوە کە تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن "شانەیەکی گەورەی قاعیدە" هێرشەکەیان کردووە، بەڵام لە کانوونی یەکەمی 2000 دا CIA لە ڕاپۆرتێکدا لە ژێر ناونیشانی (حوکمی بەرایی) ڕایگەیاند "هێرشەکە بە پاڵپشتی قاعیدە" کراوە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە، ساڵانێک دواتر کلینتن بە تیمی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەری ڕاگەیاندبوو نەدەکرا لەسەر بنەمای "حوکمێکی بەرایی" بڕیاری هێرش بۆ سەر وڵاتێک بدەین، لەلایەکی دیکەشەوە وەزارەتی دەرەوە نیگەران بوو لەوەی بۆردومانکردنی ئەفغانستان "جیهانی ئیسلامی تووڕە بکات" و شکست بە هەوڵی چەند ساڵەی ئیدارەی کلینتن بۆ ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بهێنێ.

باڵەخانەی پێنتاگۆن یەکێک لە ئامانجەکانی هێرشەکەی 11ی سێپتەمبەر بوو، مایکڵ شیهان، بەرپرسی دژەتیرۆری وەزارەتی دەرەوە، چەند مانگێک پێش ئەو هێرشانە پرسیاری لە بەرپرسانی وەزارەتی بەرگریی وڵاتەکەی کردبوو "چاوەڕێ دەکەن قاعیدە هێرش بکاتە سەر پێنتاگۆن، بۆ ئەوەی بتوانن سەرنجتان ڕابکێشن". شیهان لایەنگری وەڵامی سەربازی بۆ هێرشەکەی عەدەن بوو، بەڵام پێنتاگۆن ئامادە نەبوو بە بەهای چەندین ملیۆن دۆلار مووشەک لە کەمپەکانی قاعیدە لە ئەفغانستان بدات.

مەلەفی هێرشەکەی عەدەن بۆ ئیدارەی جۆرج بووشی کوڕ بە میرات مایەوە. ئەوکات کۆندۆلیزا ڕایس ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی سەرۆک بوو، ڕێگەی دا چارڵز کلارک لە پۆستی هاوئاهەنگیکاری دژەتیرۆری کۆشکی سپی بمێنێتەوە. پێنج ڕۆژ دوای دەستبەکاربوونی سەرۆکی نوێ، کلارک یاداشتێکی درێژی لەبارەی تیرۆریزمەوە ڕادەستی ڕایس کرد کە تێیدا داوای کرد ئەمریکا وەڵامی بۆ هێرشەکەی بەندەری عەدەن هەبێ.

بەڵام وەک لە ڕاپۆرتی تیمی لێکۆڵینەوە لە هێرشەکەوە دیارە، ئیدارەی بوش مەیلێکی ئەوتۆی بۆ وەڵامدانەوەی هێرشی سەر کەشتییەکە نەبوو. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا پێیوابوو کاتێکی زۆر بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕیوە و CIAیش هێشتا "حوکمی کۆتایی" لەسەر ئەنجامدەرانی هێرشەکە نەدابوو. ڕایس ساڵێک دواتر بە تیمی لێکۆڵینەوە لە هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری ڕاگەیاندبوو کە دامەزراوە جیاجیاکانی ئیدارەی بوش لەسەر ئەوە کۆک بوون سیاسەتی "هێرش لەبەرامبەر هێرش" لە قازانجی ئەمریکا نییە.

هەفتەیەک پێش هێرشەکانی سێپتەمبەر، کە 2911 کوژراو و زیاتر لە 6000 برینداری لێکەوتەوە، ئیدارەی بوش یەکەم کۆبوونەوەی حکومەتی لەبارەی ئەلقاعیدە کرد. پێش کۆبوونەوەکە کلارک لە یاداشتێکدا هۆشداری دابووە کۆشکی سپی کە "ئەلقاعیدە پەیامی هەڵە لە دەستەوەستانیی ئێمە لەهەمبەر هێرشەکەی 2000 وەردەگرێ، لەمەودوا ئەوان وادەزانن کە دەتوانن هاووڵاتیی ئەمریکی بکوژن، بێ ئەوەی ئەمریکا هیچ وەڵامێکی هەبێ".

لە ڕۆژی 20ی سێپتەمبەر، بوش لە گوتارێکدا ئەلقاعیدەی وەکو ئەنجامدەری هێرشەکەی ساڵی 2000ی بەندەری عەدەن ڕاگەیاند. لە بەشێک لەو زانیارییانەی دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا دەستیکەوتبوون، بن لادن بەردەوام گازندەی کردووە کە بۆچی ئەمریکا وەڵامی نییە، سەرچاوەیەکیش بە تیمی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەری ڕاگەیاندووە بن لادن بیری لەوە دەکردەوە کە "ئەگەر ئەمریکا وەڵامی نەبێ، هێرشێکی گەورەتر لەدژی ئەو وڵاتە ڕێکدەخەن".

# ...ەوە



...گوتبوو کە هیچ مانایەک لە هاوپەیمانێتیی ناتۆدا نابینێ (فۆتۆ: AFP)

ئەورووپی وجوودی ماتیس لە ئیدارەی ئەمریکییان بە بەربەستێکی گەورە بۆ سیاسەتەکانی ترەمپ بەرامبەر ناتۆ دەزانی. دەرچوونی ماتیس لە پێنتاگۆن نیگەرانی دیپلۆماتە ئەورووپییەکانی زیاد کردووە کە لەمەودوا ئەمریکا ئامادە نابێ بێ مەرج بەرگرییان لێبکات.

# ...ەنگژەیەکی گەورەدا

کۆربن دوای شکستی هەوڵەکەی بۆ سەندنەوەی متمانە لە مەی، ڕایگەیاند کە حیزبەکەی تەنیا بەو مەرجە لەگەڵ حکومەتدا دانوستاندن دەکات: "بۆ هەتاهەتایە ئەگەری دەرچوون بەبێ ڕێککەوتن لە یەکێتیی ئەورووپا لە بژارەکانی لابدات، حکومەتی بەریتانیاش ئەو مەرجەی ڕەتکردووەتەوە".

پارتی کار کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزیسیۆنی بەریتانیایە، ئامادەیی دەربڕیوە پشتگیری لە ڕێککەوتنی بریکزت بکات، بەو مەرجەی تێرێزا مەی "سیستەمی باجی هاوبەش لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپا و پەیوەندی باش لەگەڵ بازاڕی هاوبەش قەبووڵ بکات و مافەکانی کرێکاران و کڕیاران لەبەرچاو بگرێ".

بەڵام ئەم داواکارییەی پارتی کار درزەکانی ناو پارتی کۆنزەرڤاتیڤ قووڵتر دەکاتەوە کە ژمارەیەکی زۆریان لەگەڵ جیابوونەوەی بێ ڕێککەوتنن لە یەکێتیی ئەورووپا، واتە هەمان ئەو گرووپەی سەردەمانێک جەیمز کامیرۆن، سەرۆکوەزیرانی پێشووی بەریتانیایان قایل کرد بڕیاری سازدانی گشتپرسیی جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا بدات.

پارتی نەتەوەیی سکۆتلاند (SNP) بانگهێشتی سەرۆکوەزیرانی بۆ دانوستاندن قەبووڵ کردووە، بەڵام بۆ درێژەپێدانی دانوستاندنەکان داوای کردووە بژارەی درێژکردنەوەی ماوەی دانوستاندنەکانی نێوان بەریتانیا و یەکێتیی ئەورووپا لەسەر مێز بێ، بژارەی دەرچوونی بێ ڕێککەوتن لە یەکێتیی ئەورووپا لابدرێ و دەرگاش لەسەر سازدانی گشتپرسیی دووەمی بریکزت دانەخرێ. پارتە ناسیۆنالیستە سکۆتلاندییەکە بە تێکڕای دەنگ ڕێککەوتنەکەی حکومەتیان ڕەتکردبووەوە.

یەکێتیی ئەورووپا لە بەرامبەر درێژکردنەوەی ماوەی دانوستاندنەکان داوای کردووە بەریتانیا مەرجی پەیڕەوکردنی سنووری نێوان ئێرلەندای باکوور و کۆماری ئێرلەندا لەبەرچاو بگرێ. جێبەجێکردنی ئەو داوایەی یەکێتیی ئەورووپا دەبێتە هۆی ئەوەی بەریتانیا لە سیستەمی باجی هاوبەشی یەکێتیی ئەورووپادا بمێنێتەوە.

پارتی یەکێتیخوازی دیموکراتیک (DUP) کە پارتێکی ئێرلەندییە، لە دەنگدانەکەی سێشەممە بە تێکڕای دەنگ ڕێککەوتنەکەیان ڕەتکردەوە، بەڵام لە دەنگدانەکەی ڕۆژی چوارشەممەدا پشتگیرییان لە مانەوەی مەی لە پۆستەکەی کرد. پارتی یەکێتیخواز ڕایانگەیاندووە "ئێمە دژی مەی و حکومەتەکەی نین، بەڵام دژی سیاسەتی حکومەتین بۆ بریکزیت"، بە تایبەتیش ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی نێوان ئێرلەندای باکوور و کۆماری ئێرلەنداوە هەیە، ئێرلەندییەکانی هەردوو لا داوا دەکەن دوای جیابوونەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا ڕێوشوێنی قورس لەسەر سنوورەکانی نێوان هەردوو ئێرلەنداکە پەیڕەو نەکرێ.

جێبەجێکردنی مەرجەکانی (DUP) نارەزایەتی گەورەی لە لایەن ئەو بەشەی پارتی موحافزکارانەوە لێدەکەوێتەوە کە خوازیاری جێبەجێکردنی بریکزیتێکی سەختن، واتە سەربەخۆیی تەواوەتی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا. لایەنگرانی بریکزیتی سەخت پێیانوایە یەکێتیی ئەورووپا نیگەرانییەکانی هەردوو ئێرلەنداکە دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی بەریتانیا نەتوانێ بە تەواوەتی لە یەکێتیی ئەورووپا جیاببێتەوە.

هەرچەند دەنگدانەکەی ڕۆژی چوارشەممە سەرۆکوەزیرانی لە شوێنی خۆی هێشتەوە، بەڵام دانیشتنەکەی ڕۆژی پێشتر بە کردەوە ئەوی لە هەموو دەسەڵاتێکی دانوستاندن لەگەڵ ئەورووپییەکان بێبەری کرد. ئێستا ئەورووپییەکان دەزانن سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بەدوای ڕێککەوتنێکدا دەگەڕێ کە بتوانێ هەموو لایەنە نێوخۆییەکان ڕازی بکات، لە کاتێکدا هەر لەناو پارتەکەی خۆیدا جیاوازیی گەورە هەیە. شکستی هەوڵەکەی پارتی کار بۆ سەندنەوەی متمانە لە سەرۆکوەزیران و ڕەتکردنەوەی ئەگەری دانوستاندنی نێوان حکومەت و ئۆپۆزیسیۆن ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کۆربن نەک هەر ئامادە نییە مەلەفی بریکزت وەربگرێ، بەڵکو پارتەکەی لە گێژاوی دانوستاندنەکانی چەند هەفتەی داهاتووی نێوان بەریتانیا و یەکێتیی ئەورووپا ڕۆڵی دەبێ.

پارتی کار لە کۆنگرەی ساڵی ڕابردوویاندا بڕیاریان دا هەوڵ بدەن ڕێگە بۆ هەڵبژاردنێکی پێشوەخت خۆش بکەن، هەوڵی سەندنەوەی متمانە لە حکومەتیش هەر لە چوارچێوەی ئەو بڕیارەدا بوو، ئەگەر ئەو هەوڵەش سەری نەگرت، ئەوە "هەموو بژارەکان لەسەر مێزن، یەک لەوانەش گشتپرسیی دووەم". کە بەهۆیەوە ئەنجامی گشتپرسییەکەی 2016 هەڵبوەشێنرێتەوە. لێدوانەکانی جێرمی کۆربن دەریدەخەن ئەو تاوەکو ئێستاش ئامادە نییە بەدەم داوای دژە- بریگزیتەکانی پارتەکەی خۆیەوە بچێ.

کۆربن، بە پێچەوانەی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی پارتەکەی، هەموو کات بە چاوی گومانەوە سەیری دامەزراوەی یەکێتیی ئەورووپای کردووە، لەبەر ئەوەی بە ڕێکخراوێکی جێبەجێکاری پلانی گلۆبالیستەکان و لایەنگری سەرمایەداری دەزانێ. جیا لەمە، ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی بریگزت خەڵکی ئەو ناوچە پشتگوێخراوانەن کە پێشتر ناوچەی پیشەسازی بوون، ئەو خەڵکە ئەندامێتیی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەورووپا بەهۆکاری پشتگوێخستنی ناوچەکانی خۆیان دەزانن، کۆربن پێیوایە دەنگی دانیشتووانی ئەو ناوچەیە دەتوانێ یارمەتیدەری پارتی کار بێ بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا هەڵسێتەوە.

جێبەجێکردنی بریگزت داوای هەنووکەیی مەی و کۆربنە، بەڵام ناکۆکی خۆیان و پارتەکەیان لەسەر چۆنێتیی جێبەجێکردنی پرۆسەکە لە چەند هەفتەی داهاتوودا یەک ئاکامی لێدەکەوێتەوە، ئەویش بریتییە لەوەی دەستی یەکێتیی ئەورووپا بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەریتانییەکان هێندەی دیکە بەهێز دەبێ و بەریتانیا ناچار دەبێ بەپێی مەرجەکانی ئەورووپییەکان لە یەکێتییەکە دەربچێ. جا دەرچوونەکە بە ڕێککەوتن بێ یان بێ ڕێککەوتن.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# یەکێتی لەکوێی هاوکێشەکاندایە؟

پێگەی سیاسی جارانی یەکێتی لە ئاستێکی زۆر باڵادا بوو. لە ئاستی نێودەوڵەتی، لە ئاستی هەرێمایەتی، لە ئاستی کوردستانی گەورە، لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش لایەنێکی گرنگی هاوکێشەکان بوو. دوای نەخۆشکەوتنی مام و دابڕانی لە کایەی سیاسی، تا چەند ساڵێک دواتریش بەهۆی ئەوەی تارمایی مام بەسەر ڕووداوەکانەوە مابوو، یەکێتی هەر بەشێک لە هاوکێشەکان بوو، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ و لەگەڵ کاڵبوونەوەی ڕەنگی ئەو، ئێستا حیزبەکەی خەریکە دەکەوێتە پەراوێزەوە.

لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان دژەکاندا، یەکێتی هێزێک بوو جێی ئیرەیی پێبردن. ئێران و ئەمریکا کە نەیار و ناکۆکی یەکتری بوون، یەکێتی دۆستێکی گوێلێگیراوی هەردوولایان بوو. پەکەکە و تورکیا کە دوژمنی سەرسەختی یەکتری بوون، پەیوەندیی یەکێتی بە جیا لەگەڵ هەردووکیان، پەیوەندییەکی ئیعتیبار بۆ دانراو بوو. سوننە و شیعە کە دوژمنی باوەکوشتەی یەکترن، پەیوەندیی یەکێتی لەگەڵ هەردوولایان، پەیوەندییەکی چەسپاو بوو. لە بەغدا لەناو تەواوی هێزە عێراقییەکان، لە کەرکووک لای عەرەب و مەسیحی و تورکمان، لە هەرێم کۆمەڵ و شیوعی و لای پارتی و گۆڕان، لە ئاستی هەرێمایەتی و لای زلهێزەکان، پێگەی لەبەرچاوگیراو بوو.

ساڵانێک ژمارەی دەنگ و کورسییەکانی یەکێتی لە پەرلەمان، لە ئێستاش کەمتر بوون، لە بەغدا سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری سەرچاوەکانی ئاو، لە هەرێمیش سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی هەرێم و حکومەت و بە ئەندازەی پارتی وەزارەتی هەبوو. نە لە بەغدا و نە لە کوردستانیش پرۆسەی سیاسی و بڕیار بێ یەکێتیی بەڕێوەنەدەچوو. بەڵام ئێستا دەبێت یەکێتی لەخۆی بپرسێت لە کوێی هاوکێشەکاندایە و بۆ وای بەسەرهات؟

ئەو هاوسەنگییە لە پەیوەندی بە وڵاتانی ئێران و تورکیا و سووریا، هاوکات دۆستایەتی و پشتیوانی یەکێتی بۆ کوردی پارچەکانی ئەو سێ وڵاتە، بۆ گەیشتە ئێرە؟ ئێستا نە وڵاتەکان وەک پێشتر ڕێز لە پێگەی یەکێتی دەگرن و نە دۆستایەتییەکەی پێشتری بزووتنەوەی کوردایەتی ماوە. کوا ڕاگرتنی ئەو باڵانسەی لە نێوان ئەمریکا و ئێران هەبوو؟ دۆستایەتی هێزە سوننی و شیعییەکانی عێراق چی بەسەر هات؟ کوا پشک و پۆستەکانی یەکێتی لە بەغدا و پێگەی لە هەرێمی کوردستان؟ زۆر پرسیاری تر هەن دەبێت یەکێتی خۆی بخاتە بەردەم وەڵامەکانیان.

لەدوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال، بەهۆی پەرتەوازەبوونی یەکێتی و باڵباڵێنی سەرکردەکانی، تا چەند ساڵێک لەمەوبەریش هەر وەفدێک دەهاتە کوردستان، سەرەتا کە دەچوونە لای بارزانی، دواتر لە پیرمام دەهاتنە خوارەوە و خۆیان دەکردە ماڵەکەی د.بەرهەمدا، پاشان دەچوونە ماڵی کۆسرەت ڕەسوڵ و دواتر سەرێکیان لە دەباشان دەدا و لەوێشەوە دەگەڕانەوە بۆ لای مەلا بەختیار لە مەکتەبی سیاسی. ئەوکات میدیاکان بەراوردەکەیان بەو جۆرە دەکرد، لەبەر ئەوەی پارتی هێزێکی تۆکمە و یەکگرتووە، چوونە لای بارزانی بەسە بۆ ئەوەی پێویست بەوە نەکات لە دەرگای هیچ بارەگایەکی تری پارتی بدرێت. بەڵام دەبێت وەفدەکان چوار ماڵ بگەڕێن تا پەیامەکەیان بە یەکێتی بگەیەنن، یان تا بۆچوونی یەکێتییان دەستبکەوێ. ئایا ئێستا یەکێتی خۆی دەبینێت لەکوێی هاوکێشەکاندایە؟ ئەوە دەزانێ کە وەفدێک دێتە کوردستان، پێویستی بە بینینی یەکێتی نییە، نە پەیام بە یەکێتی دەگەیەنن و نە بۆچوونیشی وەردەگرن؟

لەم مانگەدا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و بەدوای ئەویشدا وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا هاتنە هەرێمی کوردستان. سەردانی سێ ناوەندی خاوەن بڕیاری پارتییان کرد و بەجیا لەگەڵ هەرسێکیان کۆبوونەوە بێ ئەوەی سڵاوێک لە یەکێتی بکەن. پێش ئەوانیش چەند وەفدێکی تری وڵاتانی ئەورووپا هاتن و لە مانگەکانی داهاتووش گەورە بەرپرسانی تری دونیا دێن و بە هەمان ڕێگەدا دەڕۆنەوە. ئایا سەرکردایەتی یەکێتی هەست بەو پەراوێزکەوتنەی خۆیان دەکەن؟

کە مام جەلال سەرۆک کۆمار بوو، سەرباری پێگە و کەسایەتی خۆی، بەئەندازەی ئەوەش پۆستی سەرۆک کۆماری لەڕووی سیاسی و دیپلۆماسییەوە خستبووە خزمەتی بەهێزبوونی پێگەی یەکێتی. ئێستا لەم وەرزی پەراوێزکەوتنەی یەکێتیدا بۆ یەکێتی گرنگ بوو کە توانی پۆستی سەرۆک کۆمار بۆخۆی دەستەبەر بکاتەوە، لەکاتێکدا پارتی دەیویست ئەو پۆستەی لێبستێنێ، بەڵام تا ئێستا هەست بەوە ناکرێت یەکێتی توانیبێتی ئەو پۆستە و پێگەی سیاسی خودی د.بەرهەم بۆ بەهێزبوونەوەی یەکێتی بەکاربەرێت. لەو کاتەوە یەکێتی لە بەغدا و بەتایبەتی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن زیاتر بێ ڕۆڵ کراوە، لە کەرکووک هێندەی نەماوە شاربەدەر بکرێت، هێزی چەکدار بۆ دەرکردنی بەڕێوەبەرەکانی لە فەرمانگە حکومییەکان بەکاردەبرێت و لە هەرێمی کوردستانیش بەراورد بە پێش وەرگرتنەوەی ئەو پۆستە، ئێستا بەرکەنارتر بووە.

لە دوو هەفتەی ڕابردوودا هەردوو وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا و فەڕەنسا بەرجەستەترین نموونەی بەرکەنارکەوتنی یەکێتین، لە کاتێکدا چاوەڕوان دەکرا سەرۆک کۆمار ڕۆڵی لەوەدا هەبووایە کە شانبەشانی هێزە ڕکابەرەکەی لە هەولێر، دیداری بۆ حیزبەکەی ڕێکخستبایە، چی تێدەچوو داوا لەو وەفدانە بکرێت کە دەچنە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی یەکێتیش زیاتر لەگەڵ ئەو ئاراستە نێودەوڵەتییە بێت کە جارێکی تر ڕووی لە عێراق و کوردستان کردووەتەوە، کاک کۆسرەتیش ببینن وەک چۆن سێ کارەکتەری پارتییان بینی. دوور نەبوو ئەگەر دیداری ئابووری نێوان تاران و کوردستان لە سلێمانی نەبووایە، لە هاتنی جەواد زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێرانیش هەمان سیناریۆی وەزیرانی دەرەوەی ئەمریکا و فەڕەنسا دووبارە بووایەتەوە و ئەویش کەسی لە یەکێتی نەبینیایە. ئەی کەواتە یەکێتی ئەو ململانێ توندەی بۆ چی کرد لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار؟ کە نەتوانێ بەشی ئەوە کەڵکی لێوەربگرێت وەک کەناڵێکی دیپلۆماسی حیزبەکەی پێ بهێنێتەوە سەر شانۆی سیاسی.

ئێستا لە عێراق نە سوننە و نە شیعە دۆستەکەی جارانی یەکێتی نین، بەشێک لە هێزە شیعییە حەلیفەکانی یەکێتی ئێستا بەشێکن لەو پرۆسەی بەرکەنارخستنەی یەکێتی. ئێران گوشاری جۆراوجۆر دەخاتە سەر یەکێتی، ئەمریکا لەو زیاتر و تورکیا بە هەمان شێوە و لە هەرێمیش واقیعەکە لەبەرچاوە کە پارتی و گۆڕان چۆن لە یەکێتی دەڕوانن. نیگەرانیی کوردی بەشەکانی تری کوردستان لە هەندێ هەڵوێست و کەین و بەینی یەکێتی لەگەڵ ئێران و تورکیا، بەڵام نەشبووەتە هۆی پەیوەندییەکی دروست و پتەوی نێوان یەکێتی و ئەو دوو وڵاتە، تا دێ هەردوولایان گوشارەکانیان لەسەر یەکێتی زیاتر دەکەن و کوردی ئەو دوو پارچەیەش نیگەرانتر.

ئەمانە و زۆر نموونەی تر هەن کە پێویستە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هەڵوەستەیان لەسەر بکات، پێشتر بۆچی یەکێتی دەیتوانی ڕۆڵی لە خولقاندنی ڕووداو و ئاراستەکردنیان هەبێت و بۆچی ئێستا تەنیا دوای ڕووداوەکان دەکەوێت. لە کاتێکدا هێشتا هەناوی ئەم حیزبە پڕە لە وزە و تینوتاو؟



مەجید نیزامەدین گلی*
بەرپرسی نووسینگەی تۆڕی میدیایی ڕووداو لە نەتەوەیەکگرتووەکان

# سیناریۆ و نهێنییەکانی پشت ناوچە ئارامەکەی سووریا

کات لەگەڵ تورکیا و یەپەگە نییە. دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت شتێک لە سووریا ڕووبدات کە ئەو بتوانێت ناوی بنێت: "گەڕانەوەی کوڕ و کچە سەربازەکانی ئەمریکا بۆ ماڵی خۆیان" و کۆتایی داعش وەکو "سەرکەوتن" ناوببات. ئینجا ئەو "شتە" لەسەر ئەرزی واقیع هەرچی بێت گرنگ نییە بۆ ئەو.

- کشانەوەی تەواوی سەربازانی ئەمریکا و هاوپەیمانان و ڕادەستکردنی ئاسمانی ڕۆژئاوای کوردستان بۆ تورکیا.
- کشانەوە و مانەوەی ژمارەیەک لە سەربازانی ئەمریکا لەسەر سنوورەکانی عێراق و بەڕێوەبردنی ئاسمانی هاوبەش لەگەڵ تورکیا و بەریتانیا و فەرەنسا.
- مانەوەی هێزی بەریتانی و فەرەنسی لە سووریا و هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا لەسەر سنوورەکانی عێراق.
- کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر سنوورەکانی عێراق و هێشتنەوەی کۆنترۆڵی ئاسمانی لە دەست ئەمریکا و هاوپەیمانانی و دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین و.... کۆمەڵێک سیناریۆی دیکە کە وەکو بژارە لە واشنتن بیریان لێدەکرێتەوە. بەڵام دۆخەکە زۆر ئاڵۆز بووە بۆ هەموو لایەنەکان و کات تەنیا لەگەڵ ڕووسیایە (لە خوارەوە ڕوون دەبێتەوە بۆچی).

ئەمە ئامانجی لایەنە جیاوازەکانی ئەم قەیرانەیە:

## تورکیا:

- کۆتاییهێنان بە یەپەگە لە سووریا.
- بەڵام لەم چەند ڕۆژەدا ئامانجێکی دیکەی ئەنکەرە ڕوون بووەوە، ئەویش نەهێشتنی هیچ هیوایەکە بۆ دروستبوونی کیانێکی سیاسی کوردی لەسەر سنوورەکانی. هەفتەی ڕابردوو تورکیا پرۆژەیەکی زۆر سەیری پێشکەش بە واشنتن کردبوو. ئەوە من لە دەمی دیپلۆماتکارێکی ئاگادارەوە بیستم، پرۆژەکە دەڵێت دوای دروستکردنی ناوچەی ئارام، "پرۆژەی بیناسازی و نیشتەجێبوونی گەورە لە ناوچەی ئارام ئەنجام دەدەین" و پاشان ئاوارەکانی سووریا دەگەڕێنینەوە "ناوچەکانی خۆیان".

تەرجومەی ئەم قسەیە: دوای ئەوەی ناوچە کوردنشینەکانمان کۆنترۆڵ کرد، ئاوارەی عەرەب و غەیرە کورد دەهێنینە ناوچە کوردنشینەکان و دڵنیا دەبین کە هەرێمێکی کوردستانیی دیکە دروست نابێت. دیار نییە ژەنەراڵ جۆزێف دێنفۆرد لەم بارەیەوە چ وەڵامێکی ئەنکەرەی داوەتەوە.

## یەپەگە:

- ڕۆژئاوای کوردستان نەبێتە عەفرینێکی دیکە و کۆتایی بە وجودی سەربازی و سیاسی نەیەت لە ناوچەکانی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان.
- دروستبوونی ناوچەیەکی دژەفڕینی نێودەوڵەتی، یانیش ناوچەیەکی ئارامی نێودەوڵەتی کە خەونی هەرێمی فیدراڵی لە سووریا بکاتە ڕاستییەکی سیاسی. بەڵام لەلایەنی سیاسییەوە هیچ ڕوون نییە پلانیان چییە لە کاتێکدا هیچ ڕێککەوتنێکی سیاسییان لەگەڵ هیچ لایەنێکی کوردی و سووری و نێودەوڵەتی نییە.

## ئامانجەکانی ڕووسیا و ئێران:

- کۆتاییهێنان بە وجودی ئەمریکا و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی لە سووریا.
- ڕێگرتن لەوەی کە ئەو کشانەوەیەی ئەمریکا ببێتە هۆی دووبارە بەهێزبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووری و داعش.
- پاراستنی ئەو ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنانەی کە لەگەڵ تورکیا هەیانە (نەک تەنها دەربارەی سووریا بەڵکو بابەتی ئابووری و ستراتیژیی فراوانتر).
- هەروەها بۆ ئێران ڕێگەگرتن لە دروستبوونی هەرێمێکی کوردستانی دیکە لە ناوچەکە.

## بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا:

- مانەوەی هەژموونی ئەمریکی و ڕۆژئاوایی لە سووریا کە بۆ ئەوان کورد تاکە ڕێگایە.
- بەڵام لە هەمان کاتدا، تێکنەچوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا و هەروەها دروستنەبوونی سیناریۆیەک کە سەقامگیری تورکیا تێکبچێت.

بەڵام کات لەگەڵ تورکیا و یەپەگە نییە.

وەکو لەسەرەوە باسمکرد دۆناڵد ترەمپ دەیەوێت بەزووترین کات شتێک ڕووبدات لە سووریا کە ئەو وەکو سەرکەوتن بۆ ڕای گشتی ئەمریکی باسی بکات.

تورکیا پێویستی بە ڕێککەوتنێکی ورد و ڕوونە لەگەڵ واشنتن کە لەهەمان کاتدا ڕووسیا لە دژی نەبێت. لە ماوەیەکی کورتدا، ئەردۆگان پێویستی بەوەیە کە نیگەرانییەکانی ئەمریکا و ڕووسیا لە یەک کاتدا بڕەوێنێتەوە، ئەمەش مەحاڵ نییە و پێشتر کردوویەتی، بەڵام ئەمجارە زۆر زەحمەتترە. ئەمە عەفرین نییە و وەکو سەردەمی قەیرانی ئیدلب ڕووسیا پێویستی بە ئەنکەرە نییە. لەڕاستیدا، ڕووسەکان لەو ڕێککەوتنەی ئیدلب پەشیمانن و دەڵێن ئێمە ئەرکی خۆمان لە عەفرین جێبەجێ کرد و لەبەرامبەردا تورکیا تاکو ئێستا نەیتوانیوە هێزە جیهادییەکان لە ئیدلب دەربکات. بۆ ڕازیکردنی مۆسکۆ، ئەردۆگان لەوانەیە ناچار بێت سازشی گەورە بکات، هاوشێوەی سازشەکەی شەتولعەرەبی عێراق بۆ ئێران کە دەرئەنجامەکەی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و کۆتایی عێراقی بەهێز بوو لە 1991.

بەهەرحاڵ ئەگەر تورکیا نەیتوانی ئەو ڕێککەوتنە لەگەڵ ئەمریکا و ڕووسیا بکات، ئەوە ئەمریکا مەرج نییە چاوەڕێی ڕێککەوتن بکات. ڕاستییە تاڵەکە بۆ ئەنکەرە ئەوەیە، بۆ ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەک لە وجودی سەربازیی خۆی لە سووریا، ئەمریکا وەکو تورکیا پێویستی بە ڕێککەوتنێکی ورد و پراکتیکی نییە و بێ ڕێککەوتن لەوانەیە زۆر سیناریۆ ڕووبدەن کە تێیدا تورکیا زەرەرمەند بێت. یەکێکیان بۆ نموونە، ئەوەیە کە سەربازانی ئەمریکا بکشێنەوە، بەڵام ئاسمانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا هەر لەدەست ئەمریکادا بمێنێتەوە و هێزەکانی ئەمریکا لەسەر سنوورەکانی عێراق لە حاڵەتی ئامادەباشیدابن بۆ بەرپەرچدانەوەی داعش. با بڵێین لەم حاڵەتەدا تورکیا ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکەی لە دژی یەپەگە دەستپێکرد. هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا وردە وردە ناوچەکانیان کۆنترۆڵ کرد. ئەمریکا هیچ ناوبژیوانییەکی ڕاستەقینە ناکات لە نێوان یەپەگە و تورکیا و شەڕ قورس بێت و سەدان هەزار هاوڵاتی کورد ئاوارە بن و هەزاران بکوژرێن. لەم حاڵەتەدا هەرچی میدیای ئەمریکی هەیە بۆ پیشاندانی شکستێکی دیکەی ترەمپ هەموو ئەو دیمەنە تراژیدیە دەگوازنەوە. دوور نییە وڵاتانی ئەورووپا بابەتەکە بگەیەننە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و پرۆژە بڕیارێک پێشکەش بکەن کە داوای پاراستنی کورد بکات لە سووریا و بۆنی پرۆژە بڕیارەکەی ناوچەی دژەفڕینی ساڵی 1991ی عێراقی لێبێت و ئەوەش هەرێمە فیدراڵییەکەی سووریا بکاتە دیفاکتۆ. ئەمجارە ڕووسیا مەرج نییە ڤیتۆی بکات. ڕووسیا لەوانەیە لەبەر خاتری بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی لەگەڵ تورکیا لە ڕێگای هەواڵگری و سەربازییەوە دژایەتی ئەو سەرکەوتنەی ئۆپۆزسیۆنی سووریا نەکات لە دژی یەپەگە، بەڵام هیچ نەبێت مۆسکۆ لە ئەنجوومەنی ئاسایش ئەو پشتگیریەی تورکیا ناکات کە لە بابەتی عەفرین کردی. بەهەرحاڵ ئەمە یەکێکە لە سیناریۆکان و لەوانەیە ڕووداوەکان هەموومان تووشی سەپرایز بکەن. بەڵام نە تورکیا و نە یەپەگە تەحەمولی هیچ سەپرایزێک ناکەن و لەبەرژەوەندیانە کە ئەمریکا هەروا بێ ڕێککەوتنێکی ورد لە سووریا نەکشێتەوە.



د. نەوزاد هێتوتی

# ناوچەی ئارام لە سووریا بۆ کێیە؟

بڕیاری ترەمپ لەبارەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا خستووەتە گومان و دڵەڕاوکەیەکی گەورەوە، هەموویان لە هەوڵی ئەوەدان بزانن زیانەکانی کشانەوەی ئەمریکا بۆ وڵاتەکانیان چی دەبێت و چۆن و بە چ شێوەیەک دەتوانن خۆیان لە لێکەوتە نێگەتیڤەکانی بپارێزن. بڕیارە لەناکاوەکەی ترەمپ ئەگەر بچێتە بواری پراکتیکییەوە، کاریگەریی ڕاستەخۆی لەسەر کۆی هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی سووریا دەبێت و مەترسی ئەوەش هەیە کە ئاراستەی گەمە سیاسییەکان لە سووریا بە ئاقارێکی نەخوازراودا ببات، بەشێوەیەک هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە لەسەر بەرژەوەندی دۆستەکانی دروست بکات و تەنانەت ناوچەکەش تووشی قەیرانێکی گەورە بکات.

ڕۆژئاوای کوردستان یەکێک لەو پرسە گرنگانەیە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەم بڕیارەی ترەمپ و تاوەکو ئێستاش بە تەواوەتی ڕوون نییە، دوای کشانەوەی ئەمریکا، کورد چی دەکەن و چییان بەسەردێت. هەرچەندە ترەمپ لە دووی کانوونی دووەمی 2019 جەختی لەسەر ئەوە کرد کە کشانەوەی ئەمریکا بەشێوەیەک دەبێت کورد پارێزراو بن، بەڵام ئەم هەڵوێستەی جۆرێک لە ناڕوونی و ناڕۆشنی تێدا بوو. بە تایبەت باسی ئەوە نەکراوە کە پاش کشانەوەی هێزەکانیان، چۆن و بە چ میکانیزمێک دەکرێت کورد بپارێزن. یاخود بژارەکانی بەردەم ئەمریکا بۆ پاراستنی ڕۆژئاوای کوردستان چی دەبن؟

ترەمپ لە 14ی کانوونی دووەمی 2019، لە ڕێگەی تویتێکەوە تارادەیەک وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و زانیاری زیاتریش سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا لە سووریا دەخاتەڕوو. ترەمپ لە تویتەکەیدا مەسجی بۆ هەموو لایەک و بەتایبەتی بۆ کورد و تورکیا نارد. لە پەیامەکەیدا دووبارە جەختی لەسەر ئەوە کرد کە هێزەکانیان لە سووریا دەکێشنەوە و هۆشدارییەکی توندیشی دایە تورکیا کە نابێت ئازاری کورد بدات، یاخود هێرشیان بکرێتە سەر. هەروەها هەڕەشەی ئەوەشی کرد کە هەر کارێکی لەو جۆرە تورکیا ڕووبەڕووی سزای ئابووریی قورس دەکاتەوە، تەنانەت هەڕەشەی وێرانکردنی ئابووریی تورکیای کرد.

لە هەموو ئەوانە گرنگتر ترەمپ باسی دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام (safe Zone)ی لە سووریا کرد، بە قووڵایی نزیکەی 32 کیلۆمەتر کە زۆربەی ڕۆژئاوای کوردستان لەخۆدەگرێت، وەک بژارەیەک یاخود میکانیزمێک بۆ ڕێگرتن لە پێکدادانی نێوان هێزەکانی تورکیا و یەپەگە، بەڵام لەڕاستیدا ئەم ناوچە ئارامەی کە ترەمپ باسی دەکات، پرسیاری زۆری لەسەرە. گرنگترینیان ئەوەیە کە ئەم ناوچە ئارامە بۆ کێ دەبێت؟ ئایا ناوچەیەکی ئارامی کوردی دەبێت یان تورکی؟ چ هێزێک ئەم ناوچەیە دەپارێزێت و چ لایەنێک خەرجی ئەم ناوچەیە دەدات؟ ئایا ئەو ناوچەیە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان، فەرەنسا و دەوڵەتانی عەرەبییەوە دەپارێزرێ یان دەکەوێتە ژێر دەستی تورکیا؟ ئایا ئەمریکا ئامادەیە لە دەرەوەی بڕیاری نەتەوەیەکگرتووەکان و دژایەتی توندی ڕووسیا ئەم ناوچەیە دورست بکات؟ ڕۆڵ و پێگەی هێزەکانی کورد لەو ناوچە ئارامە چی دەبێت؟

لەگەڵ ئەوەشدا کە ترەمپ یاخود ئیدارەکەی، زانیاری زۆری لەسەر ناوچەی ئارام نەداوە، بەڵام بەرپرسانی تورکیا بە شێوەیەکی زۆر جیاواز باسی دەکەن. ئەردۆغان لە دوای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ ترەمپ لە 14ی ئەم مانگە، ڕۆژی دواتر لە میانەی گوتاری هەفتانەی بۆ پەرلەمانی وڵاتەکەی، جەختی لەسەر ئەوە کرد کە ناوچەی ئارام بە قووڵایی 30 کیلۆمەتر لەلایەن تورکیاوە لەناو خاکی سووریا دروست دەکرێت. هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە گفتوگۆ لەنێوان تورکیا و ئەمریکییەکان بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی لەڕووی تەکنیکییەوە ئامادەکاری بۆ دروستکردنی ئەو ناوچە ئارامە بکرێت. تەنانەت ئەردۆغان ڕایگەیاند کە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ ترەمپ گرنگییەکی مێژوویی هەبوو.

ئەگەرچی لێدوانەکانی بەرپرسانی تورکیا لەلایەن واشنتنەوە پشتڕاست نەکرانەوە، بەڵام لە هەمان کاتیش بێدەنگبوونیان جێگەی پرسیار و گومانە. بەتایبەتی ئەگەر لێدوانەکانی لایەنی تورکیا ڕاست بێت، ناوچە ئارامەکەی ترەمپ، ڕێک بە پێچەوانەی خواست و داواکارییەکانی کورد دەبێت و نەک هەر کورد پارێزراو نابن، بەڵکو بەرەوڕووی هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە دەبنەوە. دووریش نییە چارەنووسی ناوچەی ئارام بەدەردی عەفرین بچێت. بۆیە پێناچێت کورد ڕازی ببێت ناوچەی ئارام لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی تورکیا یان هاوپەیمانەکانیدا بێت. چونکە ئاشکرایە ئامانجی سەرەکی تورکیا لەناوبردنی دیفاکتۆی ڕۆژئاوای کوردستانە. تەنانەت بەرپرسانی ڕۆژئاوای کوردستان دروستکردنی زۆنێکی لەو شێوەیە لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی تورکیا بە کارەسات ناودەبەن، بۆیە بەدووری نابینن کورد تووشی جینۆساید ببێت.

بۆیە لە ڕوانگەی کوردەوە، ناوچەی ئارام دەبێت بەشێوەیەک بێت، جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دابین بکات و لە هەڕەشەکانی تورکیا، ئێران و ڕژێمی ئەسەد بپارێزرێن. ئەمەش تەنیا کاتێک دەبێت کە هێزێکی وەک نەتەوەیەکگرتووەکان یان فەرەنسا سەرپەرشتی ئەو ناوچەیە بکەن و گەرەنتییەکی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی کورد هەبێت. لە هەمان کاتیشدا ئەم ناوچە ئارامە ببێتە فاکتەرێک بۆ ئەوەی کە پرسی کورد لە ڕۆژئاوا لە ڕەهەندێکی سەربازییەوە بۆ ڕەهەندێکی سیاسی بگوازرێتەوە و ببێتە هەنگاوێکی سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە سووریا.

بێگومان دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام و دوور لە هەڕەشە و دەستتێوەردانی تورکیا و ئەسەد و ئێران، نەک تەنیا لەبەرژەوەندی کورد دەبێت، بەڵکو لە بەرژەوەندی ستراتیژی گشتیی ئەمریکاش دەبێت لە ناوچەکەدا. ناوچەیەکی وەها دەتوانێت گەرەنتی ئەو خاڵانە بکات کە لەناو ئیدارەی ترەمپدا کێشە و ناکۆکی گەورەی دروستکردووە. لەوانە لەناوبردنی داعش بەشێوەیەکی هەمیشەیی، ئیحتیواکردنی ئێران و ڕژێمی ئەسەد، پاراستنی ئاسایشی سنووری نێوان عێراق و سووریا. لە هەمان کاتیشدا ئەمریکا دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ لە چارەسەرکردنی قەیرانی سیاسی لە سووریا بگێڕێت و کوردیش بکاتە بەشێکی گرنگ لەو چارەسەرە. بە پێچەوانەشەوە، هەر هەنگاوێک بە ئاراستەی دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام لەژێر کونترۆڵی تورکیادا، بەدەر لە زیانگەیاندن بە کورد، سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە سووریا و ناوچەکەدا دەخاتە بەردەم مەترسیی ڕاستەقینەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# دوای ئۆکتۆبەرچییەکان نۆرەی بەرهەم ساڵحە

1

کۆبوونەوەی بەرفراوانی پارتی و یەکێتی (کە هەموو باڵ و دەنووکەکانی تێدابوون) لە هەفتەی رابردوو، رەنگبێ دوای کۆبوونەوەی دووکان لە 15ی ئۆکتۆبەری 2017، یەکێک بێت لە گرنگترین کۆبوونەوەکان. ئەگەرچی سەرۆک بارزانی و سەرۆککۆمار تێیدا بەشدار نەبوون، ئەو دەستپێشخەرییەی نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەموو ئاراستانە لەسەر یەک مێز، گۆڕانێکی نەوعی لە پەیوەندییەکانی داهاتووی ئەو دوو حیزبەدا دروست دەکات و، زۆر لە بەربەستە سایکۆلۆژییەکان هەڵدەگرێ.

هەم یەکێتی و هەم پارتی گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ناتوانن بەبێ یەکتری حوکمی کوردستان بکەن، کەواتا بۆ ئەوەش دەبێ هەردوولایان لە بەرامبەر یەکتری نەرمی بنوێنن و واقیعی حاڵی یەکتریان قەبوڵ بێت. هەر بۆیە یەکێتی لە یەک دوو پێشمەرجی جارانی (بەغدا و کەرکووک) تا رادەیەکی زۆر پاشەکشەی کرد و پارتیش بە هەمان شێوە ڤیتۆی لەسەر بەشداریی هیچ کەسێک لە شاندی یەکێتی نەهێشت. هەر ئەوەش وایکرد کە بەپێی زانیارییەکان یەکەم کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەیوەست بە مەسەلەی کەرکووک، دوور لە چاوی کامێراکان بەڕێوەبچێت. ئەوەی ئێستا ماوەتەوە ئەوەیە کە پارتی لە هەنگاوی داهاتوویدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆککۆماریشدا ئاسایی بکاتەوە.

دکتۆر بەرهەم ساڵح، بە درێژایی تەمەنی سیاسیی خۆی لەبەرەی نەیارانی پارتی نەبووە (بەڵام لە مەسەلەی پۆستی سەرۆککۆماردا، ئەمجارەیان یارمەتیی لێوەرگرتن، هەر وەک چۆن ئێستا پارتی ناچارە بۆ پێکهێنانی حکومەت حیساب بۆ ئەوانیش بکات). بەرهەم ساڵح بە پێچەوانەوە، بە نزیکی لە پارتی تۆمەتبار بووە. ئەوەی ئەمجارە وایکرد بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە پەنا بباتە بەر هەموو لایەنەکان، ئەوە بوو کە جاری پێشوو سەرباری هەموو بەڵێنەکان، یەکێکی دیکە کرایە سەرۆککۆمار. بۆیە ئەگەر بێبەڵێنیی رابردوو بە عەیب هەژمار نەکرێ، نابێ هەوڵ و تەقەلای سیاسییەک بۆ گەیشتن بە پۆستێک کە دەبوو چوار ساڵ پێشتر هی ئەو بێت، عەیبە بێت. لە سیاسەتدا، دۆست و دوژمنی هەتاهەتایی نییە، گرنگ ئەوەیە بتوانرێ پەیوەندییەکان بەپێی بەرژەوەندییەکان رێکبخرێن و پارتی لە ئەهەمییەت و بەردەوامیی ئەو دەستپێشخەرییەی نێچیرڤان بارزانی تێبگات.

## فاکتەری نێچیرڤان بارزانی

2

ئەگەرچی پارتی بە دەستی کەشفەوە هاتە سەر مێزی دانوستاندن لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان، بەڵام ئەگەر لە دەستپێکدا هەردوو لایەنەکە وایان دانابێت کە تازە پارتییان بەگیر هێناوە و دەکرێ هەموو مەرجێکی بەسەردا بسەپێنرێت، بەڵام ئەوەشیان فەرامۆش کردبوو کە پارتی قەت هەموو هێلکەکانی ناخاتە یەک سەبەتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەگەر دەستکەشفبوونەکەی خاڵی لاوازی بێت، ئەوا رێک پێچەوانەکەشی راستە کە نیشانەی ئەوپەڕی متمانەبەخۆبوونە.

قسەیەکی بەناوبانگی سلێمان دەمیرەلی سەرۆکی پێشووی تورکیا هەیە کە دەڵێ: "لە دیموکراسیدا، چارە کۆتایی نایەت"، راستییەکەی ئەو قسەیە بۆ پارتیش دەگونجێ کە لای پارتی چارە کۆتایی نایەت. یەکێتی وایدەزانی کە دەتوانێ ئۆکتۆبەرچییەکان و حەساسییەتی پارتی لەوبارەیەوە وەک کارتێکی فشار بەکاربێنێ، یان بەغدا و کەرکووک بە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستانەوە ببەستێتەوە و مەرجەکانی بەسەردا جێبەجێ بکات، بەڵام فاکتەری نێچیرڤان بارزانییان نادیدە گرتبوو کە نەک هەر نەیارەکان لەسەر یەک مێز دادەنیشێنێ، بگرە توانای ئەوەشی هەیە کە وا بکات وەزیری دەرەوەی ئێران لەکاتێکدا دەبوو لە بەغداوە راستەوخۆ بچێتە سلێمانی، پێشان بهێنێتە هەولێر و ئینجا بچێتە سلێمانی! یەکێتی لەوە تێگەیشتووە.

ئینجا رەنگبێ لەوەش تێگەیشتبن کە چۆن بیست و چوار سەعات دوای دانیشتنی بەرفراوانیان لەگەڵ پارتی، نێچیرڤان بارزانی بە سەرۆکایەتی شاندێکی باڵا (سەرباری ئەو ترافیکە قورسە دیپلۆماسییەی سەر هەولێر) گەیشتە گردی زەرگەتە و لەگەڵ گۆڕاندا کۆبووەوە و کۆبوونەوەکەشیان ئیجابی بوو!

وەرگرتنی سەرکردایەتیی شاندی دانوستاندنکاری پارتی و بەشداریی مەسروور بارزانی لە دانیشتنەکاندا (بەتایبەتیش لەگەڵ یەکێتی) دەرخەری ئەو راستییەیە کە پارتی لە هەموو بارودۆخێکدا توانای مانۆڕی سیاسی هەیە و هەردوو باڵەکەشی لەخزمەت یەک ئامانجدایە و گرەوی شتی دیکەیان لەسەر ناکرێت.

## لێرە کەس پێڵاو ناخوات!

3

لە 9ی ئەیلولی 2018، هەڵبژاردن لە یەکێک لە دیموکراتیترین سیستەمەکانی دنیا بەڕێوەچوو، لە سوید. 18ی کانوونی دووەم دوای 131 رۆژ، حکومەتێک کە بە قسەی چاودێرانی سیاسی لاوازترین حکومەتە لە مێژووی سویددا، متمانەی لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە وەرگرت.

ئەڵبەتە زۆربەی خەڵک دوای دانوستاندنە بێ ئاکامەکانی ئەو سێ مانگ و نیوەی رابردوو چاوەڕێی دووبارە بوونەوەی هەڵبژاردن بوون؛ هیچ لایەنێک، نە سۆسیال دیموکرات، نە هاوپەیمانی و نە راستڕەوەکان بە تەنها توانای پێکهێنانی حکومەتیان نەبوو. ئاخیرەن بەوە گەیشت حزبی سەنتەر کە بەشێک بوو لە هاوپەیمانیی دژ بە ستێفان لۆڤێن و سۆسیال دیموکراتەکان، لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکان رێککەوت و حکومەت پێکهات. ئەوەش لەکاتێکدا بوو کە سەرۆکی حزبی سەنتەر، ئانی لۆف، پێش هەڵبژاردنەکان لە هەڵمەتی پروپاگەندەی دژی سۆسیال دیموکراتدا دەیگوت:" تاکە پێڵاوی راستەی خۆم دەخۆم (ئاماژە بەوەی کە چ راستڕەوێکی جیدییە) ئەگەر بهێڵم ئەو ستێفان لۆڤنە لە حکومەت بەردەوام بێت!"

لەو یەک دوو رۆژە، بەردەمی بارەگای حزبی سەنتەر لە ستۆکهۆڵم پڕبووە لە تاکە پێڵاوی راستەی دەنگدەرانی کە سەرۆکی حزبەکە دوای پشتیوانی لە ستێڤان لۆڤن دەبێ وردە وردە بیانخوات.

لێرە لە کوردستان نە کەس تەڵاقی خواردووە و نە کەسیش لەو دیموکراسیەتە پلە دووەی ئێمەدا باسی پێڵاو و شتی وای کردووە، بۆیە بێخەم بن حکومەت بەو زووانە پێکدێت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# گۆڕان نابێتە پارتی

بزووتنەوەی گۆڕان وا دەردەکەوێ کە مەیلێکی بەهێزی هەیە بۆئەوەی ئەمجارە لە حوکمڕانیدا بەشداربێت. پارتیش نایشارێتەوە کە هاومەیلە لەگەڵ گۆڕان. بەڵام لەنێو هەردوو حیزبدا هەندێک هەن کە گومان و ترسیان هەیە لەو لێکنزیکبوونەوەیە. پارتییەکان جارێک دەستیان بە ئاگری شەراکەتی گۆڕان سووتاوە، ئەنجامەکەشی ئەو قەیرانە سیاسییە قووڵە بوو کە لە گەرمەی شەڕی داعشدا گۆڕان بە دنەدانی یەکێتی ئاگرەکەی داگیرساند. بۆیە پارتییەکان دەڵێن: خۆ ئەوکاتیش گۆڕان باسی چوار ساڵ ئارامی و سەقامگیری لە حوکمڕانیدا کرد، کەچی دواتر تێکیدا. ئێستا چی گۆڕاوە تا پارتی جارێکی دیکە گۆڕان سواری هەمان کەشتی بکاتەوە؟

باشییەکەی ئەوەیە کە ئەگەر لەنێو پارتیدا رای جیاوازیش هەبێت، لەکۆتاییدا ناوەندێکی بڕیاردانی بەهێزی هەیە کە دەتوانێ هەمووان لە دەوری یەکدی کۆبکاتەوە، بەڵام حاڵی گۆڕان تا ئەم دواییانەش بەوشێوەیە نەبوو. ئێستا ئەوانەی عەقڵیان نایبڕێ بزووتنەوەکەیان لەگەڵ پارتی رێککەوێت ئارگیومێنتێکی سادەیان هەیە: "ئەمە بکەین، دەنگدەرەکانمان پێماندەڵێن: گۆڕان بووەتە پارتی. ئەمەش خۆکوژییە". بەڵام خۆشبەختانە عاقڵمەندان و بڕیاربەدەستانی بزووتنەوەکە وا بیرناکەنەوە و دەزانن مانەوەی حیزبەکەیان و دەرچوواندنی لە شۆکی نەمانی نەوشیروان مستەفا (کە بەڕوونی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییەوە دیاربوو) پێویستی بەوەیە گۆڕان لەجیاتی دەرەوەی بازنە هیچ نەبێت لە چوار ساڵی داهاتوودا لەنێو بازنەی حوکمڕانیدا بێت.

هەندێک گۆڕانکاریی ئەرێنی لەنێو گۆڕاندا روویانداوە کە وادەکەن چارەنووسی بزووتنەوەکە وەکو یەکێتیی لێنەیەت و نەبێتە ماڵی فرەکوێخا. دوای کۆچی نەوشیروان مستەفا، هەست دەکرا گۆڕانیش بەو ئاراستەیەدا دەڕوات، بەڵام ئێستا بۆ پارتی روون و ئاشکرایە کە موخاتەبی لەنێو بزووتنەوەکەدا بریتییە لە کوڕەکانی نەوشیروان مستەفا و عومەری سەید عەلی و سەرکردایەتی ئێستای گۆڕان و ئەوانەی بڕیاری گۆڕانیان بەدەستەوەیە و دەیانەوێ لە چوار ساڵی داهاتوودا لەگەڵ پارتی بەپێی قەبارەی خۆیان و شتێک زیاتر شەریک بن لە حوکڕانیدا.

جاران ئەو یەکلاییبوونەوە و لێبڕاوییە بۆ رێککەوتن لەگەڵ پارتی قورس بوو بۆ گۆڕان. چونکە لە نێوەوەی بزووتنەوەکەدا هەندێک سەرکردەی پێشووی یەکێتی هەبوون کە وایانکردبوو فرەجەمسەری و رارایی لە بڕیارداندا هەبێ. وەهمێکیش لەنێو قاعیدەی گۆڕاندا هەبوو کە ئەگەر ئەو سەرکردانە نەبن، یەکێتی نیوەشەوێک لە سلێمانی گۆڕان قووتدەدات. بەڵام دەرکەوت وانییە و دوای دوورکەوتنەوەی ئەوانە، دۆخی گۆڕان لەجیاتی شڵەژان بەرەو سەقامگیری رۆیشتووە. هەرچەندە یەکێتی پێی بکرێت ئێستاش هەوڵدەدات گۆڕان نەیەتە نێو حوکمڕانییەوە و لە چوار ساڵی داهاتوودا هێندەی دیکە بچووک ببێتەوە، بۆیەش لەمڕۆژانەدا هانی هانییان لەسەر دروستدەکات و وای پیشاندەدات کە گۆڕان تەسلیمی پارتی بووە، بەڵام عاقڵمەندانی نێو گۆڕان دەزانن ئەو بایە لە کام کونەوە دێت.

دەتوانین بەوە وەڵامی ئەو پارتییانە بدەینەوە کە دوودڵن لە بەشداریی گۆڕان لە حوکمڕانیدا، بڵێین: جیاوازیی ئەمجارە لەگەڵ جاری رابردوو بۆ گۆڕان لەوەدایە کە مانەوەیان لە دەسەڵاتدا گەرەنتیی مانەوە و گەشەکردنەوەیان وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی دەکات و ئەمجارە گۆڕان لەبەر خۆی، نەک لەبەر چاوی کاڵی پارتی، لە حوکمڕانیدا دەمێنێتەوە و دەشتوانێت ببێتە شەریکێکی باش. ئەمەش بۆ پارتی باشە و بواری نەفەسێکی دەداتێ بەرامبەر یەکێتی، کە پێدەچێ لە رۆژانی داهاتوودا بەهۆی کێشە نێوخۆییەکانی و پێکنەهاتنیان لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان، بەتایبەتیش پۆستی جێگری سەرۆکوەزیران، کوێرە گرێیەکی دیکە لە گوریسی دانوستاندنەکان بدەنەوە.



ئازاد وەڵەدبەگی

# دوو وانەی گرنگ بۆ هەرێمی کوردستان

لە دوای رووخانی رژێمی بەعسەوە، ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی عێراق و هەرێمی کوردستان، بوونە گۆڕەپانی ململانێیەکی ئاشکرای نێوان ئێران و ئەمەریکا. هەرچەندە تاکوو ئێستا ئەو ململانێیە نەگەیشتووەتە ئاستی جەنگی راستەوخۆ، بەڵام جەنگی بە نوێنەرایەتی و جەنگی راگەیاندن و دەروونی لە نێوان هەردوولا بە گەرموگوڕی بەردەوامە. پاش هاتنە سەرکاری ترامپ، سیاسەتی ئەمەریکا بۆ دژایەتیکردنی ئێران شێواز و فۆرمێکی نوێی وەرگرت، وا چاوەڕوان دەکرێ لە مانگەکانی داهاتوودا، ئەم ململانێیە پێ بنێتە قۆناغێکی نوێ و تەنانەت ترسناک کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە دەبێت. بێگومان هەرێمی کوردستانیش بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیایی خۆی ناتوانێ لەم ململانێ و کێشانە بەدوور بێت و هەردوو لایەنی کێشەکە، دەیانەوێت بە جۆرێک لە جۆرەکان هەرێمی کوردستان پەلکێشی ناو ئەو ململانێیە بکەن.

هەر پەیوەند بەم بابەتە، لە چەند رۆژی رابردوودا هەولێر بینەری ترافیکێکی دیپلۆماسی قورس بوو، وەزیرانی دەرەوەی ئەمەریکا و ئێران بە جیاوازیی چوار رۆژ سەردانی هەولێریان کرد. ئەمەش گریمانەی ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە هەولێر گرنگییەکی تایبەتی هەبێت لە کێشە و ململانێکانی نێوان هەردوو وڵاتدا، بە تایبەت ئێران کە ئێستا لە ژێر گوشاری توندی سزاکانی ئەمریکادایە و هەوڵ دەدات عێراق و هەرێمی کوردستان هاوئاهەنگ بکات بۆ یارمەتیدانی و سووڕانەوە لە سزاکان و کەمکردنەوەی کاریگەرییان لەسەر ئێران. بە دیوێکی تریشدا، ئەمەریکا هەوڵدەدات هەولێر لەژێر کاریگەریی سیاسەتی ئێران دوور بخاتەوە و لە بازنەی هاوپەیمانەکانی خۆیدا بیهێڵێتەوە و، وەک پێگەیەک بۆ دژایەتیکردنی ئێران بەکاری بهێنێت.

بەمجۆرە دەبینین، هەرێمی کوردستان دەکەوێتە نێوان بەرداشی دوو سیاسەتی پێچەوانە و دژبەیەک لەلایەن ئێران و ئەمەریکاوە. لە هەمان کاتدا، بۆ هەرێمی کوردستانیش پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو لایەنی کێشەکە گرنگیی تایبەتی هەیە کە ناتوانێ دەستبەرداری بێت و هەموو هێلکەکانی خۆی بخاتە سەوەتەی لایەنێکەوە. لە دۆخێکی وەهادا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، ئاخۆ دەبێ هەرێمی کوردستان چ جۆرە سیاسەتێک بگرێتەبەر کە بتوانێ وێڕای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، پەیوەندیی دۆستانەشی لەگەڵ هەر دوو جەمسەری ململانێکە بپارێزێت؟ ئەگەر سەرنجی سیاسەتی جیهانی بدەین، دوو نموونەی زیندوو و بەرچاو هەن کە دەکرێ هەم هەرێمی کوردستان و هەم عێراقیش (بە هاوکاریی یەکتر) سوودی لێ ببینن بۆ داڕشتنی سیاسەت و پلانی کارکردنی خۆیان، بە جۆرێک کە سیاسەتێکی هاوسەنگ و دۆستانە لە بەرامبەر هەردوو لایەنی کێشەکە بگرنەبەر و، وێڕای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هاوسەنگیی لەنێوان ئێران و ئەمەریکادا ڕابگرن.

یەک لەو نموونانە فنلەندایە کە سیاسەتی دێرینی ئەو وڵاتە پاراستنی سەقامگیری و ئاشتی بووە و توانیویەتی سیاسەتێکی سەرکەوتووانەی بێلایەن هەر لە سەردەمی جەنگی سارد لە نێوان بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بگرێتەبەر، بە جۆرێک نەک هەر وڵاتەکەی لە جەنگ و ململانێ بەدوور ڕاگرتووە، بەڵکوو بووەتە خاڵی بەیەکگەیاندنی هەردوو زلهێزی جیهانیی ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەت-ڕووسیا. فنلەندا، زۆر جار میوانداریی دانیشتنە هەرەگرنگەکانی سەرانی هەر دوو وڵاتی کردووە، نەک هەر ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیریی بۆ فینلەندا دەستەبەر کردووە، بەڵکوو رۆڵی هەبووە لە چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی و جیهانی. دوو فاکتەری سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەیی فنلەندا بریتین لە: سەقامگیری و هاوکاری. هەربۆیە، ئامانجی ئەو وڵاتە بە پلەی یەکەم بریتییە لە پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندیی فنلەندا و پاشان ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بە تایبەت لە کیشوەری ئەورووپا. بۆ ئەم مەبەستە، لە ئەنجامی هەوڵەکانی فنلەندا کۆنفرانسی ئاسایش و هاوکاریی هێلسینکی لە ساڵی 1975 بەسترا کە رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە هێورکردنەوەی گرژییەکانی سەردەمی جەنگی سارد و لێکگەیشتن و نزیککردنەوەی دیدگاکانی هەر دوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا و چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی.

فنلەندا، وەک وڵاتێک کە لە نێوان پاشایەتی سوید و ئیمپراتۆری رووسیادا هەڵکەوتووە، بە درێژایی مێژوو گۆڕەپانی چەندین جەنگ بووە لە نێوان هەر دوو وڵات، بۆ خۆشیان چەندین جار چ لە سەردەمی حکومەتی قەیسەری و چ لە سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت لەگەڵ رووسیادا شەڕیان کردووە و، لەم رووەوە زۆر لە هەڵکەوتەی جوگرافیی هەرێمی کوردستان دەچێت. لە ساڵی 1809 پاش ئەوەی کە فنلەندا 700 ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی سوید بوو، کەوتە بندەسەڵاتی رووسیا. پاش جەنگی دووەمی جیهانی، سیاسەتی دەرەکیی فنلەندا لەسەر بنەمای پاراستنی پەیوەندیی باش و دۆستانە لەگەڵ رۆژئاوا و بە تایبەت ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤیەت بنیاتنرا. فنلەندا بە درێژایی ساڵانی رابردوو، چەندین جار میوانداریی دانیشتنی سەرانی ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤیەت-رووسیای کردووە، وەک دانیشتنی جیراڵد فۆرد- برژنێف لە ساڵی 1975، دانیشتنی بوش (باوک)-گۆرباچۆڤ لە ساڵی 1990، دانیشتنی کلینتن-یەڵتسین لە ساڵی 1997 و دانیشتنی ترامپ-پۆتین لە ساڵی 2018 و چەندین دیداری دیکە لە نێوان بەرپرسانی باڵای ئەو دوو وڵاتە.

نموونەی دووەم، وڵاتی عومانە لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئەم وڵاتە بچووک و بە رواڵەت پەراوێزخراوە کە لە کەنارەکانی باشووری کەنداو هەڵکەوتووە، رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە هاوکێشە ئاڵۆزەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. عومان لە لایەکەوە، ئەندامی ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداوە و لە مانۆڕە سەربازییەکانی ئەو وڵاتانە و ئەمەریکا، پاکستان و هیندستاندا بەشداریی دەکات، لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکی دۆستانە و توندوتۆڵیشی لەگەڵ ئێراندا هەیە. لە چەند هەفتەی رابردوودا سوڵتان قابووس پێشوازی لە بنیامین نەتەنیاهۆ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل کرد و تەنیا چوار رۆژ پێش ئەم دیدارە، جێگری سیاسی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە سەردانی تارانی کردبوو. ئەمەش دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە سەربەخۆ و بێلایەنەیە کە هەر لە دەیەی حەفتا سوڵتان قابووس گرتوویەتیەبەر و بووەتە ستراتیژییەکی چەسپاو لە سیاسەتی دەرەکیی عوماندا. هەرچەندە عومان ئەندامی ئەنجوومەنی هاوکاریی کەنداوە، بەڵام لە ململانێ ناوچەییەکانی سعوودیە لەگەڵ ئێران نەچووەتە ناو کەمپی سعوودیە. هەروا خۆی نەکردووەتە لایەن لە کێشەکانی عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەن. عومان ئامادەیە دەستی هەموو لایەنەکانی کێشە بگوشێت و وەک نێوانگیر رۆڵ بگێڕێت، لەم رووەوە لە چەندین کێشەی ئاڵۆزدا رۆڵی ئەرێنیی گێڕاوە، وەک ئازادکردنی مەلەوانە بەریتانییەکان و زیندانییە ئەمەریکییەکان لە ئێران، گەیاندنی پەیامە نهێنییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا بۆ ئەنجامدانی رێککەوتنی ئەتۆمیی نێوان هەردوو وڵات، رۆڵی لە نزیککردنەوەی ئیسرائیل-فەلەستین، رۆڵی لە گفتوگۆ نهێنییەکانی ئاگربڕی جەنگی هەشت ساڵەی ئێران- عێراق، ناوبژیوانی لە نێوان ئێران-سعوودیە پاش ساڵی 1988 و ئێران-میسر و هتد.

لە هەموو ئەو هەنگاوانەی کە باسکران، هەم فنلەندا و هەم عومان وێڕای پاراستنی بەرژەوەندی و بەرزکردنەوەی پێگەی سیاسی و دیپلۆماسیی وڵاتەکانیان، توانیویانە رۆڵێکی گرنگ و کاریگەریش بگێڕن لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە سیاسییە ئاڵۆزەکانی جیهان. ئایا هەرێمی کوردستان، لەو دۆخە تایبەتییەی کە لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێراندا هاتووەتە ئاراوە، چۆن دەتوانێ وێڕای پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان، نەبێتە لایەن لەو کێشانەی کە لە نێوان هەردوو جەمسەری ململانێکەدا هەن؟ سیاسەتێکی دەرەکیی کارا لەسەر بنەمای بێلایەنیی ئەرێنی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بە هاوئاهەنگیی لەگەڵ عێراق (بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی فنلەند-عومان)، دەتوانێ چوارچێوەی گشتیی هەڵسوکەوتی هەرێم لەگەڵ هەر دوو جەمسەری ململانێکە دیاری بکات، بە جۆرێک وێڕای پابەندبوون بە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا وەک پارێزەری هەرێمی کوردستان، پەیوەندیی ئەرێنی و دۆستانەی سیاسی-ئابووریی خۆی لەگەڵ ئێرانیش بپارێزێت. ئەولەویەتی سیاسەتی دەرەکیی هەرێم، دەبێت وێڕای پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندییە دژیەکەکانی ئێران و ئەمەریکا، پاراستنی بەرژەوەندی و سەقامگیریی هەرێم بێت و مەترسییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان دوور بخاتەوە. فنلەندیزەکردن یا عومانیزەکردنی سیاسەتی دەرەوەی هەرێم، وێڕای بەرزکردنەوەی پێگەی سیاسی-دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکان و ململانێی نێوان جەمسەرەکان، دەتوانێ ئاسۆیەکی نوێ بەڕووی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستاندا بکاتەوە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی روودا نین.

RÛDAW



هانی: گۆرانییە نوێیەکەم قسەی دڵی من و کۆچبەرانە

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا hhimati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net

# وەرداشەکەی رواندز بە زیندوویی پەیکەری بۆ دروستکرا

15 گەنجی خۆبەخش خزمەتی وەرداش دەکەن



وەرداش 25 ساڵە لە ژێرزەمینێکدا دەژی





**مەهدی محەممەد رواندزی**
**رووداو – رواندز**

لە بەردەم پەیکەرەکەیدا وەستابوو، جاروبار سەیرێکی دەکرد و بزەیەکی دەهاتێ، پاشان بە قسەیەک دەوروبەرەکەی دەهێنایە پێکەنین. پیاوێکی سەروریشسپی کە لە مەراسیمی پەردەلادان لەسەر پەیکەری وەرداش ئامادە بوو، دەیگوت خودا وەرداشی بۆ دڵخۆشکردنی خەڵکی رواندزێ دروستکردووە.

رۆژی 2019/1/15 لە رواندز پەردە لەسەر پەیکەری (وەرداش.. خۆشەویستی شار) لادرا. پەیکەرەکە لەلایەن قوتابیان (میڤان دارا و ئازاد سەلاحەددین )ەوە دروستکرابوو کە هەردووکیان قوتابی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی رواندزن.. مامۆستا دانا مستەفا بەڕێوەبەری پەیمانگەکە دەڵێت :"ئەم پەیکەرە وەفایەکە بۆ وەرداشی خۆشەویستی شار، چونکە ئەو لە دڵی هەر تاکێکی ئەو شارەدا دەژیت و خەمخۆر و دڵسۆزی ژینگە و سروشتی شارەکەیە.

## وەرداش کێیە؟

مستەفا ئیبراهیم خدر، تەمەن 65 ساڵ، خەڵکی شار بە وەرداش ناوی دەهێنن. باوکی وەرداش تا ئەو رۆژەی بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی بەعس کوژرا، بە شوانێتی خێزانەکەی دەژیاند. پێش ئەویش دایکی و برایەکی بچووکی مردبوو، بەڵام وەرداش بەهۆی بینینی مەرگی باوکی، ژیانی بە تەواوی تێکچوو. دوای ئەو رووداوە، وەرداش زێدی لە دایکبوونی (گوندی گەرەوان) جێدێڵێت و دەچێتە گوندی ئاکۆیان، لەوێ دەبێتە شوانی مەڕدارێکی گوندەکە. شەرتەکەشیان ئەوە بووە شەش ساڵ شوانەتی بۆ بکات و کابرای مەڕدار کچێکی خۆی بداتێ، بەڵام دواتر پاشگەز دەبێتەوە، ئەمەش وا دەکات وەرداش باری دەروونی زیاتر تێکبچێ.

## خۆشەویستەکەی شار

هەموو بەیانییەک لەگەڵ دەرکەوتنی تیشکی خۆر، وەرداشیش دەگاتە نێو بازاڕ و بە گۆرانی و قسەی خۆش، دووکاندار و کڕیار و رێبواران دڵخۆش دەکات. دواتریش بەبێ ئەوەی کەس پێی بڵێ بەشێک لە کوچە و کۆڵانەکانی رواندز پاکدەکاتەوە. لە هاوینانیشدا دار و درەختەکانی شار ئاو دەدات.

نووری بێخاڵی، نووسەر و رۆژنامەنووس لە وەسفی وەرداشدا دەڵێ: "وەرداش کە خۆشەویستی بچووک و گەورە و منداڵ و پیر و ژن و پیاوی رواندزە، بە کۆمەڵێک خەسڵەتی جوان دەناسرێتەوە، بێوەی، هێمن، پاک، میهرەبان، خۆش مەشرەب. لەهەمووشیان گرنگتر دۆستی ژینگەیە. نە ئەو بەبێ رواندز هەڵدەکات و نە رواندزیش بێ وەرداشی لێدێت. ئەو بووەتە ئایکۆنێکی کۆمەڵایەتیی دڵگیر".

## دایکێکی وەفادار

لە سەردەمی شەڕی ناوخۆ، ژێرزەمینی ماڵی (جەبار مام شێخ) دەبێتە پەناگەیەکی ئارام بۆ خۆیان و دراوسێکانیان، لە ئێوارەیەکی درەنگدا کە تۆپبارانێکی سەخت لەسەر شارەکە دەبێ. وەرداش لەترسی تۆپبارانەکە دەچێتە ژێر زەمینی ماڵی مام جەبار، ئیدی لەو رۆژەوە تاوەکو ئێستا ئەم ژێرزەمینە بووەتە شوێنی مانەوەی وەرداش.

حەبیبە خدر کە هاوژینی مام جەبارە، بە (رووداو)ی گوت: "ئەو رۆژە مستەفا زۆر ترسابوو، لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە هاتنە ژێرزەمینەکەی ئێمە، شەو لە تەنیشت من خەوت، بەیانییەکی زوو رۆیشت، دوای ماوەیەک هاتەوە و دوو بەتانیشی پێبوو، جەباریش بە منداڵەکانی گوت ئاگاداری بن و دەرینەکەن، دیارە ئەویش لە ترسی رووحی خۆی هاتووەتە ئێرە، لەو رۆژەوە تاوەکو ئێستا لەو ژێرزەمینە دەژیت".

بەر لە مردنی، مام جەبار وەسیەت دەکات وەک ئەندامێکی خێزانەکە سەیری وەرداش بکرێت و مردن و ژیانی لەگەڵ ئەوان بێ و هەر کاتێکش مرد، لەتەنیشت گۆڕەکەی ئەوە بنێژرێت، بۆیە دایکە حەبیبە و کوڕەکانی تا ئێستا کار بە وەسیەتەکەی جەبار دەکەن و زیاتر لە 25 ساڵە وەرداش بەخێودەکەن.

پوورە حەبیبە دەڵێت: "پێشتر دوو جار پۆلیس هاتووە و داوایان کردووە کە وەرداش بگوازنەوە بۆ خانەی بەساڵاچووان، بەڵام من رەتمکردەوە و پێمگوتن تا من لە ژیاندا بم، وەرداش بۆ هیچ شوێنێک ناچێ".

## گەنجان چاویان لە وەرداشە

جگە لە ماڵی مام جەبار، زیاتر لە 15 گەنجی دیکەی شارەکە، بە شێوەیەکی خۆبەخشانە ئەرکی شووشتن و چاودێریکردنی وەرداشیان لە ئەستۆ گرتووە.

هجوم ئیلیاس یەکێک لەو گەنجانەیە و ساڵانێکە خزمەتی وەرداش دەکات. ئەو لەگەڵ گەنجەکانی دیکە، دوو هەفتە جارێک قۆڵی وەرداش دەگرن و دەیبەنە مزگەوتێکی رواندز بۆ ئەوەی لەوێ بیشۆن. هجوم دەڵێت: "وەرداش زۆر رقی لە خۆشووشتنە، بەڵام بە هەر چۆ نێک بێ دەیبەین بۆ مزگەوت و دەیشۆین".

هەروەها دەڵێت :"جگە لە ئێمە، زۆربەی دووکاندارەکانی رواندز هاوکاری دەکەن، هەر لە ئێستاوە دوو قاتی نوێی بۆ هاتووە. هەموو شتێک لە دووکانەکانی رواندز بۆ وەرداش بەخۆڕاییە".

وەرداش بە پێچەوانەی زۆر لەوانەی وەکو ئەون، پارە لە کەس وەرناگرێ، لە جیاتی ئەوە بنێشت دەفرۆشێ، دوو بنێشت بداتە هەر کەسێک 1000 دیناری لێوەردەگرێ.

## 10 بەتانی بەخۆیدا دەدات

شوێنی مانەوەی وەرداش وەک پێویست نییە، خەڵکانێک پێیانوایە بەر لە دروستکردنی پەیکەر بۆی، دەبووایە شوێنی حەوانەوەی باشتر بکرابا. دایکە حەبیبە دەڵێت وەرداش بە هیچ شێوەیەک قبوڵ ناکات سۆبەی نەوت لە ژوورەکەیدا هەبێ. شوێنەکەی زۆر ساردە، شەوان 10 بەتانی بەخۆیدا دەدات. بۆیە داوا لە خێرخوازان دەکات کە شوێنەکەی بۆ چاک بکەن و هەر هیچ نەبێ سپلیتێکی بۆ دابنێن".

